# هونەری ڕۆژنامەنووسی

**هەواڵ ــ ریپۆرتاژ ــ گفتوگۆ ــ وتار**

# هونەری ڕۆژنامەنووسی

## هەواڵ ـ ڕیپۆرتاژ ـ گفتوگۆ ـ وتار


**کاروان عەلی**


٢٠٠٤


خەندان
بۆ پەخش و وەشاندن

**زنجیرەی بەرهەمی ڕۆژنامەوانی (١)**

- ناوی کتێب: **هونەری ڕۆژنامەنووسی**
- نووسەر: **کاروان عەلی قادر**
- چاپ: **چاپی یەکەم سلێمانی**
- دیزاینو بەرگ: **شۆڕش ئەحمەد**
- ژمارەی سپاردن: **(٦٧٩)**
- تیراژ: **(١٢٠٠) دانە**
- چاپخانە: **چاپخانەو ئۆفسێتی بەدرخان**

# پێشەکی

کتێبخانەی کوردی لە بنچینەدا کتێبخانەیەکی هەژارە نەخاسمە لەبواری ئەدەبیاتی رۆژنامەوانیدا. بگرە کتێبخانەی ماڵی رۆژنامەوانەکانیش بەگەورەو بچووکیانەوە بایی ئەوەندە کتێبو سەرچاوەی بواری رۆژنامەوانی تێدانییە تەنانەت بەزمانەکانی تریش کە مرۆڤ دڵی بەوە خۆش بێت رۆژنامەوانەکانمان بەخوێندنەوەی سەرچاوە گەلی لەو بابەتە دەبنە خاوەن پشتخانێکی رۆشنبیریی بواری میدیا کە بەخێر بۆ بوارەکە بگەڕێتەوەو نەوەی دووەمی دوای خۆیان لەدەستی دووەمەوە شتێک فێرببن.

بۆیە هێنانی کتێبو سەرچاوەگەلی تایبەت بەژانەری رۆژنامەوانی، دەوڵەمەندکردنی هیچ نەبێ کتێبخانەی ناوەندە فەرهەنگییەکان، زانکۆو پەیمانگەکانی وڵات بەو باسوخواسانە خزمەتێکی گەورەیەو خاوەنەکانیان شایەنی دەستگوشینو پیرۆزبایی لێکردنن. جا واوەتریش بڕۆین لەرەوشێکی وادا رۆژنامەوانێکی بواری خوێندنی ئەکادیمیو خاوەن ئەزموونێکی پراکتیکی روو لەگەشەی زیاتر بێتو کتێبێک لەسەر هونەرەکانی رۆژنامەوانیو لقو پۆپەکانی بنووسێو بە سەلیقەیەکی ئەکادیمیانەو هێنانەوەی نموونەی خۆماڵی ئەو کتێبە دانسقەیەی خۆی پایەدار بکات ئەوا بێگومان ئەرکێکی سەرباری بۆ جێبەجێ کردووینو خزمەتێکی دووقاتی بەئەدەبیاتی نەداری رۆژنامەوانی کوردی کردووە.

بەگوێرەی ئاگاداری بەندە ئەمە سێیەم هەوڵی کاک کاروان عەلی-یە لەمیانی ئەدەبیاتی رۆژنامەوانیدا، پێشتر لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر رۆژنامەوانی حزبی نووسی، کتێبێکیشی لەسەر هونەری ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو ئەم کتێبەش باسێکی فراوانترو بەپێزترە لەسەر هەمان رێچکەی دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتەکەمان.

بایەخی ئەم کتێبەی کاک کاروان بەپلەی یەکەم لەوەدایە کە خاوەنەکەی هەردوو ئەزموونی ئەکادیمی (وەک دەرچووی بەشی رۆژنامەنووسی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانیو هەروەها خوێندکاری بەشی راگەیاندنی کۆلێژی



زانستە مرۆییەکانی زانکۆی سلێمانی) و ئەزموونی پراکتیکی (وەک رۆژنامەوانێکی چالاکی رۆژنامەی کوردستانی نوێو هەڵسوڕاوێکی پلە یەکی رۆژنامەی ئاسۆ) تێکەڵ کردووەو خستوویەتیە خزمەتی هەرچی چاک نووسینی کتێبەکەیەوە.

باسەکەی نە هەندێک وشەی وشکو برنگی گیان مردووی ئەکادیمییەو نە هەندێک هێڵ کێشانی نزیک بەشەڕە پشیلەی فۆلکلۆرییە. ئەو لێرەدا گۆشتو خوێنو ئێسقانی تێکەڵ بە رێرەوی باسوخواسی زانستی رۆژنامەوانی کردووە بەجۆرێک ناتوانین لێکیان جیابکەینەوە. بەڕوونی هەست دەکەین خاوەنی ئەم کتێبە کەڵکێکی چاکی لەخوێندنی دوو قۆناغی خۆی بینیووە. لێرەدا دەبێ دانی پێدابنێم کە ئێمەی رۆژنامەوانانی کەلەڕێ کەڵەکەکردنی ئەزموونی واقیعەوە فێری پیشەکە بووین هەمیشە هەوڵدەدەین لەبایەخی ئەم باسانە کەم بکەینەوە بەبیانووی ئەوەی رۆژنامەوانی بەهرەو هونەرەو بەچوونە بەرخوێندن هیچی لێ کەم یان زیاد ناکرێت، لەکاتێکدا هەرئەو واقیعە خۆی پێمان دەڵێ چوونە بەرخوێندن نموونەکانمان بۆ دەگێڕێتەوەو رێی دووری ئەزموون پەیداکردنمان بۆ کورت دەکاتەوە. ئەمڕۆ تەنانەت گۆرانی گوتنیش کە پشت بەبەهرەی قوڕگو لەرەی دەنگی هونەرمەند دەبەستێت، بۆتە خوێندکاری ژێری بواری خوێندنی ئەکادیمیو ملکەچی راسپاردەو بڕیاری نۆتەکانی مۆسیقا بووە چ جای بواری رۆژنامەوانی.

دڵنیام خوێنەری ئەم کتێبەو بەتایبەتیش فێرخوازی رۆژنامەوانی کەڵکێکی چاکی لێ وەردەگرێ. بۆیە جێی خۆشحاڵی ئێمەیە لە (خەندان بۆ پەخشو وەشاندن) ئەم بەرهەمە وەک یەکێک لەزنجیرە بڵاوکراوە رۆژنامەوانیەکان چاپ بکەینو بیکەینە دیاری بۆ کتێبخانەی کوردی. پیرۆزباییەکی گەرم لەهاوکارمان کاروان عەلی دەکەینو بەهیوای بەرهەمی زیاتر.

**ستران عەبدوڵڵا**

# بةشى يةكةم

## هەواڵ

گرنگی‌و سەرەتاکانی

پێناسەو پێکهاتەی هەواڵ

رەگەزەکانی هەواڵ

بەهاکانی هەواڵ

پۆلینکردنی بەهای هەواڵ

سەرچاوەکانی هەواڵ

جۆرەکانی هەواڵ

چۆنیەتی دەستکەوتنی هەواڵ

نووسینی هەواڵ

راپۆرتە هەواڵ

سەرچاوەکانی راپۆرتە هەواڵ

# هەواڵ

## گرنگیو سەرەتاکان

نابێ ئەوەمان لەبیربچێ کە هەواڵ گەیاندن ئەرکی یەکەمی هەموو رۆژنامەیەکەو لەسەرەتاشدا رۆژنامە هەر بۆ ئەم مەبەستە دەرچووە، وەك دەریش دەکەوێ لە رۆژنامەدا یەکەم شت کە بڵاودەکرێتەوەو زیاتر بایەخی پێدەدرێ هەواڵە، چونکە دەتوانین بڵێین هەواڵ پردێکە لە نێوان خودو دەوروبەردا، واتا بەهۆیەوە لە هەموو پێشهاتو رووداوەکانی دەوروبەر ئاگادارو تێکەڵ دەبین، تەنانەت دەشێ بڵێین هەواڵ بنچینەی هەموو کارو هونەرێکی رۆژنامەنووسییە، بۆ نموونە بێ هەواڵ وتاری تەحلیلی نانوسرێو ریپۆرتاژی زیندووش ئامادەناکرێ، بگرە وێنەی رۆژنامەنووسیی رۆژانەش ناگیرێ.. کەواتە هەواڵ بابەتی سەرەکیی رۆژنامەیەو سەرچاوەیەکیشە بۆ هەموو بابەتەکانیتر.

مرۆڤ بەسروشتی خۆی حەزدەکا هەموو هەواڵێك بەخێراییو بێ دواکەوتنو بەتەواوی وردەکارییەکانیەوە بزانێ، کە بێگومان دەبێ تازەش بن. ئەمەش وایکردووە مەرجی خێرایی پەیداکردنی هەواڵو بڵاوکردنەوەی، خۆی بەسەر کاری رۆژنامەگەریدا بسەپێنێ.

ئێستا هەواڵ، بۆتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی کۆمەڵدا، تەنانەت وای لێهاتووە بازرگانیی پێوەدەکرێو چەندین کۆمپانیای گەورەو جیاوازی ئەم بوارە بێتە ئاراوە، وەك ئاژانسەکان. کەواتە هەواڵ جگەلەوەی بەشێکی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیمانە، لەهەمان کاتدا بۆتە کۆڵەکەیەکی بواری ئابووریو هەزاران کەس بەکڕینو فرۆشتنی هەواڵەوە خەریکنو ژیانیان لەسەر ئەم کارە بەندە.



بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی کە مرۆڤایەتی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەخۆوەی بینیوە، ئێستا هەواڵیش وەك لایەنێکی ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕانکاریی تەواوی بەسەردا هاتووەو لەو شێوە سادە تەقلیدییەی جارانی دەرچووەو بۆتە زانستێك کە دەیان پەیمانگاو سەنتەری بۆ تەرخانکراوەو لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا دەخوێندرێ. ئەمە جگەلەوەی کە هەربەهۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکەوە رێگاو هۆکارەکانی گواستنەوەی هەواڵیش گۆڕاوەو وەرچەرخانێکی گەورەی چۆنایەتیو چەندایەتیشی بەخۆوە دیوە، واتا گواستنەوەی زۆر ئاسان بووە.

لەکاری رۆژنامەنووسیشدا، هەواڵ بە کۆنترین هونەری ئەم کارە دادەنرێو بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەو بارەی ئێستای. دەشتوانین بڵێین سەرهەڵدانی هەواڵ هاوکاتە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤایەتیو لەسەرەتادا تەنها بەشێوەی دەربڕینی هێماو دروشمەکان بووە، واتا بە هۆی بەکارهێنانی ئەندامەکانی لەش یاخود بەشێوازی دیکەی وەك ئاگرکردنەوەو دەهۆڵ کوتانو هەڵکۆڵینو ..تد بووە. بەڵام دوای سەرهەڵدانی زمانەکانی قسەکردن، پەیوەندیی نێوان تاك لەگەڵ تاكو تاك لەگەڵ کۆمەڵ فراوانترو پتەوتریش بوو.

بە پەیدابوونی نووسینیش ، ئەم بوارە وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینیو پەیوەندیی مرۆڤایەتی (هەواڵ) چووە قۆناغێکی نوێوە.

هەڵەش نابێ ئەگەر بڵێین سەرەتای نووسینی هەواڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جموجۆڵە بازرگانیەکانی شاری (ڤینیسیا)ی ئیتاڵیا، واتا سەدەکانی ١٣، ١٤و ١٥. لەو کاتەدا خەڵکانێك خۆیان بەم کارەوە خەریك کردو هەواڵی نووسراویان لەبارەی رێڕەوو کاتی گەیشتنی کەشتییەکانو باری کەشو هەواو نرخی کاڵاکانو هی تریش بە بازرگانەکانو خەڵکیش دەفرۆشتەوە.

کاتێکیش لە ساڵی (١٤٣٦ز)دا ئامێری چاپ دروستکرا، پیشەی هەواڵ فراوانتربوو و گەیشتە رادەی دەرچوواندنو دامەزراندنی بڵاوکراوەکان بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هەواڵ بە زۆرترین رێژە. هەروەها لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٩)دا بەسەرهەڵدانی تەلەگرافو سەرەتای سەدەی بیست-یش بە سەرهەڵدانی رادیۆ، بواری هەواڵ بەرادەیەکی زۆرتر گەشەیکرد تا گەیشتە ئەو قۆناغەی ئێستای کە گواستنەوەو گەیاندنی هەواڵ لەرێگەی مانگە دەستکردەکانەوە بە ماوەیەکی یەکجار کەم ئەنجام دەدرێ.

## پێناسەو پێکهاتەی هەواڵ

لەراستیدا هەواڵ چەمکێکی فراوانەو رەنگە پێناسەیەکی کورتی سنووردار، تەواو حەقی خۆی نەداتیو نەتوانێ بەتەواوی روونی بکاتەوە. دەتوانین بڵێین پێناسەکردنی هەواڵ کارێکی گرانەو لە هەمان کاتیشدا ئاسانە.. چۆن؟

گرانییەکەی یا زەحمەتییەکەی لەوەدایە کە پسپۆڕانو شارەزایانی بواری هەواڵ هەریەکەو بەبۆچوونو تێڕوانینی خۆیانەوە پێناسەی هەواڵ دەکەنو لەنێوان خۆشیاندا لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو رێکنەکەوتوون.

ئاسانییەکەی پێناسەکردنی هەواڵیش لەوەدایە کە بەحوکمی ئەوەی هەواڵ چەمکێکی فراوانە، ئەوا رەنگە هەر پێناسەیەکی بۆ بکرێ بەمەرجێ بەشێك لەرەگەزەکانی هەواڵ لەخۆبگرێ، ئەوا راستە.

لێرەدا سەرەڕای زۆریی ئەو پێناسەی کە بۆ هەواڵ کراوە، چەند پێناسەیەك دەخەینەڕوو کە رەنگە رۆڵی خۆی ببینێ لە ناساندنی چەمکی هەواڵ:

-هەواڵ ئەو شتەیە کە جێی بایەخو سەرنجی خەڵك بێت.



-تێرنەر کانلگ-ی رۆژنامەنووسی پێشووی رۆژنامەی نیویۆرك تایمز-یش پێی وایە کە هەواڵ "هەر شتێکە پێشتر نەتزانیوە، یا بیرت چووە، یا تێی نەگەیشتووی".

لەلایەکی دیکەش، ئەلبرت ل. هستەرو وای لان جو دانەرانی کتێبی رێبەری رۆژنامەنووسیی لەجیهانی سێ، هەواڵیان بەپێی جیهانیی سیاسیی دابەشکردووەو پێیان وایە هەواڵ "لە جیهانی یەك بریتیە لە جەنگو ململانێکان، بۆ نموونە ئەگەر بێتو خەڵك لەناو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی شارەوانی یا پەرلەمان یا لەشەقامەکانو گۆڕەپانی جەنگەکاندا، شەڕیانکرد، ئەوا چانسێکی باش لەئارادایە بۆ بوونی هەواڵ".

هەندێك رۆژنامەنووس پێیان وایە هەواڵ "ئەو شتەیە کە قسەو مشتومڕ لەنێوان خەڵکدا دەورووژێنێ".

هەندێکیش وای بۆدەچن کە هەواڵ "ئەو شتەیە کە ئەمڕۆ لات ئاشکرا دەبێو تا دوێنێ نەتدەزانی". یاخود بۆچوون هەیە دەڵێ هەواڵ "تۆمارکەری هەر پێشکەوتنێكو گۆڕانکارییەکە". یا هەواڵ "گەیاندنی هەر زانیارییەکی تازەیە".

بۆچوونی تریش پێی وایە هەواڵ "گێڕانەوەی ئەو رووداوانەیە کە دوێنێ نەبیستراون". یا دەشووترێ کە هەواڵ "وەصفێکی بابەتییانەی رووداوێکە".

لەرووی پێکهاتەشەوە، هەواڵ لە چەند بەشێك پێکدێت.. بەشێکیان دەروازەیە بۆ چوونە نێو هەواڵەکە یا بۆ دەستپێکردنی هەواڵەکەو دوایش ناوەرۆکی هەواڵ دێو ئنجا کۆتاییەکەی.

پێویستە هەموو هەواڵێکی تەواویش، وەڵامی ئەگەر هەموویش نەبێ، زۆربەی پرسیارە سەرەکیەکان بداتەوە کە بریتین لە (کێ؟ چی؟ کەی؟ لەکوێ؟ بۆ؟).

## رەگەزەکانی هەواڵ

زانینی رەگەزە سەرەکییەکانی هەواڵو دەرککردن بەبایەخو گرنگیی ئەم رەگەزانە لەبنیاتنانی هەواڵێکی تەواوو بێ کەموکوڕیی، زۆر پێویستە بۆ بەئاگابوونو بەدواداچوونی شێوەو شێوازەکانی هەواڵ.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە بۆچوونەکانی (جۆزیف پۆلیتەرز)ی رۆژنامەنووسی دێرینو بەتوانا بکەین کاتێك ئامۆژگاریو رێنمایی پەیامنێرو رۆژنامەنووسەکانی دەکردو پێی رادەگەیاندن کە دەبێ بەدوای ئەو هەواڵانەدا بگەڕێن کە ئەم سیفەتانەی هەبێت:

١-رەسەن.

٢-دیاربێ.

٣-رۆمانسی بێ.

٤-هەست بزوێنەر بێ.

٥-دەگمەن بێ.

٦-سەرنج راکێش بێ.

٧-کۆمیدی بێ.

٨-سەیربێ.

٩-شایانی تێبینی بێ.

پۆلیتەرز توانی رەگەزە سەرەکییەکانی هەواڵ لەسەردەمی خۆیدا بەگوێرەی پێوەرو پێوەندە رۆژنامەنووسییەکان، دیاری بکا کە ئێستاش لە رۆژنامەگەریدا تا رادەیەکی زۆر پشتی پێ دەبەسترێو کاری پێدەکرێ.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، دوای پۆلیتەرز، توێژەرو شارەزایانی بواری هەواڵ، جەخت لەسەر ئەو رەگەزە بنەڕەتیانەی خوارەوە دەکەن[1]:



**١-هەنووکەیی -تازەیی- (نزیکیی کات):**

لە زۆر لە نێوەندە رۆژنامەنووسییەکاندا دەووترێ " هەواڵی دوێنێ بۆ ئەمڕۆ هەواڵ نییە". واتا یەکێك لەرەگەزە سەرەکییەکانی هەواڵ ئەوەیە کە دەبێ تازەبێو لە هەمان کاتدا بۆ ماوەیەکی کورت بێ. چونکە هەواڵ گەر ماوەیەکی بەسەردا بڕوات نابێ بە هەواڵ.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە وشەی رۆژنامەنووسیی یا رۆژنامەگەریی (JOURNALISM) سەرچاوەکەی لە وشەی (DIURNALIS)ی لاتینییەوە هاتووە کە مانای رۆژانە (DAILY) دەگەیەنێ. هەر لەبەر ئەوەش بەشێوەیەکی گشتی وا دەڕوانرێتە رۆژنامەگەریی کە راپۆرتێکی رۆژانەیە لەسەر رووداوەکان. تەنانەت ئێستا وای لێهاتووە بەهۆی ئامێرەکانی رادیۆو تەلەڤزیۆنو تۆڕی ئینتەرنێت-یش، زۆربەی ئەو هەواڵانەی لە رۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوە، کۆن بووەو باوی نامێنێ، بۆیە لێرەدا هەر رۆژنامەیەك پێویستە سەرچاوەی تایبەت بەخۆی هەبێ بۆ پەیداکردنی هەواڵ.

**٢-نزیکیی شوێن:**

شتێکی زۆر ئاساییە کە هاووڵاتیان (خوێنەر)، زیاتر گرنگیی بە هەواڵی نیشتمانەکەی خۆیان دەدەن ئنجا هەواڵەکانی دەوروبەرو دواتریش هەواڵە ئیقلیمیو جیهانییەکان. ئەم رەگەزە پێویستە لە کاری رۆژنامەنووسیدا تەواو رەچاوبکرێو گرنگیی زۆریشی پێبدرێ.

بۆ نموونە هەواڵی کەمیی ئاو یا بەفرو بارانێکی زۆر لە کوردستان، زیاتر سەرنجو بایەخیی خوێنەری کورد رادەکێشێ لە هەواڵێکی وەك کودەتایەك لە وڵاتێکی ئەفریقیادا. چونکە ئەوەی یەکەم راستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیانی ناوخۆوە هەیە. یاخود بە خودی خوێنەری شوێنەکە هەیە کە رۆژنامەکەی لێدەردەچێ.

**٣-گرنگیی کەسایەتییە دیارەکان:**

ئەو کارو چالاکییانەی کە سیاسەتمەداران‌و گەورە بازرگانان‌و ئەستێرەکانی سینەماو کەسایەتیە دیارەکانی دیکە پێی هەڵدەستن، رەگەزێکی گرنگی هەواڵ پێکدێنن. چونکە دەبێتە جێی بایەخی جەماوەرو سەرنجیان رادەکێشێ، تەنانەت زۆرجار تاوانبارو دزە گەورەکانیش دەبنە جێی بایەخی خەڵکی.

ئێستا لەنێو جەماوەردا لە هەر شوێنێك بێت، بەردەوام کەسایەتییەك هەیە کە جێی بایەخیان بێ جا چ سیاسی بێ یا هونەرمەند یا وەرزشکار یا هەر شتێکی دیکە، بۆ ئەوەی باسی لێوەبکەن‌و هەواڵە تازەکانی بزانن.

**٤- سەیرو سەمەرەیی:**

سەیرو سەمەرەیی یەکێکە لەو رەگەزە گرنگانەی کە هەواڵ پشتی پێ دەبەستێ‌و دەبێتە هۆی راکێشانی سەرنج‌و بایەخی جەماوەر بۆ هەواڵەکە.

هەواڵی سەیرو سەمەرە، تەواو کۆنترۆڵی جەماوەر دەکا چونکە بەلایانەوە سەرسوڕهێنەرە.

لێرەدا ئەو رووداوانەی یا ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی کە بۆ یەکەمجار ئەنجام دراوە، بەهەواڵی سەیرو سەمەرە دادەنرێن. وەك یەکەم کەس کە چووە بۆشایی ئاسمان، دروست کردنی یەکەم زیندەوەر لەرێگەی کۆپیی جیناتەوە، یاخود یەکەم کەس کە ژمارەیەکی پێوانەیی لە یارییەکدا تۆماردەکات.

نموونەیەکی‌تر، هیچ رووداوێکی دزی سەیرو سەمەرە نییە، بەڵام ئەگەر بەرێگەیەکی سەرسوڕهێنەر ئەنجام درا، ئەوا دەچێتە چوارچێوەی هەواڵی سەیرو سەمەرەوەو سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ.



**٥-ململانێ:**

هەر ململانێیەکی نێوان جەماوەر یا گرووپێکی دیاریکراو یا لە نێوان وڵاتاندا یا جەنگ‌و پێکدادانەکان‌و ناکۆکییە گەرمەکان، بەشێوەیەکی ئاسایی جێی بایەخی جەماوەرن.

هەرلەبەر ئەوەشە لە رۆژنامەکان‌و هۆکارەکانی دیکەی راگەیاندندا زۆر بایەخ بەم رەگەزە دەدرێ، بۆ نموونە ئەگەر چاوێك بە رۆژنامە جیهانییەکاندا بخشێنین، ئەوا دەبینین رۆژانە هەواڵی ململانێ‌و ناکۆکییە جیاجیاکان بڵاودەکەنەوە.

**٦- سێکس :**

ژیانی سێکس‌و هەر رووداوێك کە پەیوەندیی بە سێکسەوە هەبێ وەك رووداوەکانی دەستدرێژی، رەگەزێکی نوێی هەواڵەو رۆژنامەنووسانیش دەزانن کە ئەم رەگەزە چەندە جێی بایەخ‌و گرنگیی جەماوەرە، بۆیە زیاتر هەوڵی بەدەست هێنانی ئەم هەواڵانە دەدەن، تا وای لێهاتووە ئێستا لەزۆر وڵاتدا رۆژنامەو گۆڤاری تایبەت بە هەواڵی سێکسی یا هەواڵی رووداوە سێکسییەکان دەردەکرێت.

سەردەمانێك هۆکارەکانی راگەیاندن هیچ هەواڵێکی سێکسییان بڵاونەدەکردەوە، جا چ بەهۆی سانسۆرەوە بووبێ یا بەهۆی یاساو کۆت‌و بەندە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام ئێستا کەناڵە جیاوازەکانی راگەیاندنی جیهان بەهیچ شێوەیەك درێغیی ناکەن لەبڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە.

**٧-قەبارە:**

رووداوێکی زۆر بچوك بێگومان جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ رووداوێکی گەورە. چونکە رووداوی گەورە زیاتر جێی سەرنجی جەماوەرەو بایەخی پێدەدرێ.

بڵاوكردنەوەی ژمارەیەكی گەورە لەسەر رووداوێك، زیاتر دەبێتە هۆی راكێشانی سەرنجی جەماوەر وەك لە ژمارەیەكی بچووك.

بۆ نمونە كاتێك هەواڵی كارەساتێك بڵاودەكەیتەوە ئەگەر قوربانیان هەزار كەس بێ، ئەوا زیاتر بایەخی جەماوەر رادەكێشێ لەو رووداوەی كە قوربانییەكانی چەند كەسێك بن.

**٨- بایەخی مرۆیی:**

لەرێسای رۆژنامەنووسییدا، هەواڵ ئەو شتەیە كە بەلای زۆرترین خەڵكەوە گرنگەو سەرنجیان رادەكێشێ، واتا هەواڵ دەبێ هۆكاری كارتێكردنو كاریگەریی تێدابێ. وەك ئەو هەواڵانەی پەیوەندیی بەباجو پارەو هەموو ئەو شتانەوە هەیە كە جێی بایەخی مرۆڤەو بیرو هەستو سۆزیان دەووروژێنێ.

## بەهاكانی هەواڵ

بەهای هەواڵ چەند پێوەرێكە كە رۆژنامەنووس پشتی پێ دەبەستێ بۆ هەڵبژاردنو دەستنیشانكردنی هەواڵ. ئەم پێوەرانەش چەند رۆژنامەنووسێكی دیاریكراو ناگرێتەوە، بەڵكو لەنێو میللەتێكدا دروست دەبێو دەچەسپێ، چونكە هەموو نەتەوەیەك كۆمەڵێك بیرو بۆچوونو شێوەی هەڵسوكەوتی هەیە پێی دەووترێت بەها، كە دواتر ئەم بەهایانە خۆی لەخۆیدا پێوەردەبنو لە روانگەی ئەم پێوەرانەوە رۆژنامەنووس دەڕوانێتە هەواڵی رووداوەكانو لێیان هەڵدەبژێرێ. ئەوەش بێگومان لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێك، لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكیتر دەگۆڕێ.

بەگشتی دەتوانین بڵێین بەهای هەواڵ ئەو رەگەزانەیە كە پێشینەی بڵاوكردنەوەی هەواڵێك دیاری دەكەنو بەلای جەماوەرەوە گرنگن.



یاخود دەتوانین بڵێین، بەهای هەواڵ زاراوەیەكی رێژەییەو (نسبی)، ئاماژە بۆ بەها یا گرنگیی رووداوەكان دەكات.

## پۆلینكردنی بەهای هەواڵ

بەهاكانی هەواڵ لەلایەن پسپۆڕانو شارەزایانی ئەم بوارەوە، بەشێوەی جیاجیا پۆلین كراوە. بۆ نموونە (جاك لول) بەهاكانی هەواڵی بەگوێرەی دابەشبوونی لایەنی سیاسیی جیهان بۆ سێ جۆر پۆلێن كردووە[٢]:

یەكەم: بەهاكانی جیهانی یەك (وڵاتە پێشكەوتووەكان)

١- تازەیی.
٢- نزیكیی شوێن.
٣- كەسایەتییە دیارەكان.
٤- رووداوە نائاساییەكان.
٥- بایەخی مرۆیی.

دووەم: بەهاكانی جیهانی دوو (وڵاتە دیكتاتۆرو تۆتالیتارەكان)

١-مەبەستو دەلالەتی ئایدۆلۆژی.
٢-بابەتی جێی بایەخی حزب.
٣-بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتی.
٤-وشیاركردن.
٥-بایەخی مرۆیی.

سێیەم: بەهاكانی جیهانی سێ (وڵاتە نازەپێگەیشتووەكان)

١- گەشەپێدان لەبواری ژێرخانی ئابووریدا.
٢- بەرپرسیارێتیی كۆمەڵایەتی.
٣- لایەنو ئاڕاستەی نیشتمان پەروەرێتی.

٤- تازەیی هەواڵ.
٥- نزیکیی شوێن.

لەلایەکی دیکەشەوە، سۆسیۆلۆژیە سویدییەکانی وەك گالتۆنگو روگا (١٩٦٥-١٩٧٣)و هەروەها هاربرت گانز-ی ئەمریکایی، دوانزە رەگەزیان بۆ بەهای هەواڵ داناوە، کە ئەمانەن:

١-قەبارە یا پێوەری رووداوەکە، چونکە ئەگەر بچوك بێ ئەوا بێئەوەی کەس هەستی پێبکا تێدەپەڕێ
٢-روونیو ئاشکرایی
٣-دووبارە بوونەوە یا کاتی روودانی
٤-ئامانجداربێ
٥-گونجان
٦-کتوپڕی
٧-بەردەوامی
٨-ژێرخان یا پێکهاتە
٩-نەتەوەی نوخبە
١٠-جەماوەری نوخبە
١١-کەسایەتیەکان ( ئەو کەسە ئاساییانەی کە بەهۆی رووداوێکەوە ناسراو دەبن)
١٢-لەیەك نزیکیی فەرهەنگییو پەیوەندی

هەروەها ستانلی جۆنسۆنو جۆلیان هاریس بەهاکانی هەواڵ بۆ سێ جۆری سەرەکیی دابەش دەکەن کە هەر جۆرەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەم شێوەیە:

یەکەم: سیفاتی رەسەنی تایبەت بە رووداوەکە:
١-ململانێ (گرژی- سەرسوڕمان).



٢-پێشکەوتن(بردنەوە- سەرکەوتن).
٣-کارەسات (دۆڕان- کاولکاری).
٤-ئاکام (دەرئەنجامی- هۆکاری).
٥-نێوبانگی (دەرخستن).
٦-تازەیی.
٧-نیگاو تێروانینی مرۆیی.

دووەم: ئەو سیفاتانەی جێی رەزامەندین:
٨- تازەیی رووداوەکە.
٩-رووداوەکە زیاتر پەیوەندیی بە خوێنەری ناوخۆوە هەبێ.

سێیەم: بایەخی گشتی:
١٠-سێکس.
١١-ئاژەڵ.

## سەرچاوەکانی هەواڵ

لەراستیدا رۆڵو کارو ئەرکی رۆژنامەنووسی راستەقینە، پێچەوانەی کاری لێپرسراوانی حکومەتو دەوڵەتە، چونکە ئەرکی رۆژنامەنووس تۆمارکردنی رووداوی رۆژانەیە بۆ ئەوەی لە روانگەیەکی گونجاوەوە لەبەردەم جەماوەری دابنێ، لە کاتێکدا ئەرکی لێپرسراوە حکومیەکە یا سیاسەتمەدارەکە، دارشتنی لایەنە جیاوازەکانی ژیانو جیهانە بەگوێرەی ئەو ئامانجانەی کە خۆی بە گونجاوی دادەنێت بۆ ئەوەی بەدیبێت، بەلام نابێ ئەوەمان لەبیربچێت کە زۆربەی لێپرسراوان زۆرجار هەندێك زانیاریی بە رۆژنامەکان یا نوێنەری کەناڵەکانی راگەیاندن دەبەخشن کە دواتر بلاودەکرێتەوەو دەگاتە جەماوەر، واتا ئەوان دەبنە سەرچاوەی هەواڵەکە.

ڕەنگە هەرلەبەر ئەوەش بێت لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هەندێك لەرۆژنامەنووسان هەوڵ دەدەن لە لێپرسراوان نزیك ببنەوەو پەیوەندیی توندو تۆڵییان لەگەڵ دابمەزرێنن بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی‌و زانینی سیاسەت‌و پلان‌و هەڵویستی حکومەت یان ئەو بابەتانەی کە خۆی‌و رۆژنامەکەی پێویستیان پێی دەبێت. بەڵام ئەوەی جێی داخە لێرە لە کوردستان هێشتا ئەم لایەنە نەگەیشتۆتە ئاستی پێویست‌و کە رۆژنامەنووس هەوڵی نزیك بوونەوە لە لێپرسراوان دەدات زۆرجار بۆ ئەوەیە ببێتە جێی رەزامەندیی ئەو لێپرسراوانە تا هەندێك دەستکەوتیی تایبەتیی ماددی‌و مەعنەویی بۆ خۆیان بەدەست بهێنن.

هەرچۆنێك بێت زۆربەی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ بەرپرسان هەیە بیانووەکەیان ئەوەیە کە ئەوان لەو رێگەیەوە زانیاریی زۆر لەبارەی گەندەڵی، سیاسەتی دەسەڵات، بێکاری، تاوان‌و ئامارە جیاوازەکان بەدەست بهێنن کە بەهیچ رێگایەکی‌تر دەستیان ناکەوێت، یاخود هەندێکیان پاساو بۆ ئەو پەیوەندییانەیان لەگەڵ بەرپرسان دێننەوەو دەڵێن کە ئەوان لەم رێگەیەوە مافیان پارێزراو دەبێت.

نێوەندی رۆژنامەگەریی لە بەریتانیا، ئەم جۆرە رۆژنامەنووسانەی ناوناوە (هێلکەی تێکچوو لە جیهانی رۆژنامەگەرییدا).

لەو حاڵەتەشدا، واتا لە حاڵەتی پەیوەندیی نێوان رۆژنامەنووس‌و سەرچاوەی هەواڵەکە کە سەرچاوەیەکی رەسمی‌و حکومیە، کێشەیەکی بنەڕەتیی دێتەپێش، ئەویش ئەوەیە کە زانیارییەکانیان بەڵگەی نییەو نەسەلمێندراون، یا پشت ئەستور کراوو بەهێزنین چونکە ناوی سەرچاوەکەی ناهێنێ. سەبارەت بەو حاڵەتەش هەندێ



لە رۆژنامەنووسان وای بۆدەچن کە ئەم جۆرە سەرچاوانە لەبنەڕەتدا خزمەتی بەرژوەندیی حکومەت دەکەن لەبەرئەوەی لێرەدا کەناڵەکانی راگەیاندن وەك هۆکارێك بەکاردەهێنرێ بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆخۆی بێ ئەوەی دواتر نە لەدوورو نەلەنزیك هیچ بەرپرسیارێتیەك بکەوێتە ئەستۆی حکومەت، چونکە سەرچاوەکە ناوی نەهێنراوە.

بەگشتی سەرچاوەکانی هەواڵ بریتیە لەو سەرچاوانەی یا ئەو هۆکارانەی کە بەهۆیەوە دەزگاکانی راگەیاندن هەواڵی جۆراو جۆریان دەست دەکەوێت، ئەم سەرچاوانەش بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە:

١-ئاژانسەکانی دەنگ‌و باس(ناوخۆو دەرەوە).

٢-نێردراوی رۆژنامەنووسی.

٣-پەیامنێری ناوخۆو دەرەوە.

٤-رۆژنامەو گۆڤارە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکان.

٥-رادیۆو تەلەڤزیۆنە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکان.

٦-بڵاوکراوە جیاوازەکان.

٧-کۆنگرەی رۆژنامەنووسی.

٨-بەڵگەنامەکان.

٩-وەزارەت‌و فەرمانگە رەسمی‌و میللی‌یەکان.

١٠-ئەرشیفی رۆژنامەنووسی.

١١-پەیوەندیی رۆژنامەنووس (ئامادەکاری هەواڵەکە)لەگەڵ کەسایەتیە رەسمی (لێپرسراوان)و میللییەکان‌و هەروەها لەگەڵ رێکخراوو دامەزراوە جیاجیاکان.

١٢-ئەو بەیاننامەو لێدوانانەی کە لایەنی تایبەت بە رووداوەکان بڵاوی دەکەنەوە.

١٣-کەسانی نزیك لە رووداوەکان یا شاهیدەکان.

لەکاتی دەستکەوتنی هەر هەواڵێکیشدا دەبێ لەزانیارییەکانی ناو هەواڵەکە بکۆڵدرێتەوە لەم لایەنانەی خوارەوە:

١-راستیی.

٢-بێلایەنیی.

٣-سەلامەتیی هەواڵەکە لە رووی یاساییەوە.

هەروەها پێویستە بەپێی توانا لە هەواڵەکاندا لە هەندێ زاراوە دووربکەوینەوەو بەکاری نەهێنین، وەك:

١-بەکارهێنانی فرمانی نادیار، وەك زانرا، راگەیەندرا، ئاشکراکرا، پێشبینیکرا، وتراو.. تد.

٢-لکاندنی زانیارییەکان بەسەرچاوەیەکی دەست نیشان نەکراو، وەك (سەرچاوەیەکی نزیك لە، سەرچاوەی ئاگادار، سەرچاوەی باوەڕپێکراوو..تد).

٣-بەکارهێنانی شێوازی گشتگیریی، وەك (چاودێران دەڵێن، چاودێران پێیان وایەو.. تد).

بەمجۆرە بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەلمێندراوو پشت ئەستور کراو بەبەڵگەوە، دەبێتە هۆی پاراستنی نێوبانگیی رۆژنامەکە لەکاتێکدا ئەگەر دووچاری لێپرسینەوەی یاسایی بوو، جگە لەوە یارمەتیی خوێنەریش دەدات حوکمی تایبەتیی خۆیان بەسەر هەواڵەکەدا بدەن.

بۆ ئەو مەبەستەش، زۆربەی رۆژنامەنووسان کۆکن لەسەر بەکارهێنانی شێوازی وەرگیراو (مقتبس)، بەجۆرێك کە زانیارییەکان بەکەسێکی دیاریکراو دەلکێندرێتو لەنێوان دوو کەوانەی بچووکدا دادەنرێت.



## جۆرەکانی هەواڵ

بەشێوەیەکی گشتی هەواڵ جۆرەکانی زۆرەو لەسەر دوو بنەما دابەش دەکرێن:

١- بنەمای جوگرافی:

لەو حاڵەتەدا هەواڵ دەبێتە دوو جۆر:

أ/هەواڵی ناوخۆ: هەواڵەکانی تایبەت بەو هەرێمە یا ئەو وڵاتە لە خۆدەگرێت کە رۆژنامەکەی لێ دەردەچێت.

ب/هەواڵی دەرەوە:

هەواڵە ئیقلیمیو نێودەوڵەتییەکان دەگرێتەوە، واتا هەواڵەکانی دەرەوەی ئەو شوێنەی کە رۆژنامەکەی لێ دەردەچێ.

٢-بنەمای کات: دەبێتە دوو جۆر:

أ/هەواڵی پێشبینیکراو:

ئەمجۆرە هەواڵانەیە کە پێشبینی بوونی یا روودانی دەکرێو رۆژنامەنووس پێشتر لەئەگەرەکەی بەئاگایەو لای خۆی تۆماری کردووە، بۆ نموونە وەك کۆبوونەوەیەکی گرنگی وەك کۆبوونەوەکانی ئاشتی، کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی، یارییەکی گرنگو .. تد. ئەمجۆرە هەواڵە پێشبینی کراوانە لە هەمان کاتدا رەنگە ناوخۆ یا هی دەرەوەی ئەو شوێنە بێت کە رۆژنامەکەی لێ دەردەچێت.

لێرەدا رەنگە هەندێ کەس بڵێ مادام ئەم جۆرە هەواڵە پێشتر پێششبینی روودانی کراوەو دەزاندرێ، ئەوا بایەخو گرنگیی خۆی لە دەست دەداتو رەگەزیی تازەیی کە رەگەزێکی گرنگی هەواڵە، تێدا نامێنێت، بەلام لەراستیدا وانیە، چونکە ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە رووداوەکە چیی لێ دەکەوێتەوە یا ئەنجامەکەی چیی دەبێ، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی تازەو نوێ دەبێ، واتا رەگەزی تازەیی تێدا هەر دەمێنێ.

ب/هەواڵی پێشبینی نەکراو(کتوپڕ): بەهەمان شێوە ئەم جۆرەش ڕەنگە ناوخۆیی بێ یانێودەوڵەتیی.

ئەم جۆرە هەواڵانە پێشتر پێشبینیی ڕوودانی ناکرێ‌و هیچ شتێکی لەبارەوە نازاندرێ‌و لەپڕێکدا ڕوودەدات، وەك ڕووداوە سروشتیەکان، ئاگرکەوتنەوەیەك، کەوتنی خانوویەك، کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەك، نقومبوونی بەلەمێك لە ئاودا، مردنی کەسایەتییەك‌و .. تد.

لە زۆر حاڵەتیشدا هەواڵی پێشبینی نەکراو، بەتایبەتی ئەگەر هەواڵی ڕووداوێکی گەورەو جێی سەرنجی ڕاستەوخۆی خەڵك بێت، مانشێتی گەورەو سەرەکیی ڕۆژنامەی لێ دەکەوێتەوەو گەرم‌و گوڕیی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە زیاد دەکات، کە بێگومان ئەوەش دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرو هەواڵەکە پلەی یەکەم  لە ڕیزبەندیی هەواڵە ناوخۆیی‌و دەرەکیەکانیشدا داگیردەکات.

بەڵام سەرباری ئەوانەش، زۆرجار ئەگەری ئەوە هەیە هەواڵە پێشبینی کراوەکان بگۆڕێن‌و ببنە هەواڵێکی پێشبینی نەکراو، وەك هەڵوەشاندنەوەی سەفەرێکی بڕیار لێدراو یا کۆبوونەوەیەکی هێمنانە ئاژاوەیەکی لێ بکەوێتەوە.

سەرباری ئەم جۆرە هەواڵانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن، واتا ناوخۆیی یا دەرەکی، پێشبینی‌کراو یا پێشبینی نەکراو، هەواڵ لەسەر بنەما تەقلیدییەکەی دەکرێتە چەند بەشێك:

١-هەواڵی سیاسی.

٢-هەواڵی ئابووری.

٣-هەواڵی کۆمەڵایەتی.

٤-هەواڵی ڕووداوەکان (سروشتی‌و دەستکرد)

٥-هەواڵی وەرزشی.



٦-هەواڵی تایبەتیی کەسایەتیە جۆراوجۆرەکان.

٧-هەواڵی دادگاو تاوانەکان.

٨-هەواڵی دامەزراوو دەزگا ڕەسمییەکان.

٩-هەواڵی بوارەکانی زانست، ژنان، ئەدەب، هونەرو منداڵان‌و ..تد.

## چۆنیەتی دەستکەوتنی هەواڵ

شێوازەکانی دەستکەوتنی هەواڵ، لە ئاستی ڕۆژنامەنووسیی جیهاندا، بە هونەرێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە وەك پێشتریش باسمان کرد، هەواڵ کۆڵەکەی سەرەکیی بواری ڕۆژنامەگەرییە، بۆیە چۆنیەتی دەستکەوتنیشی، بایەخیی خۆی هەیەو وەك بنەمایەکی زانستی سەیری دەکرێت.

لە ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەم ئەرکە بەپلەیەك بەر پەیامنێر کەوتووە، بۆیە زۆرجار لە ڕۆژنامەنووسیی جیهانیدا بە پەیامنێر دەووترێت "سەربازی پیادەی هەواڵ[٣]"، واتا هەم ئەرك‌و هەم پیشەکەشی نووسینەوەی ڕووداوەکانە لە شوێنی ڕوودانیان‌و ئامادەکردنییەتی لەسەر شێوەی هەواڵ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کارمەندانی دیکەی ڕۆژنامە، بەتایبەتی نووسەرەکان، کاری نووسینەوەی هەواڵ نەکەن، چونکە ئەوانیش ئەو شتانەی کە دەیبینن یا دەیبیستن چ بەرێککەوت بێ یا بە بەرنامەی پێشوەخت بێ، دەیکەنە هەواڵ.

بۆ پەیامنێر کاتێك کە بەدواداچوونی بۆ ڕووداوێك یا مەسەلەیەکی دیاریکراو هەیە، دەبێ شارەزایی لەبوارەکەدا هەبێ‌و بچێتە بنج‌و بناوانی تا باکگراوندەکەشی جارێکی‌تر بخاتەوە سەر بەڕەکە.

ئەرکی پەیامنێر، ئەرکێکی قورسەو وا ئاسان نییە کە هەندێك کەس بۆی دەچن، چونکە پەیامنێری ڕاستەقینە هەمیشە لەگەڕانە بە دوای زانیاری،

ئەمەش هەوڵو ماندووبوونی زۆری دەوێو زۆرجار پەیامنێری دووچاری گێرمەو کێشەو سەریەشە کردۆتەوە، تەنانەت هەندێجار خۆیشی بۆتە قوربانیی کارەکەی.

بەهەرحاڵ، رۆژنامەنووسی ئەمڕۆ، بەتایبەتی رۆژنامەنووسە لاوەکان کە تاڕادەیەك بە گوڕوتینەوە لە رۆژنامەکاندا کاردەکەن، حەز دەکەن بەردەوام سەرچاوەی هەواڵیان هەبێو بتوانن بەئاسانی ئەم شتەیان(هەواڵ) دەست بکەوێ. لێرەدا هەندێك ئامۆژگاری دەخەینەڕوو کە هی رۆژنامەنووسانی بەتواناو لێهاتوونو هەریەکەیان چەندین ساڵ لەبواری رۆژنامەگەرییدا کاریان کردووە کە یارمەتی رۆژنامەنووس دەدا بیرۆکە بۆ هەواڵ، وتارو شێوازەکانی دیکەی کاری رۆژنامەنووسیان لاگەڵاڵە بێتو وەك سەرچاوەیەك بێ بۆیان[٤]:

١-لە کورسیو مێزەکەت دووربکەوەو بە دوای شتی نوێدا بگەڕێ.

٢-لەگەڵ کەسانی زۆرو جیاوازدا قسە بکەو بە وردی گوێ بگرە بزانە لە شوێنە گشتییەکان چ باسە.

٣-هەوڵبدە بەشداریی لە ئاهەنگو بۆنەو یادە گشتییەکاندا بکەیت چونکە لەم شوێنانەش هەواڵت چنگ دەکەوێت.

٤-ئەو رۆژنامەیە بخوێنەوە کە خۆت کاری تێدا دەکەیت، بە تایبەتیش چونکە زۆر رۆژنامەنووس هەیە حەز ناکا یا بۆی ناکرێ ئەو شتانە بخوێنێتەوە کە خەڵکانی تر بە تایبەتی رۆژنامەنووسانی هاوکاری دەینووسن. تەمبەڵ مەبەو ئاگاداری هەموو رووداوەکانی ناو رۆژنامەکەت ببە کە ئەمەش لەڕێگەی خوێندنەوەی رۆژنامەکەت دەبێ.



٥-دوودڵ مەبە لە وەرگرتنی بیرۆکە لە رۆژنامەو بڵاوکراوەکانیتر، چ ناوخۆ یا دەرەکی بێت.

٦-بەردەوام گوێ لە کەناڵەکانی راگەیاندن بگرە چونکە ئەوان سەرچاوەن بۆ نووسینی وتارو ریپۆرتاژ.

٧-بڵاوکراوە رەسمیو بەیاننامەکان بخوێنەوە.

٨-پەیوەندیت بەردەوام بێت لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵتو هەوڵبدە زوو بیانبینیو بیاندوێنی.

٩-فایلێکی تایبەت بۆ خۆت دروست بکەو هەر شتێك (زانیاریو هەواڵو وتارو بابەتی دیکە) کە بە گرنگت زانی، لەو فایلە هەڵیبگرە، چونکە کارت پێی دەبێو ئیشەکەت ئاسان دەکات.

١٠-سەردانی بازاڕ بکەو شوێنە جیاجیاکانی بەسەربکەوە، بەسەرنجدانو گوێگرتن زۆر شتت لاگەڵاڵە دەبێت.

١١-پەیوەندیی بە بازرگانانو نمایندەو نوێنەرانی بیانییەوە بکە.

١٢-سەرچاوە لە بازگەو فەرمانگە گرنگەگانو ناوچە سنوورییەکان پەیدا بکە.

١٣-هەوڵبدە لە زمانێکی بیانی زیاتر بزانیت.

١٤-لەگەڵ رۆژنامەنووسانیتر، سیاسەتمەدارو دیپلۆماتان گفتوگۆ بکە.

١٥-بێئەوەی بەرپرسانی رۆژنامەکەت داوات لێبکەن بەدوای هەواڵو بابەتێکدا بچیت، خۆت بڕیاربدەو پێشتر بیکە.

١٦-پەیوەندیی لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ، پزیشکان، پارێزەرانو چینە جیاجیاکانی کۆمەڵ دروست بکە.

١٧-هەوڵبدە لە کاتی ماندوێتیدا، بەتەنیا بیتو دووربکەوێتەوە، تا هەندێ بیرۆکەی دیکەت لاگەڵاڵە بێت.

## نووسینی هەواڵ

بەدەستهێنانی هەواڵ یا هەڵبژاردنی هەواڵ، لەراستیدا نیوەی کارەکەیە، چونکە بەشێکی دیکەی ئەرکەکە دەمێنێ کە ئەویش نووسینەوەیەتی بۆئەوەی بە باشترین شێوە پێشکەشی خوێنەر بکرێ بە جۆرێك کە تا بکرێ وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانی هەواڵی تێدابێ (چی؟ کێ؟ لەکوێ؟ کەی؟ بۆچی؟) ئەمە جگەلەوەی کە دەبێ رەگەزو بەهاکانی هەواڵیش لەخۆبگرێ کە پێشتر باسمان لێکردن.

رەنگە هەموو هەواڵێك بەر لە نووسینەوەی بە شێوەیەکی رۆژنامەنووسییانە، یان لەبیرو هۆشی رۆژنامەنووسەکەدا گەڵاڵە بووە، یا بەسەرەقەڵەم لای خۆی تۆماری کردووە، یاخود بەشێوەیەکی سەرەتاییانە تۆماری کردووە. لێرەدا رۆژنامەنووس پێویستە بەجۆرێك دایبرێژێتەوەو کە ئامانجەکەی پێبپێکێ‌و گرنگیی هەواڵەکە دەربخاو خوێنەریش بە زانیاریی نوێ تێربکات، هەروەها دەبێ بابەتییانەو بێلایەن‌و سادەو ساکاریش بێ بۆ ئەوەی خوێنەر بەئاسانی لێی تێبگا. بۆ ئەو مەبەستەش واباشترە رۆژنامەنووس (ئامادەکاری هەواڵ)، بەشێوەیەك هەواڵەکە بنووسێ کە هیچ کام لەم خاڵانەی تێدا نەبێ[5]:

١-یاریکردن بەزاراوەو وشەکان.

٢-زاراوەو وشەی نائاشکراو ئاڵۆز.

٣-درێژەپێدان.

٤-دووبارەبوونەوە.

٥-ناونیشانی بەیەکداچوو (متداخل).

٦-کەمیی وردەکارییە گرنگەکان.

٧-بێنرخیی مەسەلەکە.

٨-گەڕاندنەوەی رووداوەکان بۆ دواوە.



٩-پرسیارکردن.

١١-بەهەڵە وەسفکردن.

ئێستا زۆربەی نووسەرانی هەواڵ، بۆ نووسینەوەی هەواڵەکان پەنادەبەنە بەر قاڵبی نووسینەوەی هەواڵ (قوالب کتابە الخبر)، کە ئەمەش شێوازە ئەکادیمی‌و زانستییەکەیەتی‌و لە هەمان کاتدا ئاسانترین رێگەن بۆ نووسینەوەی هەواڵ‌و هونەرەکانی دیکەی رۆژنامەنووسیش، بەمەرجێ دەبێ سەرەتا بەتەواوی شارەزایی لەسەر هونەری ئەم قاڵبانە پەیدابکرێ‌و رۆژنامەنووس لەپەناو پێچ‌و شێوازەکانی بزانێ‌و توانای بەسەردا بشکێ، لەم حاڵەتەشدا رۆژنامەنووس یا نووسەری هەواڵ دەتوانێ بەو شێوازە هەواڵەکە بنووسێتەوە کە خۆی مەبەستییەتی‌و ئامانجەکەشی پێبپێکێ.

لەو سەردەمەی ئێستامانداو لەجیهانیی رۆژنامەنووسیدا، ئەم قاڵبە رۆژنامەنووسییانە نەك هەر بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردێ، بەڵکو مەرجێکی سەرەتایی‌و بنەڕەتیشە بۆ کاری نووسەری هەواڵ‌و رۆژنامەنووسان.

وەك ئاماژەمان پێدا گرنگترین ئەو شێوازانەش کە ئێستا بە زۆریی لە نووسینەوەی هەواڵدا پشتی پێ دەبەسترێ قاڵبە رۆژنامەنووسییەکانن کە چەندین جۆرن وەك قاڵبەکانی هەرەمی هەڵگەڕاوە، تامەزرۆکردن، گێڕانەوەی راستەوخۆ، کەموڵە، هێلکەقازو قالبی رووداوە پێشبینی کراوەکان‌و ئەڵماسی.

لێرەدا ئێمە تەنها چوار قاڵب (شێواز) وەردەگرین کە رەنگە گرنگترین‌و بەربڵاوترینیان بێت بۆ نووسینەوەی هەواڵ:

١-شێوازی هەرەمی هەڵگەڕاو:

بە بەربڵاوترین شێوازی رۆژنامەنووسیانەی نووسینەوەی هەواڵ دادەنرێت، زۆربەی ئاژانسەکانی دەنگوباسی دنیا ئەم شێوازە بەکاردەهێنن،

لەم قاڵبەدا، گرنگیی هەواڵەکە لەچەند دێری سەرەتادا خۆی دەبینێتەوە، واتا لەپەرەگرافی یەکەم کە پێی دەووترێت دەروازە (استهلال-lead)و گرنگترین رەگەزەکانی هەواڵەکە یا زانیارییەکانی تێدایە. هەروەها لەپانترین و بەرینترین بەشی هەرەمەکەدا دەبێ وەك لەشێوەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:




ئنجا ئەم زانیارییانەی کە کەمتر گرنگن لەخوارووتر دادەنرێن. لەو قاڵبەدا بەشێوەیەکی ریزبەندیی تا لەسەرەوەی هەرەمە هەڵگەڕاوەکە بەرەو خوارتر بڕۆی زانیارییەکان کەمتر گرنگن.






بەزۆریی هۆکاری بەربڵاوی‌و زیاتر بەکارهێنانی ئەم قاڵبەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە[٦]:

١- لە هەموو رۆژنامەیەکدا، شوێنی تەرخانکراو بۆ هەواڵ هەردەم کێشەبووە، بەڵام ئەگەر هەواڵ لەسەر شێوەی ئەم قاڵبە دارێژراوبێ، ئەوا کورتکردنەوەی ئاسانەو لە خوارووی هەرەمەکە لێی دەبڕدرێ، واتا تەنها زانیارییە کەم گرنگەکانی لێ لادەدرێ، کە ئەمەش هیچ لە هەواڵ‌و گرنگییەکەی ناگۆڕێ. هەرلەبەر ئەوەشە دەڵێین زۆربەی رۆژنامە جیهانییەکان، حەز بەم جۆرە هەواڵانە دەکەن‌و بەپەسەندی دەزانن.

٢-سکرتاریەتی نووسینی رۆژنامە، واتا بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامە، هەر بەخوێندنەوەی دەروازەی ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە

لەسەر ئـەم شـێوەیە ئامـادەکراوە، دەزانـن هەواڵەکـە چـەند گرنگـە بۆئـەوەی بڵاوبکرێتەوە یان نا.

٣-خوێنەریش کاتێکی زۆر تەرخان ناکا بۆ خوێندنـەوەی هەواڵەکەو هـەر بــە خوێندنـــەوەی دەروازە یــا دەســـتپێکی هەواڵەکــە، تــەواوی زانیارییــە گرنگەکانی دەست دەکەوێ.

٤-نووسـەری هـەواڵ دەتوانـێ بـێ مانـدووبوون ناونیشـانی هەواڵەکـە لـە دەروازەکەی دەربکا.

سەرەڕای ئەم خاڵانە کە فاکتەری بەربڵاوی ئـەم قاڵبـەن لـە هـەمان کاتـدا ئەم قاڵبە ئاسانترین شێوازی ڕێکخستنی هەواڵی کورتو سادەیە.

نموونە١ :

## (٢٠) تیرۆریست لەبەغدا دەستطیرکران

دوێنێ سەدان پـۆلیسو پاسـەوانی نیشتمانیی عیراق لەهەڵمەتێکیانـدا لەشەقامی (حەیفا)ی شاری بەغدا، (٢٠) تیرۆریستیان دەستگیرکرد.

لــەمرووەوە وەزارەتـــی نـــاوخۆی عـــیراق رایگەیانـــد کـــەدوێنێ لـــەمیانی هەڵمـەتێکی بەرفراوانـدا لەدەوروبـەری شـەقامی (حـەیفا)، هێزەکـانی پـۆلیسو پاســەوانی نیشــتمانی (٢٠) تیرۆریســتیان دەســتگیرکردووە کــە ڕەگەزنامــەی عـەرەبییان پێبـووەو باوەڕوایـە پشتگیریی پێشکەش بەتیرۆریستان دەکـەن بـۆ ئەنجامدانی پەلامارو کردەوەی تیرۆریستی لەعیراقدا.

وتەبێـژێکی وەزارەتەکـەش بەئاژانسـی (فـرانس پـرێس)ی راگەیانـد کـە زۆربەی تیرۆریستەکان ڕەگەزنامەی سوری-یان پێیـە. هـەروەها روونیکـردەوە ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنە پاش پێدانی زانیاریی ئەمنیی بووە بـەدەزگاکانی ئاسایش لەوەزارەتی ناوخۆ کە تەئکیدیان کردووەتەوە ئەو کەسانە پشتگیریی



پێشکەش بەتیرۆریستان دەکەن تاکو کردەوەی تیرۆریستی لەعیراقـدا ئەنجام بدەن.

نموونە٢ :

## وەزیرانی دەرەوەی ولآتانی دراوسیی عیراق لەسەر کۆبوونەوەی وەزیرانی ناوخۆی ئەو ولآتانە ریککەوتن

وەزیرانـی دەرەوەی وڵاتـانی دراوسـێی عـیراق ڕێککـەوتن لەسـەر بەسـتنی کۆبوونەوەیـەکی وەزیرانـی نـاوخۆی ئـەو وڵاتانـە بەمەبەسـتی هاوکارییـەکی ئەمنیی توندوتۆڵتر لەگەڵ بەغدا.

ئەم ڕێککەوتنە لـەدەقی بەیاننامـەی کۆتـایی کۆبوونـەوەی وەزیرانـی دەرەوەی هـەر (٨) وڵاتەکـەدا هـات کـە تێیـدا ڕەزامەنـدیی لەسـەر پێشـنیازێکی عـیراق دەربڕیـوە سـەبارەت بەکۆبوونـەوەی وەزیرانـی نـاوخۆی ئــەو وڵاتانــەو بەرپرســانی بــواری ئــەمنیی ئــەو وڵاتانــە بەمەبەسـتی لەڕیشـەدەرهێنانی گروپـە تیرۆریسـتییە چـەکدارەکان لـەعیراقو ناوچـەکە، هـەروەک بەیاننامەکـە پێشـوازیی لەهەڵوێسـتی ئێران کردووە کە وابڕیارە میوانداریی کۆبوونەوەکە بکات.

بەم پێیەش گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر کۆبوونەوەی وەزیرانی ناوخۆی ئەو وڵاتانە بەیەکێک لەدەستکەوتە گرنگەکانی کۆبوونەوەکەی وەزیرانی دەرەوە دەژمێردرێت.

لەلایـەکی تریشـەوە هـەردوو وەزیـری نـاوخۆی عـیراقو میسـر کۆبوونـەوە، لەکۆبوونەوەکەدا وەزیری ناوخۆی عیراق داوای لەمیسر کـردووە کـە لـەڕووی مەشقو پێداویستییەوە هاوکـاریی عـیراق بکـەنو لـەم بارەیەشـەوە وەزیـری ناوخۆی میسر ئامادەیی وەزارەتەکـەی دەربڕیـوە بـۆ مەشقپێکردن بەپۆلیسی عیراق تا بتوانن ڕووبەڕووی هەموو جۆرە تاوانێک ببنەوە.

هەر دوێنێ هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عیراق رایگەیاند کەوەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی دراوسێی عیراقو میسر لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە هاوکاریی ئیستیخباراتی لەگەڵ عیراق بکەن سەبارەت بە دزەکردن لەسنوورەکانەوە.

هەموولایەکیشی لەوە ئاگادارکردەوە کەدەکرێت تەقینەوەکان کەئێستا لەعیراقدا روودەدەن، بگوازرێنەوە بۆ شەقامەکانی دەوڵەتانی دراوسێ، داواشی لەوەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی دراوسێو میسر کرد کە بەیاننامەکانی پشتگیریی لەعیراق بگۆڕن بۆ کردەوەو بەتایبەتی لەپێناو رێگرتن لەدزەکردن لەسنوورەکانەوە.

**٢-قاڵبی (شێواز) تامەزرۆکردن یا سەرنج راکێشان:**

ئەگەر ئامانجی نووسەری هەواڵ، تامەزرۆکردنی خوێنەرو سەرنج راکێشانی بوو، ئەوا پەنا دەباتەبەر ئەوەی رەگەزێکی گرنگ لە پێکهاتەی هەواڵەکەدا بهێڵێتەوە تا لە کۆتاییدا دەریبخات.

ئەم قاڵبە تا رادەیەکی زۆر پێچەوانەی شێوازی هەرەمی وەرگەڕاوە، چونکە لە هەرەمی وەرگەڕاودا، هەرچی گرنگترە لە پێشەوە دادەنرێت، بەڵام لەم شێوازەدا هەرچییەك کە لە هەمووی گرنگترە بە زۆری لە کۆتایی هەواڵەکە دادەنرێت، کە ئەمەش مەبەستی تامەزۆرکردنی خوێنەرە بۆ بەدواداچوونو خوێندنەوەی سەرتاپای هەواڵەکە بە رەگەزە هەرە گرنگەکەشییەوە کە گەوهەری هەواڵەکەیە.

هەندێ جار، ئەم قاڵبە بە شێوازی ریزبەندیی دەبێ، واتا نووسینەوەی هەواڵەکە بەپێی ریزبەندیی کات یا شوێن.

ئەمجۆرە هەواڵانەی کەلەسەر شێوەی ئەم قاڵبە دەنووسرێنەوە، کورت ناکرێنەوە چونکە گەوهەرو مەبەستو رەگەزە گرنگەکەی هەواڵەکە لە



دواوە دانراوە. بۆیە دەبێ نووسەری ئەمجۆرە هەواڵانە پابەندبن بەوەی کە بەکەمترین وشە، سەرنجو بایەخیی خوێنەر بۆ هەواڵەکە رابکێشن، کە بەمەش قەبارەی هەواڵەکە کورتتر دەبێتو کێشەی شوێنی تەرخانکراو لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکان بۆی، کەمتر دەبێت.

ولیام رایفەرز هۆکاری بەربڵاویی ئەم قاڵبە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەگەڕێنێتەوە:

أ-زیاتر درامیو سەرنج راکێشە.

پ-ئاسانترە بۆ تێگەیشتن.

ب-رەگەزەگانی بەشێوەیەکی ئاسایی دەردەکەوێ.

ج-کورتیش ناکرێنەوە.

لەم قاڵبەی دارشتنی هەواڵدا پێویستە ژمارەیەك لەرەگەزەکانی سەرنج راکێشان (تەشویقی) بخرێنە ناو هەواڵەکە، یا ئەگەر هەر هیچ نەبێ رەگەزێکی تێدابێت.

فریزەر بۆند-یش لە کتێبەکەیدا (مدخل الى الصحافه) رەگەزەکانی سەرنج راکێشانی لەم خاڵانە داناوە:

١-بایەخدان بە خود.

٢-سێکس.

٣-پارە.

٤-ململانێ.

٥-نامۆیی.

٦-پاڵەوانو ناوبانگی.

٧-چاوەڕوانی.

٨-مەیلی مرۆییانە.

٩-تاوان.

١٠-داهێنانو دۆزینەوە.

١١-ئەو رووداوانەی کە پەیوەندییان بە گرووپە گەورەکانەوە هەیە.

نموونە:

### تانیا بةنیازة بفریت

تانیا کە کچێکی تەمەن ٢٥ ساڵەیەو خەڵکی مۆسکۆیە، لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە بڕیاری داوە خەوەکەی بهێنێتەدی.

وابڕیارە تانیا رۆژی یەک شەممەی ئایندە لە تەلارێکی بەرزی شاری مۆسکۆوە لەبەردەم زوومی کامێرای کەناڵەکانی راگەیاندن خەوەکەی بهێنێتەدی.

بە گوێرەی قسەکانی تانیا، لە هەموو روویەکەوە ئامادەکاریی پێویستی کردووەو بێ دوودڵی بە هۆی دوو باڵی دەستکردەوە وەک باڵندە دەفڕێت.

**٣-قالبی زەمەنیی بەدوای‌یەك:**

یەکێکە لە کۆنترین شێوازەکانی نووسینەوەی هەواڵو پشت بە ریزبەندیی بەشەکانی رووداوەکە دەبەستێت، واتا لەسەرەتای رووداوەکەوە دەست پێدەکاتو دواتر بەگوێرەی ریزبەندیی کاتەکە رێکیان دەخات. لەسەرەتای هەواڵەکەدا پوختەیەکی کورت لەبارەی رووداوەکە دەخاتەڕوو ئنجا دێتە سەر وردەکارییەکانی دیکەی رووداوەکە تا دەگاتە کۆتاییو ئەنجامەکەی. ئەم قالبە بە ئاسانی دەنووسرێتو هەروەك تێگەیشتنو ئیستیعاب کردنیشی لەلای خوێنەرەوە ئاسانە.



نموونە:

### هةلَةبجة
### يادى ١٥ سالَةى كارةساتى كيمياباران كرايةوة

دوێنێ بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی، لەرێوڕەسمێکدا یادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەڕێوەچوو.

لەسەرەتای رێوڕەسمەکەدا وتەی لیژنەی رێکخەری یادەکە خوێنرایەوەو تێیدا وێرای بەخێرهێنانی میوانەکان، ئاماژە بەوەدرا کە یادکردنەوەی ئەمسال جیایە لە ساڵانی پێشوو چونکە رژێمی بەعس لەناوچووەو مەترسیی رووداننەوەی کارەساتی لەمجۆرە نەماوە.

دواتر وتەی کەسوکاری قوربانیانی کارەساتە خوێنرایەوەو کۆمەڵێک داخوازیو پێشنیازی تێدا خرایەروو بە مەبەستی چاککردنی گوزەرانیان.

لەبەشێکی دیکەی رێوڕەسمەکەدا تاجەگوڵینەوەی رێزو وەفا لەسەر مەزاری شەهیدان دانرا. پاشان ئامادەبووان دەقیقەیەک وەستان وەک وەفایەک بۆ گیانی پاکی شەهیدان.

**٤-قالبی وتەی گواستراوە:**

بۆ نموونە ئەگەر کەسایەتیەکی دیارو گرنگ وتەیەکی پێشکەش کرد کە زانیاری نوێو بۆچوونو هەڵوێستی گرنگی لەخۆگرتبێت، لە نووسینی هەواڵ بەم شێوازە دەکرێ لەسەرەتا ئاماژەیەکی کورت بە گرنگترین بۆچوون یا زانیارییەکی ناو وتەکە بدرێتو دواتر دێرێك یا پەرەگرافێك لە قسەکانی وەربگیرێت. (بڕوانە هێلکارییەکە)

پوختەی وتە یا بۆچوون یا هەڵوێست یا زانیاری
↓
دێرێك یا پەرەگرافێك لە وتەكە
↓
پوختەی وتە یا بۆچوون یا هەڵوێست یا زانیاری
↓
دێرێك یا پەرەگرافێك لە وتەكە

نموونە:

### كۆفی ئەنان: UN پابەندە بە هاریكاریی عیراقییەكان

كۆفی ئەنان سكرتێری گشتی نەتەوەیەكگرتووەكان رایگەیاند كە نەتەوەیەكگرتووەكان پابەندە بە هاریكاریی كردنی عیراقییەكان لە پێكهێنانی حكومەتێكی دیموكراتی، بەڵام ناتوانێت فەرمانبەرانی خۆی بگێڕێتەوە عیراق تا رەوشی ئاسایش باشتر نەبێت.

لەوتەیەكیدا لەبەردەم پەرلەمانی ژاپۆندا ئەنان گوتی: "گێڕانەوەی سەروەری كارێكی بنەڕەتییە بۆ سەقامگیری". تەئكیدیشی كردەوە كە نەتەوەیەكگرتووەكان پابەندە بە بەخشینی ئەوپەڕی هەوڵەكانی بۆ پاراستنی یەكێتی خاكی عیراق‌و پێكهێنانی حكومەتێكی خاوەن شەرعیەت‌و دیموكرات لەسەر بنەمای حوكمی یاسادا. هەروەها گوتی: "ناكرێت ئەمساڵ یا سەرەتای ساڵی دادێ هەڵبژاردن لە عیراقدا ئەنجام بدرێت".



## راپۆرتە هەواڵ

راپۆرت، خستنەڕووی وردەكارییەكانی هەواڵە بەلایەنە جیاوازییەكانیشیەوە، واتا بریتی‌یە لە وەسفكردنی تەواوی رووداوەكەو هۆكارو چۆنیەتی رووداني تا دەگاتە ئاكام‌و هەندێ جاریش پێشبینی‌كردنی پێشهاتیش.

راپۆرت جیا لە هەواڵ، تەنها مەبەستی گەیاندنی هەواڵێكی دیاریكراو نییە، بەڵكو زانیاری تەواویش دەبەخشێ‌و گەلێ جاریش زانیاری‌و هەواڵی دیكەشی تێدایەو هەروەها زۆرجار بۆچوونی راپۆرت نووسەكەش لەخۆدەگرێت كە ئەویش دەبێ شارەزاو لێهاتوو بێت لە راپۆرت نووسیندا، چونكە هەموو رۆژنامەنووسێك بە تایبەتیش ئەوانەی تازەن لە بوارەكەدا ئەگەرچی شارەزابن لە نووسینەوەی هەواڵدا، بەڵام مەرج نییە توانایان بەسەر نووسینەوەی راپۆرت بە شێوەیەكی رێكوپێكدا بشكێت.

راپۆرت‌و هەواڵ جیاوازیان زۆر كەمەو تەنانەت بە بۆچوونی هەندێ پسپۆری بوارەكە، راپۆرت هەواڵێكی درێژە، چونكە وەكو هەواڵ، ئەویش وەڵامی پێنج پرسیارە سەرەكییەكە دەداتەوە، ئەگەرچی زیاتر وەڵامی بۆ هەردوو پرسیاری (بۆچی‌و چۆن؟) پێیە. بە كورتی راپۆرتە هەواڵ هەوڵدەدات حەزو ئارەزووی خوێنەر بۆ زانیاری زیاتر لەسەر رووداوەكان تێر بكات.

بۆ ئامادەكردنی راپۆرت لەسەر هەر هەواڵێك یا رووداوێك، ئەگەر وەرگیراو نەبێت لەسەرچاوەیەكی ترو وەرگێڕدراویش نەبێت، راپۆرت نووس بۆ دەستكەوتنی زانیاری پێویست، پەیوەندیی بە كەسانی ئاگادار لە رووداوەكە یان لایەنی بەرپرس دەكات‌و هەندێ جار بۆچوونی كەسانێكیشی تێدا دەخرێتەڕوو، ئەمە جگەلەوەی كە

ئەگەر پێویست بکات و هەبێت پێشینەیەکی هەواڵەکەش باس دەکرێت، کە تەنانەت رەنگە پەیوەندیشیان بە رووداوەکەوە نەبێت.

لێرەدا، زۆر کەس وای بۆ دەچێت کەمادام لەراپۆرتە هەواڵیشدا زۆرجار قسە لەگەڵ لایەنی بەرپرس و کەسانی پەیوەندیدارەوە دەکرێت و بۆچوونی چەند کەسێك وەردەگیرێت و بەهەمان شێوە وێنەو وردەکاریی رووداوەکانیش دەخرێنەڕوو، بۆیە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسیدا نییەو هەر یەك شتن.

لەراستیدا ئەم بۆچوونانە لەسەرێکەوە ئەگەر سەیری ئەم خاڵانەی باسمان کرد بکەین، ئەوا لەیەك نزیکییەك بەدیی دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راپۆرت و ریپۆرتاژ زۆر لەیەکتر جیاوازن و لەهەمان کاتیشدا شارەزایی جیاوازیشی گەرەکە[٧]، چونکە:

١-ریپۆرتاژ، وەکو هونەرێکی رۆژنامەنووسیی بە زۆری بەهۆی هەواڵ، کێشە یان مەسەلەیەك یا رووداوو بیرۆکەیەکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگەکەی خۆی دروست دەبێت، بەڵام راپۆرت بەدواداچوونێکی تەفصیلیی هەواڵێکی گەرم و گوڕە رەنگە ناوخۆیی یان دەرەکیش بێت.

٢-لە راپۆرتدا، بۆچوونی نووسەر ئەگەر بشخرێتەڕوو، ئەوا لەبارەی پێشهاتێکە، بەڵام لە ریپۆرتاژدا نووسەرەکەی پێشنیازی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکە یان ئەنجامێکی مەسەلەیەکی گرنگ کە رەنگە رەگەزی هەواڵی تێدا نەبێت، دەکات.

٣-بۆ ئامادەکردنی ریپۆرتاژ، دەکرێت زیاتر لە کەسێك خەریکی بێت، بەڵام راپۆرت زیاتر واباوە کە تەنها کەسێك ئامادەی بکات و بۆ ئەم مەبەستەش پشت بەسەرچاوەکانی دیکەی وەك ئاژانسەکانی



راگەیاندن و هەواڵی پەیامنێرەکان و چەندین سەرچاوەی تر دەبەستێت.

٤-ئامادەکردنی راپۆرت، ماوەیەکی کەم دەخایەنێت کە ئەویش لەسەر ماوەی رووداوەکە بەندە، واتا بۆ نموونە ئەگەر کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت تا دانیشتنەکان تەواو نەبن، ناتوانرێت راپۆرتی لەبارەوە ئامادەبکرێت. ماوەی ئامادەکردنی راپۆرت گەلێکجار لەسەعاتێك کەمتر دەخایەنێت، هەندێ جار زیاترو رەنگە رۆژێکیش بخایەنێت، بەڵام رپیۆرتاژ ماوەی زیاترەو ئەگەر زوو تەواو بکرێت، ئەوا چەند سەعاتێك دەخایەنێت، زۆربەی جاریش ریپۆرتاژ زیاتر لە رۆژێك دەخایەنێت و دووریش نییە هەفتەو مانگیشی پێبچێت.

٥-ئەرکی سەرەکیی راپۆرت خستنەڕووی وردەکارییەکانی هەواڵ و پێشکەشکردنی زانیاریە لەبارەیەوە، بەڵام ریپۆرتاژ زیاتر ئەرکی ئاڕاستەکردن بەدیی دەهێنێت.

٦-لەڕووی هونەریشەوە، هەردووکیان جیاوازییان هەیەو لە راپۆرتدا ئاساییە ئەگەر یەك وێنەو یەك مانشێتیش بەکاربێت، بەڵام لە ریپۆرتاژدا دەبێت وێنەو مانشێت بە تایبەتی مانشێتی فەرعی زۆرتر بەکاربهێنرێت. جگەلەوە چۆنیەتی نووسینەوەشیان لەیەکتر جیاوازە، راپۆرت زیاتر بەیەکێك لە قاڵبەکانی نووسینەوەی هەواڵ دەنووسرێت، بەڵام ریپۆرتاژ بە شێوازی تایبەتی خۆی کە لەبەشەکانی داهاتوودا باسی دەکەین، دەنووسرێتەوە. ئەمە جگەلەوەی کە جۆری مانشێتەکانیش جیاوازن لەیەکتری.

لەبەر ئەو هۆکارانە ریپۆرتاژو راپۆرت هەردووکیان بەدوو هونەری جیا لەیەکتری دادەنرێن و لە زۆربەی سەرچاوەکانیشدا پێناسەی جیاوازیان هەیە.

بۆ نموونە د. کەرەم شەلەبی لە کتێبی (فەرهەنگی زاراوەکانی ڕاگەیاندن)دا، بەمجۆرە پێناسەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی کردووە: "بەدواداچوونی تەواوی هەواڵێکە کە سەرجەم وردەکارییەکانی لەخۆدەگرێو هۆکارو چۆنیەتی ڕوودانو پەرەسەندنیو کاریگەرییەکانی لەخۆدەگرێتو جگەلەوە خۆی لەنێوان هەواڵو ریپۆرتاژدا دەبینێتەوە".

ڕاپۆرت پێناسەی تریشی بۆ کراوە، بۆ نموونە لای نێوەندە ڕۆژنامەنووسییەکانی خۆمان لە کوردستان ڕاپۆرت بە هەواڵێکی درێژ دادەنرێت کە وردەکاریی تەواوی ڕووداوەکە دەدات بەدەستەوە.

لەهەرچی ڕۆژنامەو کەناڵێکی دیکەی ڕاگەیاندندا هەیە، ڕاپۆرتە هەواڵ گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیەو ڕۆژانە دەیان ڕاپۆرت لە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنو ڕادیۆ دەبینینو دەبیستین، چونکە خوێنەرو گوێگر، بەهۆی ئارەزووەکانی بۆ زانینی هەرچی زیاتری زانیاری بە هەواڵ ئیکتیفا ناکاتو چاوی لەزانیاریو وردەکاریی زیاترە لەسەر هەواڵو ڕووداوەکە، لەبەر ئەوەش بایەخی ڕاپۆرت تادێت زیاد دەکاتو لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشدا کاری پێدەکرێت. ڕاپۆرت جگە لە پێشکەشکردنی زانیاری لەسەر ڕووداوەکەو خستنەڕووی لایەنە جیاوازەکانی، چەند بایەخێکی تریشی هەیە کە لە ڕۆژنامەنووسیدا بە ئەرکی ڕاپۆرت ناسراون، وەکو ئاڕاستەکردنو ئامۆژگاری، هەواڵدانو هەروەها کات بەسەربردن.

لەڕاپۆرتدا بەهۆی درێژییەکەی لەلایەكو لەلایەکی تریشەوە بە هۆی ئەوەی نووسەرەکەی بواری ڕادەربڕینی تێدا هەیەو تەنانەت هەر خۆیشی خاوەنیەتی، دەبێ ڕۆژنامەنووس وشیار بێت لە بێ



لایەنیی ئەو زانیارییو هەروەها بۆچوونانەش کە دەیخاتەڕوو، نابی بەهیچ شێوەیەك مۆرکی کەسێتی بە ڕاپۆرتەوە دیاربێت.

هەروەها ڕاپۆرت دەکرێ ڕوومالّی کۆبوونەوە، وتەی کەسایەتیەکی بەناوبانگ، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی، سەردانێکی گرنگ، توێژینەوەیەکی نوێ، لێدوانی کەسێکی دیار لەبارەی ڕووداوێك بکات جا ئەگەر ئەم لایەنانە لەهەر بوارێکدا خۆیان ببیننەوە وەك سیاسەت، هونەر، ئەدەب، ئابووریو ڕووناکبیریو ..هتد، هەروەك ڕەنگە سادە بێو لەبارەی تاکە لایەنێکی بابەتەکە بێت، ڕەنگە تێکەڵیش بێتو چەند لایەنێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکە لەخۆبگرێت.

جگەلەوانەش ڕاپۆرتە هەواڵ ڕەنگە لەبارەی بابەتێکی گەرموگوڕەوە بێت، لە هەمان کاتیشدا ڕەنگە لەبارەی بابەتو مەسەلەیەکی شاراوەو سارد بێت بەڵام بەلای خوێنەر گرنگ بێتو ئەوە بهێنێ ئاشکرا بکرێت.

## سەرچاوەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ

زانیارییەکان بۆ نووسینەوەی ڕاپۆرتە هەواڵ بە زۆری لەم سەرچاوانە وەردەگیرێن[٨]:

١- ئاژانسەکانی هەواڵ
٢- ڕادیۆو تەلەفزیۆنە ناوخۆییو نێودەوڵەتییەکان
٣- پەیامنێری ناوخۆییو دەرەوە
٤- نێردراوی ڕۆژنامەنووسی
٥- ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان
٦- خزمەتگوزاریی تایبەت بۆ هەواڵ

٧- بەڵگەنامەکان

٨- کۆنگرەو لێدوانە رۆژنامەنووسییەکان

٩- ئەرشیفی رۆژنامەنووسی

١٠-باکگراوندی رۆشنبیریی تایبەتی نووسەری راپۆرتە هەواڵ

١١-دامەزراوە رەسمییەکان

١٢-پەیوەندیی راپۆرتە هەواڵ نووس لەگەڵ کەسایەتیی رەسمی میللیو دیپلۆماتو رێکخراوە جیاجیاکان



## پەراوێزی بەشی یەکەم

١-د. عبدالستار جواد_ فن كتابة الاخبار_دار مجدلاوي للنشر_عمان_١٩٩٩_ل٤٧

٢-جاك لول_دليل الصحفي في العالم الثالث_ترجمة كمال رؤوف_القاهرة_١٩٨٨_ل٣٧

٣-د. عبدالستار جواد_ فن كتابة الاخبار_ سەرچاوەیەکی پێشووە_ل١٩

٤-البرت ل. هستر، واى لان. ج. تو_ دليل الصحفي في العالم الثالث_ل٢٤٥

٥-د. صلاح قبضايا_ تحرير واخراج الصحف_المكتب المصري الحديث_ القاهرة_١٩٨٥_ل٦٥

٦-بروانە (فن كتابة الاخبار)ی د. عبدالستار جواد_ سەرچاوەیەکی پێشووە.

٧-فاروق علي عمر_ مفاتيح السلطة الرابعة: كيف تصبح صحفيا في عالم متحول_ بغداد_ ٢٠٠٣_ل١٤

٨-فاروق علي عمر-مفاتيح السلطة الرابعة_ هەمان سەرچاوەی پێشوو_ل١٣

# بەشی دووەم

## ریپۆرتاژ

**پوختەیەکی مێژوویی**

**جیاوازی ریپۆرتاژ لەگەڵ هەندێ شێوازی دیکەی نووسیندا**

**هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ریپۆرتاژ**

**نووسینەوەی ریپۆرتاژ**

**جۆرەکانی ریپۆرتاژ**

**شێوازەکانی ریپۆرتاژ**

**سەرچاوەکانی ریپۆرتاژ**

# ریپۆرتاژ

## پوختەیەکی مێژوویی

ڕەنگە ریپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسیی یەکێك بێت لە نوێترین شێوازو ئامرازە ڕۆژنامەنووسییەکانو زۆر لەسەرچاوەو نێوەندە ڕۆژنامەنووسییەکان سەرەتای ئەم هونەرەو بەکارهێنانی دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیست. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، مێژووی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی سەرەتای سەرهەڵدانی ریپۆرتاژ دەباتەوە بۆ سەدەیەك بەر لەو مێژووەو باس لەوە دەکا کە لەسەدەی نۆزدەدا، لە ڕۆژنامەگەریی ئەورووپادا کاری پێکراوە.

بەگوێرەی هەندێ سەرچاوەی مێژوو دیفۆ (DEFO) یەکەم کەس بووە لە ڕۆژنامەگەریی ئینگلیزیدا ریپۆرتاژی نووسیوەو دوای ئەویش نۆرتگلیف لەساڵی ١٨٩٦دا کاری پێکردووەو ریپۆرتاژی کردۆتە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ڕۆژنامە میللییەکەی کە (دەیلی مەیل DAILY MAIL)بوو[1].

دواتریش بەهۆی بڵاوبوونەوەی خوێندەواریو سەرهەڵدانی بیرۆکە دیموکراسییەکان، وەك گفتوگۆکردنو دەربڕینی ئازادانەی بیروبۆچوونەکان، هۆکاری سەرەکیی بوون بۆ سەرهەڵدانو بڵاوبوونەوەو پێشکەوتنی ریپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی تا بووە یەکێك لە هونەرە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەگەریی جیهان. ئینجا پێشکەوتنی فیکری کۆمەڵایەتی وەك بەئاگابوون لە کێشە ئابووریو سیاسیو فەرهەنگییەکان خەڵکی هاندا بۆ ئەوەی کاربکەن لەپێناو گۆڕینی حاڵەتی کۆمەڵایەتییان بەرەو باشتر، کە ئەمەش لە هەمان کاتدا وایکرد لە بواری ڕۆژنامەنووسیشدا زیاتر بایەخ بە ریپۆرتاژ بدرێو فراوانتر بێ.



هەندێ لە شارەزایانی بواری ڕۆژنامەنووسیی، هەر بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیی ئەگەر زیاد لە بۆچوونێکی تێدابوو بە ریپۆرتاژی دادەنێن، تەنانەت هەندێکیان ریپۆرتاژ تەنها بە زنجیرەیەك لە چاوپێکەوتنو گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسی دادەنێن کە تایبەتن بەیەك پرسیارو ئاڕاستەی چەند کەسانێك دەکرێت.

لەراستیدا ئەم بۆچوونانە هەڵەن، ریپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسیی زۆر لەوە جیاوازەو زۆریش لەوە فراوانترەو بریتیە لە چارەسەرێك یا بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ دیاردەیەکی دیاریکراوو ورووژێندراو بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەر بە هۆکارو لایەنەکانی دیاردەکە[2].

ریپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی بەوەش پێناسەدەکرێ کە هونەرێکە بەهۆی هەواڵێك یا بیرۆکەیەك یا کێشەیەك یا هەر مەسەلەیەکی دیکە دروست دەبێت کە ڕۆژنامەنووس لەناو ئەم کۆمەڵە هەڵیدێنجێ (دەستی دەکەوێ)کە خۆی تێیدا دەژییو دواتریش زۆرترین زانیاریو بۆچوونی پەیوەندیدار بەمەسەلەکە کۆدەکاتەوەو هەوڵدەدا لە ڕوانگەی خۆیەوە بگات بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو مەسەلەی کە لە ریپۆرتاژەکەدا دەورووژێندرێ[3]، لە هەمان کاتدا ریپۆرتاژ وەك هونەرێك ، ڕەنگە زۆربەی هونەرەکانی دیکەش لەخۆبگرێ وەك هەواڵ، گفتوگۆ، دەربڕینی بۆچوونێك یا ڕاپرسییەك یا توێژینەوە، ئەمە جگەلەوەی کە تا ڕادەیەکی زۆریش پشت بە وێنەی فۆتۆگرافی یا کاریکاتێرو وێنەی کێشراویش دەبەستێت.

هەروەها ریپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی، لەو هۆکارو فاکتەرە کۆمەڵایەتی یا سیاسی یا ئابووری یا فیکرییانە دەکۆڵێتەوە کە لە پشت بابەتی ریپۆرتاژەکەوە هەنو هەواڵی ڕاڤەکردنیانو ڕوونکردنەوەیان دەدات.

پێویستیشە، ئەوەی کاری ریپۆرتاژەکە دەکات، ڕۆحیەتی لێکۆڵینەوەی هەبێ لەسەر مەسەلەکە بۆ ئەوەی بگاتە ڕاستیی دیاردەکەو لایەنو

هۆكارەكانی بۆ دەربكەوێ تا دواتر بە ئەمانەتەوە پێشكەش بە خوێنەری بكات.

لێرەدا دەردەكەوێ كە كاری ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی زۆر لە كاری لێكۆڵینەوەیەكی پۆلیسی دەچێت كاتێك پۆلیسەكە لەسەر تاوانێكی گەورە لێكۆڵینەوە دەكاتو بۆ ئەمەش سەردانی شوێنی تاوان یا رووداوەكە دەكاو شوێنەكە بە تەواویی دەپشكنێ تا بزانێ چۆن تاوانەكە كراوەو چ ئامرازێكی بۆ بەكارهێنراوە، ئنجا ئەو كەسانەش دیاریی دەكا كە لەبارەی رووداوەكەوە پرسیارییان لێدەكات. بە كورتی پۆلیسەكە هەوڵ دەدا زۆرترین زانیاری كۆبكاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ئاسایی پەنا دەباتە بەر ئەرشیفو دۆسیەی تایبەتی ئەو كەسانەش كە پەیوەندییان بە رووداوەكەوە هەیە[٤].

بە هەمان شێوەش رۆژنامەنووس كاری ریپۆرتاژەكەی دەكا، بەڵام لە روانگەیەكی رۆژنامەنووسییانەوەو دەشبێ رەچاوی ئەوەی تێدابكرێ كە مەبەستەكەی راڤەكردنێكی كۆمەڵایەتییانەی رووداوەكانە، هەروەك چۆن راڤەكردنی لایەنی دەروونیی ئەو كەسانەشە كە پەیوەندییان بە رووداوەكەوە (مەسەلەكە) هەیە.

## جیاوازیی ریپۆرتاژ لەگەڵ هەندێ شێوازی دیكەی نووسیندا

**لەگەڵ هەواڵدا:**

ئەگەر هەواڵ وەڵامی پێنج پرسیارە سەرەكیەكە بێ: كێ؟ كەی؟ چی؟ لەكوێ؟ بۆچی؟ ، ئەوا ریپۆرتاژ بە شێوەیەكی سەرەكی وەڵامی پرسیارێك دەداتەوە كە ئەویش بریتییە لە: بۆچی؟[٥].

هەواڵ، بابەتەكە یان رووداوەكەو بارودۆخەكەیو هەروەها شوێنەكەیو زۆرجاریش كەسانی پەیوەندیداریش دەخاتەڕوو، لە كاتێكدا ریپۆرتاژ هەوڵی



راڤەكردنو تیشك خستنەسەر رووداوەكە دەداو هۆكارە دەروونیو مادییەكان روون دەكاتەوە، واتا كۆمەڵێك تیشك دەخاتە سەر لایەنەكانی كێشەكەو هەوڵ دەدا سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتەكەی رابكێشێ.

**لەگەڵ چیرۆكدا:**

چیرۆك چ درێژو چ كورت، سەرەڕای ئەوەی كە هەندێكجار رەنگە وێنەی بەشێك لە واقیعی ژیان لەخۆبگرێت، بەڵام بەشێوەیەكی سەرەكی پشت بە خەیاڵ دەبەستێو لە قاڵبێكی چیرۆكانە دادەڕێژرێ، كەچی ریپۆرتاژ بە پێچەوانەوە تەواو پشت بە راستییە بەرجەستەكانو واقیعو گلەییو سكاڵای خەڵك لەلایەنێكی دیاریكراوی ژیانیان دەبەستێت.

**لەگەڵ سەروتاردا:**

سەروتار بۆچوونو رای رۆژنامەكەی تێدا دەردەبڕدرێ، بەڵام ریپۆرتاژ وانییەو لە سیاسەتو بۆچوونی رۆژنامە دەرنابڕێ ئەگەرچی لە هەمان كاتدا دژیشی نییە. ریپۆرتاژ وێنەیەكە لە وێنەكانی ژیانی واقیعو لە قاڵبێكی رۆژنامەنووسییانەدا داڕێژراوەو نووسەرەكەشی بۆ ئەو مەبەستە، پشت بە ئەزموونو تێڕوانینو گەڕانو پەیوەندییەكانی خۆی بەستووەو هەروەها رەنگە تا رادەیەكیش پشتی بەزانستو یاساكانی تاوانكاریو دەروونناسی رەوشتو..تد بەستبێت.

**لەگەڵ وتاری ئەدەبیدا:**

ریپۆرتاژ زیاتر بابەتییانەیە، لە كاتێكدا وتاری ئەدەبی زیاتر خودییەو (ذاتي)پەیوەندیی بە خودەوە هەیە، واتا خودی نووسەری وتارە ئەدەبییەكە، بێ ئەوەی زۆر بایەخ بە هەستو ویستو ئارەزووی دەوروبەر (خوێنەر)بدرێ، بەڵام لە ریپۆرتاژە رۆژنامەنووسییەكەدا، بابەتەكە راستەوخۆ پەیوەندیی بە كۆمەڵەوە هەیەو تەواو رەچاوی خوێنەری تێدا دەكرێت.

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ریپۆرتاژ

ئامادەکردنی هەر ریپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسی، بەچەند هەنگاوێکدا تێدەپەرێت تا تەواو ئامادە دەکرێ بۆ بڵاوکردنەوەی. گرنگترین ئەم هەنگاوانەش بریتین لە:

**یەکەم/ دیاریکردنی بیرۆکە یا بابەتی ریپۆرتاژ:**

یەکەم هەنگاو لە ئامادەکردنی ریپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسی، بەدیاریکردنی بیرۆکەی ریپۆرتاژەکە دەست پێدەکات.

دەستنیشانکردنی ئەم بیرۆکەیەش وا بەخۆڕایی‌و بێ رەچاوکردنی هەندێ بنەما ناکرێ، بەڵکو دەبێ چەند خاڵێکی تێدا رەچاوبکرێ، لەوانە دەبێ زیاتر لە رووداوە تازەکانەوە وەرگیرابێ‌و پەیوەندیی بە خەڵکیشەوە هەبێت، واتا خەڵکی پێوە خەریکبێ‌و جێی بایەخی ئەوان بێت. زۆریش لە شارەزایانی بواری رۆژنامەنووسیی بەوە ئامۆژگاریی ریپۆرتاژنووسەکان دەکەن کە لەکاتی دیاریکردنی بیرۆکەی ریپۆرتاژەکەیاندا، واباشترە پشت بەچەند فاکتەرێك ببەستن وەك نزیکیی کات‌و شوێن‌و هەروەها ئاستی کاریگەری‌و رەگەزەکانی سەرنج راکێشان‌و ناوبانگیش، کە واباشترە لە بیرۆکەکەدا هەبن.

بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا، بۆ هەندێ حاڵەت مەرج نییە بیرۆکەی ریپۆرتاژەکە زۆر تازەبێ یا پێشتر باسی لێوە نەکرابێ، بەڵکو ئاساییەو دەکرێ ئەگەر باس لە بابەتێك بکا کە پێشتر ریپۆرتاژی لەسەر کرابێ، بەڵام ئەمجارەیان دەبێ لە گۆشەنیگایەکی ترەوە بێ، نموونە بۆ ئەوە تاقیکردنەوەی قوتابیانە کە ساڵانە دووبارە دەبێتەوەو دەکرێ لە گۆشەیەکی‌ترەوە بخرێتەڕوو، جا چ باس لە شێوازی پرسیارەکان بکرێ یا لە بارودۆخ‌و کەشی هۆڵی تاقیکردنەوەکان یا ئەگەری دزینی پرسیارەکان‌و چەندین لایەنی تریش.



لە راستیدا دیاریکردنی بیرۆکەی ریپۆرتاژ، بە قورسترین قۆناغەکانی ئامادەکردنی ئەم هونەرە دادەنرێت، چونکە دەبێ رەچاوی ئەم خاڵانەی تێدا بکرێ کە پێشتر باس کراون بۆ ئەوەی ببێتە جێی بایەخی خوێنەر، تەنانەت لە زۆر رۆژنامەی پێشکەوتوودا، ژمارەیەك رۆژنامەنووسی پسپۆرو بەتوانا لەئەرکە رۆژنامەنووسییەکەیاندا تەرخانکراون بۆ ئەوەی بیرۆکەی رپیۆرتاژ دەست نیشان بکەن‌و هەڵیبژێرن، ئەویش لەبەرئەوەیە کە ئەوان خێرا دەزانن چ بابەتێك دەبێتە جێی بایەخی خوێنەرو پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەیە.

**دووەم/ئامانج:**

دووەم کار کە ریپۆرتاژنووس دوای دیاریکردنی بیرۆکەی کارەکەی دەیکات، بریتیە لە دەست نیشانکردنی ئامانجێکی دیاریکراو لە مێشکی خۆیدا، لە هەمان کاتدا ئەو راستی‌و خاڵانەی کە دەیەوێ پێی بگات دەبێ لای روون‌و ئاشکرا بێت.

پێویستە ئەو گۆڕانکارییانەشی لەبەرچاوبێ کە بەنیازە لە بیروهۆشی خوێنەردا بیکات، یاخود ئەو لایەنەگرنگانەی کە دەیەوێ لەبەرچاوی خوێنەرو لێپرسراوان زەقی بکاتەوە. ئیتر بەمجۆرە لەسەر بنەمای ئامانجەکە، ریپۆرتاژنووس پلانی کارەکەی دادەنێ.

**سێیەم/کۆکردنەوەی زانیاری بەرایی لەسەر بابەتەکە:**

لەگەڵ دیاریکردنی بیرۆکەی ریپۆرتاژەکەدا، رۆژنامەنووس دەبێ باکگراوندێکی لەسەر بابەتەکە هەبێ‌و لەوەش دڵنیا بێ کە دەتوانێ زانیاریی لەسەر کۆبکاتەوەو کاری تێدا بکات.

بۆ دەستکەوتنی ئەو زانیارییانەش، ریپۆرتاژنووس دوو شوێن هەیە تا رووی تێبکاو سوودی لێوەربگرێ:

١/ ئەرشیفی رۆژنامە:

لێرە هەموو ئەو بابەتو وتارانەی دەست دەکەوێ کە لە رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە جیاوازەکاندا لەسەر بابەتی ریپۆرتاژەکەی نووسراوە، هەروەها ئەو توێژینەوەو بەڵگەنامەو ئامارانەشی دەست دەکەوێ کە پێشتر لەسەر بابەتەکە ئامادەکراون.

٢/کتێبخانە:

بەهەمان شێوە ئامادەکاری ریپۆرتاژ ئەو کتێبو نامیلکانەی دەست دەکەوێ کە چ دوورو چ نزیك پەیوەندییان بە بابەتی ریپۆرتاژەکەیەوە هەیە.

بۆ نموونە ئەگەر ریپۆرتاژنووس بیرۆکەی ریپۆرتاژەکەی لەسەر مەسەلەی تاوان بێ ئەوا لەو سەرچاوانەی باسمان کردن دەتوانێ بەیاساو سزاکانو لایەنی دەروونیو تێڕوانینی زانایانی ئەم بوارە ئاشنا بێ.

جگە لەم دوو سەرچاوەیە، دەشتوانرێ لە رێگەی پەیوەندیی کردن بە کەسایەتییەکی ئاشناو ئاگادار بە بابەتی ریپۆرتاژەکە، بە هەمان شێوە زانیاریی لەسەر بابەتەکە کۆبکرێتەوە.

**چوارەم/جێبەجێکردنی ریپۆرتاژ:**

جێبەجێکردنەکە کاتێك دەست پێدەکات کە رۆژنامەنووس یەکەم هەنگاوی مەیدانیی دەست پێدەکات بۆ بەدەست هێنانی زانیاریی تازەو زیندوو لەسەر بابەتەکەی، ئەم زانیارییانەش لای ئەو کەسانە دەست دەکەون کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتی ریپۆرتاژەکەیەوە هەیە. لێرەشدا دەبێ ریپۆرتاژنووس چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەشدا بکاو چەند پرسیارێکیشیان لەبارەی بابەتەکەوە ئاڕاستە بکات. بەڵام بەرلەوە دەبێ ئامادەکاری ریپۆرتاژ هەموو ئەو کەسو لایەنانەی دەست نیشان کردبێ کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکاو زانیارییان لێوەردەگرێت.



دوای تەواوبوونی ئەم قۆناغەش ئامادەکاری ریپۆرتاژ هەموو ئەو زانیاریو بۆچوونو بەرهەمانەی کە چ لە ئەرشیف یا لە کتێبخانە یا لە بەدواداچوونە مەیدانییەکەیدا کۆی کردوونەتەوە، لەبەردەم خۆی دایدەنێ بۆ ئەوەی یەك بەیەك هەڵیانبسەنگێنێو دواتریش دەست بکات بە نووسینەوەی ریپۆرتاژەکەی.

**پێنجەم/نووسینەوەی ریپۆرتاژ:**

نووسینەوە بە دوا قۆناغی ئامادەکردنی ریپۆرتاژ دادەنرێت، کە ئەمەش هەر دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی بەکارەکە هەڵساوە، واتا رۆژنامەنووسەکە کە دەشبێ بۆ ئەوە لە سێ حاڵەت دووربکەوێتەوە کە گاریگەریی سلبیی لەسەر کارەکەی دەبێ:

١/پێشبینیکردنو دانانی پێشوەختی قەوارەو ژمارەی وشەکانی ریپۆرتاژەکەی، کە ئەوە یا دەبێتە هۆی زیاد لە پێویست کورتکردنەوەی ریپۆرتاژەکە یانیش درێژدادڕیی تێدادەکرێ.

٢/بەکارهێنانی وشەو دەربڕینی سەیرو نامۆ یا زاراوەی ئاڵۆز لەبوارە جیاجیاکاندا.

٣/هەستکردن بەسەرکەوتنو زانایی تەواوو خۆپێدەرخستنیو ئاخاوتن لەگەڵ خوێنەر لە ئاستێکی بەرزترەوە، واتا خۆبەزل زانین، کە ئەوەشیان دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی خوێنەر.

لەگەڵ دوورکەوتنەوە لەم خاڵانەی سەرەوە، لە هەمان کاتدا رۆژنامەنووس نابێ ئەوە لەبیربکا کە ئامانج لەکارە رۆژنامەنووسییەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە وەڵامدانەوەو بەدواداچوونی هەردوو پرسیاری (چۆن؟ بۆچی؟).

بۆ نووسینەوەی ریپۆرتاژ بە پشت بەستن بە بنەمایەکی زانستیانە، بە زۆریی قاڵبی هەرەمی ریك بەکاردێت کە بە بەباشترین شێواز دادەنرێت.

ئەم شێوازەش لە سێ بەش پێکدێت:

-پێشەکی (سەرەتا)

-جەستە (ناوەرۆك)

-کۆتایی (ئەنجام)

لەپێشەکییەکەدا رۆژنامەنووس بەشێوەیەکی بابەتییانە کرۆکی کارەکەی دەخاتەڕوو بەجۆرێکی وا کە لە هەمان کاتدا دەبێ رەچاوی سەرنج راکێشانی خوێنەریشی تێدا بکات. لەم حاڵەتەشدا پێشەکییەکە چەند شێوازێکی دەبێ، لەوانە:

⋆رەنگە ئامادەکاری ریپۆرتاژ لە گۆشەیەکی سەرەکیەوە جەخت لەسەر لایەنێکی بابەتی ریپۆرتاژەکە بکاتەوە، دواتریش دەبێ لەبەشی دووەمدا (جەستە) لایەنەکانی دیکەی ریپۆرتاژەکە بخاتەڕوو. بەمجۆرەش لەبەشی کۆتاییدا ریپۆرتاژنووس کورتەیەك لەو ئەنجامە ئاشکرا دەکات کە دەستی دەکەوێ، یان بۆچوون‌و تێڕوانین یا چارەسەرێك پێشکەش دەکات.

⋆هەروەها رەنگە پێشەکییەکە کورتکردنەوەیەکی خێرای سەرجەم لایەن یا گۆشەکانی بابەتەکە لەخۆبگرێ. ئنجا لە جەستەی ریپۆرتاژەکەدا، هەر یەکێك لەو لایەنانە بەدرێژی باسی لێوەدەکرێ‌و دواتر لە کۆتاییدا کورتەیەکی ئەو ئەنجامە دەخرێنەڕوو کە ریپۆرتاژنووس پێی دەگات.

⋆یاخود هەندێجار رەنگە ئامادەکاری ریپۆرتاژ لە پێشەکیی ریپۆرتاژەکەدا پەنا بباتەبەر وەسفکردنێکی گشتی‌و خێرای بابەتەکە کە دواتر لە جەستەی ریپۆرتاژ وردەکاریی بابەتەکە دەخرێنەڕوو. لەبەشی کۆتاییشدا ئامادەکاری ریپۆرتاژ هەڵدەستێ بەبەستنەوەی



وەسفە جیاوازەکانی بابەتەکەو تێکهەڵکێشکردنیان تا وێنەیەکی تەواومان لەسەر بابەتەکە پێدەبەخشێ.

سەرەڕای ئەم شێوازانەی کەلەسەرەوە باسمانکردن بۆ نووسینەوەی ریپۆرتاژ، لە هەمان کاتدا شێوازێکی‌تر هەیە کە گرنگییەکەی لەوان کەمتر نییە، ئەویش بریتیە لەوەی کە لە پێشەکییدا ریپۆرتاژنووس ژمارەیەك پرسیار دورووژێنێ‌و دەیانخاتە بەرچاو بەجۆرێك کە گرنگ بن‌و جێی بایەخی خوێنەر بن. دواتریش لەبەشەکەی تری ریپۆرتاژدا (جەستە)، وەڵامی هەریەك لەو پرسیارانە دەداتەوە ئەویش لەرێگەی خستنەڕووی ئەو زانیاری‌و راستیانەی کە لەسەر بابەتەکە بەدەستی هێناون، هەروەها لەرێگەی پێشکەشکردنی ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەنجامی داون کە پەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیەو پاشانیش بەخستنەڕووی بەشێك لەو زانیارییە بەرایانەی کە لە ئەرشیفی رۆژنامە یا کتێبخانەدا کۆی کردوونەتەوە.

کۆتایی ریپۆرتاژەکەش، پوختەیەکی کورتی ئەو ئەنجامە یا ئەو راو بۆچوونانە لەخۆدەگرێ کە ئامادەکاری ریپۆرتاژ پێی گەیشتووە، جا رەنگە ئەو پوختەیە شێوازی لایەنگیری یا بەرهەڵستیی بۆچوونێك بکا کە لەجەستەدا (ناوەرۆك) خراوتەڕوو، یا لەوانەیە رۆژنامەنووس بۆچوونێکی تایبەتیی خۆی لەمەر پرسیارەکان دەربڕێ ((سەیری هەرەمەکە بکە)).




شتێكی دیكەی گرنگیش لە قۆناغەكانی كۆتایی ئامادەكردنی ریپۆرتاژ كە پێویستە گرنگیی پێبدرێت مانشێتە "ناونیشانی بابەت".

ریپۆرتاژ جیا لە هەندێك هونەری دیكەی رۆژنامەنووسی، دەتوانرێت زیاتر لە مانشێتێكی تێدا بەكاربهێنرێت، واتا مانشێتی سەرەكیو چەند مانشێتێكی لاوەكی یا هی ناوەوەی ریپۆرتاژ "كە بەمانشێتی فەرعی ناسراون". گرنگیی مانشێتی سەرەكی لە ریپۆرتاژدا كە ئەمەشیان



هەندێجار زیاتر لە دانەیەكە، وەك مانشێتی هەر جۆرێكیتری هونەری رۆژنامەنووسی بایەخی زۆری خۆی هەیە لە سەرنج راكێشانی خوێنەرو گەیاندنی بەشێك لە پەیامی ریپۆرتاژەكە. مانشێتی فەرعیش هەم بۆ جوانكاری هەم بۆ بەستنەوەی بەشەكانی ریپۆرتاژو هەروەها گواستنەوە بۆ بەشێكی ترو تەعبیركردن لەو بەشە پێویستەو ریپۆرتاژ دەوڵەمەندتر دەكات.

بە كورتی بەكارهێنانی مانشێت، ئەگەر گرنگییەكەی زیاتر نەبێ لە وێنە ئەوا كەمتریش نییە، بۆیە دەبێ هەردەم ئەو مانشێتانە زیندووبنو توانای پێشكەشكردنی وێنەیەكیان هەبێ لەسەر بابەتەكەو بە هەمان شێوە توانای تەعبیركردنو گونجاویش بن لەگەڵ كەشی ریپۆرتاژەكەو رەگەزەكانی سەرنج راكێشانیش لەخۆبگرێت.

نموونە:

### (بةيان) خؤى دةكوذىو دادطاش بيدةنطة[9]

بەپێی سەرچاوە مێژووییەكانو وەكو دەگێڕنەوە، لەو سەردەمانەی كە قەڵای هەولێر هۆلاكۆی شكاند، لەوكاتانەدا یاسایەك پەیڕەو دەكرا بۆ دانیشتوانی ئەم قەڵایە، ئەویش ئەوەبوو كە نابێ هیچ كچێك لە دانیشتوانی ئەسڵی قەڵا، لە قەڵاكە بێنە دەرەوە، بەپێچەوانەوە ئەوا ئەم كچە، هەمیشە بێ پیاو دەبێ نابێ كەس بیخوازێو بەچاوێكی ناشرینو سوكیش سەیری دەكرێت، بەڵام جارێكیان كچێكی قەڵا حەز بەزانینی دونیای ئەودیو قەڵا دەكا بۆیە لەقەڵاكە دەچێتە دەرەوە. كە دەگەڕێتەوە یاساكەی بەسەر جێبەجێ دەكرێو جگە لەوەی كەهەمیشە شوو ناكات ناویشی دەنێن كچە بێ جلەكە یان كچە رووتەكە!

وەلیٚ، مرۆڤێک بەدوای ئازادی گەڕاو ویستی بزانیٚ ئەم دونیا چیە که پیاوان دەیبینن‌و ژنان پێی نامۆن، چارەنووسەکەی ئاوابوو. بەڵام سەیرە، دوای چەندین سەدەو ساڵو مانگ‌و رۆژ، (بەیان) بیٚو داوای مافێکی بچووکی خۆی بکات، ئەویش شووکردنە بەو پیاوەی کە خۆی بەدڵی دەبیٚ.

**نەجاتیان بوو.. بەڵام**

(بەیان) کچی پیاوێکی بەرگدوورەو خاوەنی سیٚ برایەو دایکیشی ژنێکی باڵا کورتە، (بەیان) تەمەنی (١٧) ساڵانەو لەبەر ئیشوکاری ماڵەوەو چونکە تاقانەی ماڵەکەیە، دایکی لە خوێندن دەری هێناوەو بۆتە کچی ماڵەوە.

بەیانیان باوکی‌و سیٚ براکەی بەسەیارە کرۆنا سپی‌یەکەی باوکیان دەچوون بۆ دوکان‌و نیوەڕوان بۆ نان خواردن دەهاتنەوەو دەچوونەوە دوکان.. ئەمە ئەو سیناریۆیە بوو کە رۆژانە (بەیان) لە ماڵەوە دەیبینی‌و لەسەری راهاتبوو.. لەپڕ ئێوارەیەکیان براکانی بەبۆڵەبۆڵ خۆیان کرد بەماڵەوەو چێشتەکە لەسەر سفرەکە سارد بۆوە کەس نەهات بەلایەوەو هەموویان توڕەبوون.. بەڵام کە باوکیان دواتر هاتەوە ماڵەوە بە پێکەنینەوە خۆی کرد بەماڵەوە رووی لە دایکی (بەیان) کردو وتی:( ژنەکە، ئەوا هیوایەکم هێنایتەدی‌و (بەیان) پێشکەش بە (تاهیر) دەکەم‌و لەبۆڵەبۆڵی تۆش نەجاتم دەبیٚ!.

(بەیان)و برا ناوەنجیەکەی حەپەسابوون کە چۆن باوکیان (بەیان) بەشوودەدات‌و دەیداتە (تاهیر)ی کوڕە پووری بیٚ ئەوەی گویٚ لە ڕای (بەیان) خۆی بگریٚ، لە قسەکانی باوکیشی دیاربوو کە (دایکی) پلانەکەی داناوەو ئەو حەزی کردووە کە کچە تاقانەکەی بداتە کوڕی خوشکەکەی خۆی.



**رووباری گریان**

**دەستی پێکرد**

(بەیان) کە لەگەڕەکی —م—ی هەولێر لە دایک بووەو هەر لەوێش ژیاوە، لەو رۆژەوەی باوکی ئەم قسەیەی کردووە، لە بیرکردنەوەیەکی قوڵدایە، کە ئایا بۆ کەس پرسی پێناکات؟ لەپڕ ئێوارەیەکیان دایکی وتی(بەیان) خۆت حازر کە ئەمشەو ماڵی پورت دێن‌و داوای تۆ دەکەن بۆ (تاهیر) دەزانم هەر (١٠) ساڵێک لەتۆ گەورەترە ئەوەش بۆتۆ باشە بۆئەوەی قەدرت بزانیٚ..باشە.

یەکسەر دایکی رۆیی‌و گویٚی لە بۆچوونی (بەیان) نەگرت.. بەڵام ئەمجارەیان بەیانی تەمەن (١٧) ساڵ بەدایکی وت کە ئەو شووناکات‌و لە بەرنامەی نیە بۆیە با ماڵی پوری بۆئەم مەسەلەیە نەیەن، کەچی دایکی یەک دوو جنێوی ناشرینی پێداو پێی وت: لەکەیەوە قسە بەدەست ژنە، باوکت قسەی کردووەو تەواو.

سەرتان نەیەشێنم شەو هات‌و (بەیان) بەگریانەوە لە (تاهیر) مارەکراو یەک هەفتە دواتر دایکی (بەیان) بەماڵی (تاهیر)ی وت کە بیگوازنەوە بۆئەوەی مەسەلەکە تەواو بیٚ.

دیارە لەبەرئەوەی بوو، چونکە (بەیان) لەگریان نەوەستابوو. یەکسەر لە عەسرێکی تۆزاوی شاری هەولێر تاهیرو خوشکەکانی خۆیان کرد بە ماڵی (بەیان)و جلێکی سپی‌یان پیٚ بوو کە (بەیان) سەرنجی‌دا جلی بوکێنی‌یەو هاتوون سبەینیٚ بیگوازنەوە، بۆئەوەی (بەیان) لەبەری بکات‌و (تاهیر) بیبات.

بۆیە خۆزگە ئەم بەیانیە دانەهاتبا.. کە دەنگی ماڵی تاهیر لەحەوشە دەهات‌و هاتبوون (بەیان) بەرن لەپڕ دەنگی فیشەکێک هات.. کە ڕایان کرد.. سەیر دەکەن (بەیان) کلاشینکۆفی براکانی لەژێرچەناگەی خۆی داناوەو فیشەکێکی ناوە بەسەری خۆیەوەو کەوتوە بەسەر جلی بووکێنی‌یەکەی‌داو

ئیتر (بەیان) ئێوە خۆش‌و  کە (تاهیر)یش بینی هەر ئەوەندەی پێکرا بڵێ (خوا لێی خۆشبێ)و هیچی تر.

**فیشەکێك "بەیان-ی**

**ونکرد!**

کە (بەیان) خۆی کوشت‌و نەجاتی بوو لەم زەمینە پڕ لەئاشوبە، ئیتر خامۆشی‌و بێدەنگی میوانی ماڵی باوانی بوو، دیارە کە تەرمەکەی بۆ (الطب العدلي) چوو وتیان ڕووداوێک بووەو خۆی لە دەستی دەرچووە!، ئەگەرچی پۆلیس‌و ئاسایش تەحقیقیان لەمەسەلەکە کرد، بەڵام بەواسیتەیەکی بچووک قەناعەتیان بەدادگا هێنا کە (بەیان) بەڕووداوێک مردووەو هیچ هۆیەک نەبووە کە پاڵی پێوەبنێ ئەو کارە بکات!

**نەخێر**

"ئاسۆ" لەبارەی ئەم ڕووداوە ڕای توێژەرێکی کۆمەڵایەتی  وەرگرت بەناوی (محەمەد ساڵح مەخموری)و ئەویش وتی:

بەیان نەیتوانیوە بەرەنگاری دەوروبەر بێتەوە.. نەیتوانیوە لەوەزیاتر حیوار لەگەڵ ناوەوەی خۆی بکات.. نەیتوانیوە  بڵێ (نەخێر).. بۆیە لە ئەنجامدا بەفیشەکێک خۆی کوشتووەو بەماڵەوەیانی وتووە (نەخێر).. بەڵام بەداخەوە نەخێرو ونبوونی لەم دنیایە  یەک شت بووە.

بۆیە حاڵەتی دەروونی کەسوکاری بەتایبەت دایکی، چونکە یەک ڕەگەزن‌و بەردەوام لەماڵەوە بەیەکەوە بوونە زۆر خراپ دەبێ‌و کوردەواری گوتەنی بەم دەردە سەر دەنێتەوە. باوکیشی لەمەو دوا ئەستەمە دوورمانی پێبکرێت‌و تووشی حاڵەتێکی پەشیمانی‌و گۆشەگیری دەبێت.

**دواجار**

دواجار دوو دراوسێی ماڵی (بەیان)ی ڕەحمەتیمان بینی کە بەداخەوە لە (١٥) لە دراوسێیان ئەم دوانە بەڕاشکاوانە ڕای خۆیان بۆ دەربڕین.



ف.خ وتی: کچێکی شەرمن‌و جوان بوو، کەس هەستی بەوجودی نەدەکرد، هەر دەتوت لە ماڵیش نیە، نازانم ئەم گوللەیە چی‌بوو بەخۆیەوە نا، من تەسەور دەکەم خەتای براکانی تێدابێ، بەتایبەت گەورەکەیان چونکە زۆر توندەڕەوو دڵ پیس دیارە. بەڵام باوکی پیاوێکی هێمنە، نازانم چۆن ئەم کارەی لەگەڵ کچە تاقانەکەی خۆی کرد؟

م.ک.ع وتی: کێشەکە لەوەدایە کەس نیە هەقی (بەیان) بسێنێ، لەوانەیە خەڵکێکی بێ ویژدانیش زۆر قسە هەڵبەستن بۆ (بەیان)ی بەهەشتی، بەڵام من شایەدی دەدەم کە لەگوڵ پاکتر بوو، خوا سەبەب کار بگرێ کە ئەم کچە ئاوای لەخۆی کردو  دادگاش تا ئێستا هیچی‌نەکردووە بەراستی سەیرە.

**ئەم ڕووداوە لە شاری هەولێر ڕوویداوە لە (٢٠٠٤/٤/١٥)، ناوەکان خۆمان دامانناوەو ناوە ڕاستیەکانیش پارێزراوە، زۆرمان هەوڵدا لەدادگا شتێکمان دەست بکەوێت بەڵام بەداخەوە ڕووداوەکە داپۆشراوەو لەوە دەچێ (بەیان) سێوێک بووبێت‌و لە دارێکەوە کەوتبێتە خوارەوەو کەس بۆی ناگیرێتەوە.*

**شەشەم/ گونجانی ریپۆرتاژ لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامە:**

هەرچەندە ریپۆرتاژەکە لە ڕووی ناوەرۆکەوە سەرکەوتوو و گرنگ بێ چەندەش پەیوەندیی بەکێشەو گرفتێکی کۆمەڵایەتیی هەستیارەوە هەبێ، بە کورتی هەرچەندە کارێکی ڕۆژنامەنووسیی دەگمەن‌و باش بێ کە بڵاونەکرایەوە سوودی نابێ‌و کورد وتەنی ریسەکە دەبێتەوە بە خوری‌و ماندووبوونێکی بەخۆڕایی‌یە. بێگومان زۆربەی ئەو بابەتانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاونابنەوە یا بەهۆی نەگونجانییەتی لەگەڵ سیاسەت‌و ئاڕاستەی ڕۆژنامەکە یا بە هۆی لاوازیی ناوەرۆکی بابەتەکەیە.

زۆرجار کە رۆژنامەنووس تووشی ئەم حاڵەتە دەبێتو بابەتەکەی (ریپۆرتاژەکەی) بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامە بڵاوناکرێتەوە، ناچار پەنا دەباتەبەر رۆژنامەیەکیترو هەندێجار بەهۆی ئەم بێنەو بەردەیە بابەتەکەی کۆن دەبێو بەسەردەچێ یان کە دەزانرێ لە رۆژنامەیەکدا بۆی بڵاونەکراوەتەوە ئیتر بابەتەکە خۆی لەبەرچاوان سوك دەبێو زۆر لەبایەخەکەی دادەبەزێ.

لەبەرئەوە زۆرگرنگە کاتێك رۆژنامەنووس ریپۆرتاژێك ئامادە دەکات، بیر لەوە بکاتەوە کە ئایا لەگەڵ سیاسەتی ئەو رۆژنامەیە دەگونجێ کە کارەکەی بۆ دەکات؟ یاخود ئایا دەتوانێ ریپۆرتاژەکە بە جۆرێك ئامادە بکات کە لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەکەی بگونجێنێت؟. دەبێ رۆژنامەنووس ئەم خاڵانەی هەردەم لەبەرچاوان بێ تا دووچاریی بێئومێدی نەبێ لە ئاکامی بڵاونەکردنەوەی بەرهەمەکەی. بەتایبەتیش ئێمە کە لە کوردستاندا هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی کە زۆر ئازادبین لە رووە سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکەش، هێشتا رۆژنامەگەریی حزبو دەسەڵات پێشەنگی کاروانی رۆژنامەنووسی کوردییە بۆیەش سانسۆرەکان زۆرنو پابەندبوونیش بە سیاسەتی رۆژنامە کە دواجار سیاسەتی حزبی خاوەنەکەیەتی، دەبێ رەچاوبکرێ.

## جۆرەکانی ریپۆرتاژ:

ریپۆرتاژ جۆرو بوارەکانی زۆرن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە رووی بابەتەکە بریتین لە [٦]:

-ریپۆرتاژی کۆمەڵایەتی



-ریپۆرتاژی سیاسی

-ریپۆرتاژی ئابووری

-ریپۆرتاژی رووناکبیری

-ریپۆرتاژی وەرزشی

**١/ ریپۆرتاژی کۆمەڵایەتی:**

لە ناونیشانەکەدا دیارە کە لایەنە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، واتا ریپۆرتاژەکە تایبەت دەبێ بە بوارەکانی کۆمەڵایەتی وەك مەسەلەی مافەکانی ژن، منداڵو بێ کاریو چەندینیتر. بۆ ئەو مەبەستەش ریپۆرتاژنووسەکە خۆی دەچێتە ئەو نێوەندانەو بەچاوو گوێی خۆی ئاگاداریی راستیی لایەنەکانی دەبێت.

**٢/ ریپۆرتاژی سیاسی:**

هەر ریپۆرتاژێك لایەنێك لەلایەنە سیاسییەکان لەخۆبگرێت، وەك مەسەلەیەکی حکومی، حزبی، خۆپیشاندانێك، کۆنگرەیەکی سیاسی، جەنگێك یاخود بیروڕایەکی سیاسیی نوێش، ئەوانە هەمووی دەچنە خانەی ریپۆرتاژی سیاسییەوە.

**٣/ ریپۆرتاژی ئابووری:**

بەشێوەیەکی گشتی لەمەسەلە ئابوورییەکان دەکۆڵێتەوە، وەك بەرزبوونەوەی نرخی کەلو پەل، باشو خراپیی بەرهەم، کێشەی کشتوکاڵو پیشەسازیو بازرگانیو دابەزینو بەرزبوونەوەی نرخی دراوو چەندینیتر.

**٤/ ریپۆرتاژی رووناکبیری:**

کێشەو گرفتی رۆژنامەو گۆڤارو کتێب، هەروەها دیاردەیەکی نێو نێوەندی رووناکبیرانو هەڵوێستێکی رووناکبیران، ئەوانە هەموویان لە خانەی ریپۆرتاژی رووناکبیریی دادەنرێن.

**٥/ ریپۆرتاژی وەرزشی:**

ئەمەشیان تایبەتە بە بەدواداچوونی هەواڵو چالاکیو دیاردە وەرزشیەکانو هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بەم بوارەوە هەیە.

ئەمانەی سەرەوە بەشێوەکی گشتی جۆرەکانی ریپۆرتاژ بوون لەرووی بابەتەوە. لە هەمان کاتدا هەندێ سەرچاوەیتر جارێکیتر جۆرەکانی ریپۆرتاژیان دابەشکردووە بەڵام ئەمجارەیان بەپێی ئامانجو مەبەستەکەی، بەمجۆرە [٧]:

- ریپۆرتاژی پێشبینی
- ریپۆرتاژی راکردن
- ریپۆرتاژی لێکۆڵینەوە
- ریپۆرتاژی باکگراوند
- ریپۆرتاژی بەدواداچوونو زانیاری کۆکردنەوە

**١/ ریپۆرتاژی پێشبینی:**

ئەمجۆرە ریپۆرتاژە لەرێگەی ئاشکراکردنی لایەنەکانی مەسەلەکەوە (بابەتەکە) یارمەتیی خوێنەر دەدات تا پێشبینی پێشهاتو ئەگەرو ئەنجامی مەسەلەکە بکات.

**٢/ ریپۆرتاژی راکردن:**

ئامانجی ئەمجۆرەیان کات بەسەربردنە، واتا وا لە خوێنەر دەکات لەکێشەو گرفتی رۆژانەی رابکاتو لەرێگەی ریپۆرتاژەکەوە کات بەسەر ببات، هەر لەبەر ئەوەشە پێی دەوترێ ریپۆرتاژی راکردن.

**٣/ ریپۆرتاژی لێکۆڵینەوە:**

ئەمەیان زۆر لە لێکۆڵینەوە پۆلیسییەکان دەچێت، چونکە هەوڵی ئاشکراکردنی شتێك دەدات کە کەس زانیاریی لەبارەوە نییە، وەك



ئاشکراکردنی گەندەڵییەکی حکومیی یا قۆستنەوەی پۆستە گرنگەکان بۆ مەرامی تایبەتی.

**٤/ ریپۆرتاژی باکگراوند:**

شیکردنەوەو راڤەکردنی رووداوەکانو ئاشکراکردنی رەهەندو لایەنەکانی بابەتێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێ.

**٥/ ریپۆرتاژی بەدواداچوونو زانیاریی کۆکردنەوە:**

وا دەڕوانرێتە ئەمجۆرە کە هۆکارێکە بۆ دروست کردنی رای گشتی، چونکە کاتێك رۆژنامەنووس بابەتێکی گرنگ بەلای خەڵکەوە هەڵدەبژێرێ، تەواوی وردەکاریو زانیاریی لەبارەوە کۆدەکاتەوەو سەرجەم لایەنەکانیشی دەخاتەڕوو تا خەڵك لە راستیی مەسەلەکە ئاگاداربن.

## شێوازەکانی ریپۆرتاژ

لەگەڵ زۆریی بوارو جۆرەکانی ریپۆرتاژ، بە هەمان شێوە شێوازەکانیشی زۆرن، واتا ئەو شێوازانەی کە دەکرێ بە هۆیەوە ریپۆرتاژەکە بخرێتەڕوو و ئامانجەکەی پێبپێکێ. ریپۆرتاژ هەیە بواری نووسینەکەی زیاتر تێدا زاڵەو لەگەڵییشیدا چەند وێنەیەك یا هێلکارییەك بڵاودەکرێتەوە، ئەم شێوازە پێی دەووترێت "ریپۆرتاژی نووسین". شێوازی دیکەش هەیە  پێی دەوترێت "ریپۆرتاژی وێنەدار"، لێرەدا وەك لە ناوەکەی دەردەکەوێت زیاتر وێنە تێیدا زاڵە کە ئەمەش بە زۆریی لە گۆڤارەکاندا بڵاوە، لەم شێوازەدا ئامادەکاری ریپۆرتاژ پێشەکییەکی کورت بۆ ریپۆرتاژەکە دەنووسێو پاشان بە وێنە مەبەستەکەی خۆی دەپێکێو لەسەر هەر وێنەیەك روونکردنەوەیەکی وێنەکە دەنووسێو هەندێ جاریش جگە لەو

روونکردنەوەیە بڕگەیەك لەژێر وێنەکەدا دەنووسێ بۆ زیاتر ڕاڤەکردنی لایەنەکانی وێنەکەو ریپۆرتاژەکەی، جا ڕەنگە گفتوگۆیەك بێت یا بۆچوونێکی دیاریکراو.

شێوازی سێیەمیش پێی دەووترێت "ریپۆرتاژی وێنەکێشراو"، ئەمەشیان وەك ریپۆرتاژی وێنەدار وایە، بەلاّم لە جیاتی وێنەی فۆتۆگرافی وێنەی کێشراوی "هێلکاری" تایبەت بە مەسەلەی ریپۆرتاژەکە بلاّودەکرێتەوە[٨].

بێگومان سەرجەمی ئەم شێوازانە لە رووی گەیاندنی مەبەستو ئامانجی ریپۆرتاژنووسەکەوە، جیاوازیان نیە، بەلاّم کاریگەریی هەریەکەیان ڕەنگە لەگەڵ جۆری بابەتەکە واتا ناوەرۆکی ریپۆرتاژەکە بگۆڕێو هەندێجار بلاّوکردنەوەی وێنە کاریگەرترەو مەبەستەکەی دەپێکێ، هەندێجاریش بە نووسین نەبێ ناتوانرێ هیچ ریپۆرتاژێکی سەرکەوتوو ئامادەبکەیت.

## سەرچاوەکانی ریپۆرتاژ

جیا لەهەواڵ، هونەری ریپۆرتاژ بەو دەرەجەیە پابەندی مەرجی "تازەیی کات" نییە، چونکە دەتوانین بواری ئەم هونەرە بە کێشەو گرفتە گشتی‌یەکان دابنێین کە رووبەڕووی کۆمەڵ یا توێژێکی کۆمەڵ دەبێتەوەو پێویستیی بە چارەسەرکردن هەیە. کاتێکیش توانای رۆژنامەنووس لە ئامادەکردنی ریپۆرتاژ دەردەکەوێت کە بتوانێ ئەو گرفتەی لە ریپۆرتاژەکەی باسی دەکا، وای دەربخا کە زۆر گرنگەو پەیوەندیی بە زۆرینەی خەڵکەوە هەیەو هەروەها پێویستیی بە چارەسەرێکی بەپەلە هەیە، چونکە دواجار ئەرکی ریپۆرتاژ خۆی لە دەرخستنی لایەنو دوورایییەکانی کێشەکەو



دۆزینەوە یا پێشنیازی چارەسەرێکدا دەبینێتەوە. بۆ ئەوەش دەبێ رای زۆر لە پەیوەندیداران بە مەسەلەکە چ کۆكو چ دژیش، وەربگیرێو بخرێنەڕوو.

بە کورتی دەتوانین بڵێین ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی خۆی لە کێشەیەك یا مەسەلەیەکی گرنگدا دەبینێتەوە کە رۆژنامەنووس لەو نێوەندەی تێیدا دەژیێ وەریدەگرێو بەسەرجەم لایەنەکانییەوە دەیخاتەڕوو.

بۆ سەرچاوەکانیش دەتوانرێت بە زۆری سود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەربگیرێ بۆ گەلاّلەکردنی بیرۆکەی ریپۆرتاژەکە لای رۆژنامەنووس:

**یەکەم/هەواڵی رۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندن:**

بۆ نموونە زۆرجار هەواڵی پێکدادانی دوو ئوتومبێل یان زیاتر بلاّودەکرێتەوە، رۆژنامەنووس لە ئامادەکردنی ریپۆرتاژێك لەسەر ئەم مەسەلەیە، دەچێتە بنجو بناوانی رووداوەکەو هۆکارو ئەنجامو تەنانەت پێشنیازیش بۆ رێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی رووداوی لەمجۆرە دەخاتەڕوو. بۆ ئەوەش سەرەتا رەنگە پەیوەندیی بکات بەو کەناڵەی کە ئەم هەواڵەی بلاّوکردۆتەوە، یان ئەوەش ناکاتو یەکسەر دەچێتە لای ئەو کەسانەی کە رووداوەکەیان بینی‌یەو قسەیان لەگەڵدا دەکات، هەروەها ئەوانەش دێنێتەگۆ کە لە رووداوەکە دەربازیان بووەو دواتریش رووەدەکاتە لایەنی بەرپرس کە لەم حاڵەتەدا فەرمانگەی هاتوچۆیە. واتا زۆربەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی رووداوەکە بەشداریی پێدەکا لە کاری ریپۆرتاژەکەی. ئیتر بۆ ئەوەش وێنەی شوێنی رووداوو هەندێجار قوربانیانو یا بە گوێرەی پێویستیش هەندێجار وەسفی ناوچەکەش دەکات.

بە هەمان شێوە رەنگە هەواڵی کۆچی دوایی زانایەك، سەرکردەیەك یا نووسەرێکی ناودار لە کەناڵێکی راگەیاندن بڵاوبکرێتەوە، رۆژنامەنووس لەم حاڵەتەدا بۆ ئامادەکردنی ریپۆرتاژەکەی، هەوڵدەدا ژیانی ئەو کەسایەتییە بە تەواوی وەربگریێو ئەو کارە دیارانەشی بخاتەڕوو کە کردوونی، ئیتر بە وردی باسی هەموو لایەنەکانی ژیانی دەکاو بۆ ئەم مەبەستە دەچێتە لای کەس‌وکارو هاوڕێیانو ئەو کەسانەش کە ئاشنایەتیان لەگەڵدا هەبووە.

**دووەم/ لێدوانە رۆژنامەنووسییەکان:**

زۆرجار لێدوانێکی رۆژنامەنووسیی کە بڵاودەکرێتەوە، جگە لە تەوەری سەرەکیی، چەند لایەنێکی یا باسێکی دیکەش لەخۆدەگرێت کە رۆژنامەنوسی ژیر دەتوانێ بیکاتە بابەتی ریپۆرتاژەکەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ.

یا هەندێجار شتێکی تازە لەخۆدەگرێ کە دەهێنێ بەدواداچوونی زیاتری لەسەر بکرێو بۆ ئەو مەبەستە رۆژنامەنووس بە ئامادەکردنی ریپۆرتاژێك لەسەری کارەکە دەکات.

**سێیەم/سەرنجو تێبینیی دەوروبەر:**

ئەمەیان وەك سەرچاوەیەك بوارەکەی زۆر فراوانە. بە جیاوازیی کەسەکانیش، وەك ئاشکرایە بەهرەکانیش جیاوازەو ئەوەی خاوەن بەهرەیەکی باش بێت لە بواری هونەرەکەدا، ئەوا دەتوانێ بیرۆکەی باش لەو دەوروبەرەی هەڵبێنجێو کارێکی باش بکات.

بۆ نموونە رۆژنامەنووسێك سەردانی شارێك یا وڵاتێك دەکات، وا رێککدەکەوێت بێ ئەوەی قسە لەگەڵ خەڵکەکەیدا بکات، تەنها بەسەرنجو تێبینییکردنی خۆی، لەشێوەی ریپۆرتاژ وەسفی



شوێنەکەو باسی مێژوویيو شوێنە گرنگەکانیو سەرچاوەی ژیانو داهاتو باری ئابووریو گەشتیاریو جوگرافیو.. تد دەکات. بۆ ئەمەش رۆژنامەنووس دەبێ وێنەو سەرچاوەی مێژوویی وەك کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ریپۆرتاژەکەی بەکاربهێنێ.

جگەلەوانەش، رۆژنامەنووس دەتوانێ لەرێگەی سەرنجدانو تێبینییکردنی رۆژانەی گوزەرانی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی، ریپۆرتاژ لەسەر ژیانو هەڵسوکەوتو حەزو ئارەزووەکانیان لەو سەردەمەدا ئامادە بکات.

یا بۆ نموونە رۆژنامەنووس سەردانی پیشانگایەك یا مۆزەخانەیەك دەکات، لەوەشیان تەنها بەسەرنجدان دەتوانێ ریپۆرتاژێکی لەسەر ئامادە بکات.

**چوارەم/ بڵاوکراوەو بەڵگەنامەکان:**

پێداچوونەوەیەك بە بەڵگەنامەو بڵاوکراوە کۆن یا تازەکانی هەموو بوارەکانی هونەر، ئەدەب، زانست یا فیکرو ..تد، چانسی زۆر لەبەردەم نووسەر دەڕەخسێنێ بۆ هەڵێنجانی بیرۆکەی ریپۆرتاژ کە ئەمەش سوودێکیزیاتر بە خوێنەر دەبەخشێ، چونکە سەرلەنوێ زیندووکردنەوەو بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە کە لەو بەڵگەنامەو بڵاوکراوانەدا هەنو خوێنەر ئاسانتر وەری دەگرێت، بە کورتی ئاسانکردنی پێشکەشکردنی ئەم جۆرە زانیارییانەیە بە خوێنەر.

**پێنجەم/ ئەزموونەکان:**

سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگی ریپۆرتاژ، ئەزموونە، چ ئەزموونیی تایبەتیی خۆی، یا ئەزموونی کۆمەڵێك یا میللەتێك یا هی تایبەتیی کەسێك.

بۆ نموونە دەکرێ ئەزموونی دوورو درێژی چەوساندنەوەی کورد بەدەستی دوژمنەکانی، بەچەندین شێوازو لە چەندین رووەوە، ریپۆرتاژی لێبکرێ. یاخود کە یەکێك بەقاچاخ هەوڵی چوونە هەندەران دەدات. ئەوانەو چەندین ئەزموونی تریش هەیە کە دەکرێ سەرچاوە بن بۆ بیرۆکەی ریپۆرتاژو بۆ ئەو مەبەستە بەکاربێن.

**شەشەم/ بیرەوەرییەکان (بۆنەو یادەکان):**

بەگەڕانەوە بۆ رۆژژمێر، یا هەر سەرچاوەیەکی تر کە بۆنەو یادە گرنگەکانی تێدا تۆمارکرابێ، رۆژنامەنووس، دەتوانێ سەرچاوەیەکیتر بۆ پەیداکردنی بیرۆکەی ریپۆرتاژ دەست بکەوێ.

بۆ نموونە لە یادی داستانێکی نەتەوەییدا، یا یادی شەهیدێك، یا کۆچی دوایی کەسایەتییەکی ناسراو یا نیشتمان پەروەرێکی ناودار یا سەرکردەیەك، ئەوانە هەمووی بابەتی باش دەبن بۆ ریپۆرتاژ.



## پەراوێزی بەشی دووەم:

١- الدکتور عبداللطيف حمزة _ المدخل في فن التحرير الصحفي - القاهرة- ل٩٧
٢- د.صلاح قبضايا- تحرير واخراج الصحف- القاهرة-١٩٨٥-ل ٩٩
٣- THE ACTIVE REPORTER: LEWIS JAMES_ INDIA_1969 - ل٤٥
٤- تحرير واخراج الصحف- سەرچاوەیەکی پێشووە-ل ١٠١
٥- THE NEWS PAPERS: HUGGET FRANK_ LONDON_1972 -ل١٥
٦- سەعد التائە-ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی- وەرگێرانی کاروان عەلی- سلێمانی-٢٠٠١- لاپەڕە ١٥
٧- THE ACTIVE REPORETER سەرچاوەیەکی پێشووە- لاپەڕە ٤١
٨-ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی- سەرچاوەیەکی پێشووە-لاپەڕە ١٠
٩-رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە ٣

# بةشى سآيةم

## گفتوگۆی رۆژنامەنووسی

**پێناسەو چەمکی گفتوگۆ**

**جۆرەکانی گفتوگۆی رۆژنامەنووسی**

**شێوەکانی گفتوگۆی رۆژنامەنووسی**

**رێگاکانی تۆمارکردنی گفتوگۆ**

**ئامادەکردنی گفتوگۆ**

**شێوازەکانی نووسینەوەی گفتوگۆ**

# گفتوگۆی رۆژنامەنووسی

## پێناسەو چەمکی گفتوگۆ

گفتوگۆی رۆژنامەنووسی بە مانا فراوانەکەی، واتا بەسەرجەم جۆرەکانییەوە، رۆژانە لە رۆژنامە یا گۆڤارەکاندا بلاّودەکرێنەوە. هونەرێکە بەردەوام لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە پشتی دەبەسترێ بۆ دەستکەوتنی هەواڵو خستنەڕووی بۆچوونێك یا هەر ئامانجێکیتر.

رۆژنامەنووسیی کوردیی ئەمڕۆ، بەرێژەیەکی بەرچاو پشت بە شێوازو جۆرەکانی گفتوگۆی رۆژنامەنووسی دەبەستێو بەردەوام لەلاپەڕەکانی رۆژنامەکاندا ئەم گفتوگۆیە هەیە، جا لە هەر بوارێکدا بێت چ سیاسەت، یا ئەدەب، هونەر، کۆمەلاّیەتی، وەرزشی، ئابووریو فەرهەنگیو ..هتد.

لەبارەی سەرهەڵدانی گفتوگۆی رۆژنامەنووسیشەوە، هەرکاتێكو لەهەر شوێنێك باس لەم هونەرە بکرێت، بێ یەكو دوو دەبێ بگەڕێینەوە لای (دیفۆ -DEFOE)ی رۆژنامەنووسیی ئینگلیزیی سەدەی هەژدەهەم کاتێك لە هەشتاکانی ئەو سەدەیەدا لەگەڵ ( جاك شیپەرد- J. SHEPHERD)ی رێگر کە لەبەردەم پەتی سێدارەدا بوو کەوتە قسەو چەند پرسیارێکی لەبارەی هەستو خواستیەوە کرد[1].

ئەم گفتوگۆیەی نێوان رۆژنامەنووسەکەو تاوانبارەکە، بە کۆنترین هونەری گفتوگۆی رۆژنامەنووسیی هاوچەرخ دادەنرێتو هەروەك بەناوبانگترینیشییانە. بەلاّم ئەوەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە گفتوگۆی دیکەی رۆژنامەنووسیی بەناوبانگو سەرکەوتوو نەبووبێت لە رابردوودا، بەڵکو کاروانی رۆژنامەگەریی جیهان، شاکاری زۆری بەخۆوە بینیوە لەم بوارەدا.



گفتوگۆی رۆژنامەنووسی، ئەگەرچی وەك هونەرێك کە لە بواری رۆژنامەنووسیدا کاری پێدەکرێت سەربەخۆیە، بەلاّم لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکی پتەوی یا راستەوخۆی لەگەڵ هونەرەکانی دیکەی ئەو بوارەدا هەیەو زۆرجار دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ دەستکەوتنی هەواڵێکی رۆژنامەنووسی یا بۆ وتارێك یا تەنانەت زۆرجار دەبێتە بەشێك لە ریپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسی، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، رۆژنامەنووس بۆ دەستکەوتنی هەواڵێك یا ئەنجامدانی ریپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسی، پەنا دەباتەبەر گفتوگۆی رۆژنامەنووسی، جا چ خۆی گفتوگۆکە لەگەڵ کەسایەتیی دیاریکراودا بکات یا وەرگیراو بێت، واتا هەر یەکێکیتر بێتو ئەو بە بیستنی ئامانجەکەی پێ بپێکێ. جگەلەوەش ئەم گفتوگۆ رۆژنامەنووسیانە سەرچاوەی بیرۆکەی وتاریشن بەسەرجەم جۆرەکانییەوە.

لەبەر ئەوانە دەتوانین بۆ پێناسەی گفتوگۆی رۆژنامەنووسی بڵێین: "هونەرێکە لەسەر وتووێژ لەنێوان رۆژنامەنووسو یەکێك لە کەسایەتییەکان بنیات نراوە بەمەبەستی دەستکەوتنی زانیاریی تازەو هەواڵی گەرم یا ئاشکراکردنو خستنەڕووی تێڕوانینێکی دیاریکراو هەروەها دەرخستنی چەند لایەنێکی سەیرو سەمەرەی ئەو کەسە کە ئەوەشیان هەر دەستکەوتنی زانیاریی نوێیە".

رەنگە ئەم گفتوگۆیەش لەسەر تەوەرێکی تایبەتی بخولێتەوە، یا دەکرێ چەند تەوەرێکی جیاواز یان هەندێك جار نزیك لەیەکتری لەخۆبگرێ. هەروەك چۆن گفتوگۆکە رەنگە لە نێوان رۆژنامەنووسێكو کەسایەتییەکی دیاریکراو بێ وەك لە چاوپێکەوتندا، یا رۆژنامەنووس لەگەڵ چەند کەسێکی دیاریکراودا لەسەر مەسەلەیەك یا چەند مەسەلەیەك گفتوگۆی رۆژنامەنووسیی دەکات، وەك لە مێزگردو سیمینارەکان. جگە لەوەش وەك لە کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکاندا، دەکرێت چەند رۆژنامەنووسێك لەگەڵ

کەسایەتییەکی دیاریکراودا بکەونە گفتوگۆی رۆژنامەنووسیو لەسەر تەوەرەیەك یان زیاتر بدوێن.

پێناسەکان بۆ هونەری گفتوگۆی رۆژنامەنووسیی زۆرن، یەکێکیتر لەو پێناسانە بەمشێوەیە باسی گفتوگۆی رۆژنامەنووسی دەکات:" گفتوگۆی رۆژنامەنووسی یەکێکە لە هونەرەکانی رۆژنامەنووسیو تێیدا رۆژنامەنووس گفتوگۆ لەگەڵ کەسایەتییەك دەکات کە لەپشت رووداوێکەوە بێت یا زانیاریی لەبارەوە هەبێت کە شایانی بڵاوکردنەوە بێ، ئەمەش لە رێگەی ئاڕاستەکردنی پرسیارو وەرگرتنەوەی وەڵامەکانی دێنەدی".

هەرچۆنێك بێت، گفتوگۆی رۆژنامەنووسی، هونەرێکی فراوانەو تایبەتمەندێتییو مەرجی خۆیشی هەیە کە دەبێ مانادارو ئامانجدار بن، هەروەها لە هەندێ حاڵەتیشدا تازە بنو تا بکرێت پەیوەندیی بە شوێنی نزیکەوە هەبێت، جگەلەوانە لەگەڵ سیاسەتو رێبازی رۆژنامە بگونجێتو هەروەها لە ئاستێکی باڵاو جۆرێك لە گەورەییشی پێوە دیاربێت.

ئەمانە دەکرێت بە چەند هۆکارێك دابنرێن کە هەم سەرنجی خوێنەری پێ رادەکێشریو لە هەمان کاتدا یارمەتیی سەرخستنی کارە رۆژنامەنووسییەکەش دەدەن.

"مستەفا ئەمین"ی گەورە نووسەرو رۆژنامەنووسی میسر، لەبارەی گفتوگۆی رۆژنامەنووسییەوە، دەڵێ:

" گفتوگۆی رۆژنامەنووسیی دادگایی کردنە کە تێیدا رۆژنامەنووس لێکۆڵەرەوەیەو لێپرسراویش تاوانبار، خوێنەریش رۆڵی دادوەر دەبینیو حوکمی تاوانبارێتی یا بێ تاوانی دەدات".

هەروەها دەڵێ: "کاتێك رۆژنامەنووس لەگەڵ لێپرسراوێکدا وتووێژ دەکات، بەناوی خۆی قسە ناکات، بەڵکو بەناوی گەلەکەیو تەنانەت هەندێجار بەناوی ئەو جیهانەشەوە قسە دەکات کە مافی پرسیاری هەیە،



بۆیە رۆژنامەنووس کە دەچێتە نووسینگەی لێپرسراوانەوە دەبێ خۆی بە زانیاریو دیراسەی پێشوەختو تەنانەت ئامادەکردنی پرسیاریشەوە، پڕچەك کردبێت[٢]".

## جۆرەکانی گفتوگۆی رۆژنامەنووسی

بەدوور لە لایەنە گشتییەکەی، گفتوگۆی رۆژنامەنووسی بەپێی جۆرو ئامانجەکەی بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبێت کە هەر جۆرەیان لە ئالیەتی پرسیارو جۆری پرسیارو تەنانەت خوێنەرو هەندێ جاریش لە گرنگیی، جیاوازییان هەیەو تا رادەیەك تایبەتمەندێتی خۆشیان هەیە. ئەمجۆرە گفتوگۆیانە زۆربەیان بە شێوەیەکی ئاسایی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا کاری پێدەکریو تەنانەت بەشێوەیەکی زیاد لە پێویستیش پشتی پێدەبەسترێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی لەبەرنامەدایە. لە بەدواداچوونو گەڕانماندا بە دوای جۆرەکانی گفتوگۆی رۆژنامەنووسیی لە سەرچاوەکانی هونەری رۆژنامەنووسیو رۆژنامەو گۆڤارە نێوخۆییو دەرەکییەکانیشدا، گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کە گرنگترینو دیارترین جۆرەکانی گفتوگۆی رۆژنامەنووسی ئەوانەی خوارەوەن[٣]:

**١-گفتوگۆی هەواڵو زانیاری:**

مەبەستی سەرەکیی لەمجۆرە گفتوگۆ رۆژنامەنووسییە کە لەگەڵ کەسێکی پەیوەندیدار بەمەسەلەیەکی دیاریکراوەوە دەکرێت، کۆکردنەوەی زانیاریو هەواڵی تازەیە لەبارەی مەسەلەکەوە، چونکە ئەو کەسەی پەیوەندیدارە بەمەسەلەکە جا چ بەچاوی خۆی رووداوەکەی بینیوە ، یا بەشداریی تێداکردووە، بەسەرچاوەی یەکەم دادەنرێت بۆ هەواڵو بێ دەستکاریی کردنو گۆڕانکاریی زانیارییەکانی لێ دەست دەکەوێت.

لێرەدا رۆژنامەنووس، داوا لە کەسە پەیوەندیدارەکە ناکات راو بۆچوونی لەبارەی مەسەلەکەوە چی‌یەوە چیی نییە یاخود تێڕوانینەکانی چین، بەڵکو تەنها راستیی رووداوەکەیە، واتا چیی روویداوە بە تەواویی زانیاریی لەبارەوە کۆبکاتەوە.

بۆ نموونە ، بۆ زانینی پلانی نوێی حکومەت لەبارەی ئاوەدانکردنەوەو بووژاندنەوەی وڵات، رۆژنامەنووس دەچێتەلای بەرپرسێکی تایبەت بەم بوارە جا چ وەزیر بێ، یا وەکیل وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەم بارەیەوە داوای وردەکارییان لێدەکاتو زانیاریی تازەیان لێ وەردەگرێت کە بۆ هەواڵ دەشێن‌و دەبن بە هەواڵ.

خاڵێکی گرنگ کە لێرەدا پێویستە تێبینیی بکەین، ئەوەیە کە هەموو بەرپرسێك یا پەیوەندیدارێك بەمەسەلەیەکی دیاریکراوەوە، مەرج نییە هاوکاریت بکاتو قسەت بۆ بکات ئەمەش هۆکاری خۆی هەیەو رەنگە هەندێکیان لە ترسی دادگاو لێپرسینەوەی‌تر بێت. هەندێکیشیان رەنگە بەشداریی کارێکی ناشیاوییان کردبێ‌و لەبەر مەترسیی لەسەر خۆیان هیچ نەدرکێنن. هەروەك رەنگە خەڵکانێك هەبن ئەگەرچی پەیوەندییان بەمەسەلەکەوە هەبووە، بەڵام وردەکارییەکانی بیرچۆتەوەو دوودڵیی بەرامبەر راستییەکان باڵیان بەسەردا دەکێشێت.

ئەمجۆرە گفتوگۆ رۆژنامەنووسییانە بایەخ نادا بەلایەنی تایبەتیی کەسایەتیی قسەکەر بەقەدەر ئەوەندەی بایەخ بەو زانیاری‌و هەواڵانەدا دەدات کە لە گفتوگۆکەدا دەستی دەکەوێت.

**٢-گفتوگۆی راوبۆچوون:**

مەبەستی سەرەکی لەمجۆرەیان، خستنەرووی تێڕوانین‌و بۆچوونی کەسایەتییەکی شارەزاو پسپۆرە لە بواری ئەو بابەتو مەسەلەیەی کە جێی بایەخی خوێنەرە (کۆمەڵ بەگشتی).



بۆ نموونە رۆژنامەنووس دەچێتەلای سیاسەتمەدارێك، تا تێڕوانینی تایبەتیی ئەو لەبارەی ئەگەری سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی بخاتەڕوو، یا لەگەڵ بیرمەندێك(رووناکبیر) تا بۆچوون‌و تێڕوانینی لەبارەی مەسەلەیەکی فیکریی رووناکبیری‌یەوە بڵاوبکاتەوە.

لەمجۆرەیاندا سەرەڕای ئەوەی کە دەبێ بە جۆرێك لە جۆرەکان قسەکەر پەیوەندیی بە بابەتەکەوە هەبێت، پێویستە شارەزاییشی لەم رووەوە هەبێت.

کەسایەتیی قسەکەر لە رووی شارەزایی لەو بوارەی کە قسەی تێدا دەکات، گرنگیی زۆری هەیە لە دروست کردنی کاریگەریی لەسەر خوێنەرو تەنانەت کێشێکی قورسیشی دەبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بایەخدانەکە زیاتر بەڕاو تێڕوانینی قسەکەر دەبێت نەك بە کەسایەتییەکەی.

هەروەك نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت قسەکەر زۆرجار کە زانیارییەك لەبارەی هەواڵێك، یا رایەك دەردەبڕێت، وەك لە جۆری (گفتوگۆی هەواڵ‌و زانیاری)و (گفتوگۆی راوبۆچوون)دا، داوا دەکا ناوەکەی بڵاونەکرێتەوە، ئەمەش مافێکی ئاسایی خۆیەتی‌و دەتوانرێت لە جیاتی ناوەکە بنووسرێت: سەرچاوەیەکی بەرپرس، یا ئاگادار یا سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو کە نەیویست ناوەکەی ئاشکرا بکرێتو..تد، بەتایبەتیش کە سەرچاوەکە لای خۆت ئاشکرایە.

**٣-گفتوگۆی کات بەسەربردن:**

لە زۆر سەرچاوەدا ئەمجۆرە گفتوگۆیە بە گفتوگۆی تایبەتی (شەخصی) دانراوە، چونکە تەوەری گفتوگۆکە خودی قسەکەرەکە دەبێت لە رووی ژیانی، کارە سەیرو سەمەرەکانی‌و تەنانەت قسەکانیشی. واتا بایەخدان بە خودی قسەکەر خۆیەتی نەك هیچ شتێکی‌تر. گرنگیش لێرەدا ئەوەیە کە رۆژنامەنووس چۆن ئەو شتانە دەخاتەڕوو کە لە گفتوگۆکەدا دەستی

دەکەوێت؟ واتا دەبێت بە شێوەیەکی وابێت سەرنجی خوێنەر رابکێشێت، جگەلەوە دەبێت رۆژنامەنووس وەسفێکی وردی قسەکەر بخاتەڕوو هەر لە چۆنیەتی قسەکردنیو جووڵەو جلو بەرگ تا دەگاتە چۆنیەتی دانیشتنو..تد.

دەتوانین بڵێین رۆژنامەنووس لە هەموو شتێك زیاتر بایەخ بەفەلسەفەی قسەکەر لە ژیان دەدات بەرلەوەی بایەخ بە پسپۆڕیو ئەزموونەکان بدات.

بۆ نموونە گفتوگۆ لەگەڵ ئەکتەرێکی بەناوبانگ بۆ دەرخستنی لایەنە سەیرو سەمەرەکانی تەمەنی، یا لەگەڵ سیاسەتمەدارێکی ناودار بۆ ئاشنابوون بە گرنگترین وێستگەکانی ژیانیو ..تد.

**٤-گفتوگۆی بەکۆمەڵ:**

د. عەبدول لەتیف حەمزە دوو شێوازی داناوە بۆ گفتوگۆی بەکۆمەڵ:

یەکەمیان: رۆژنامەنووس گرووپێکی دیاریکراو لە خوێندکار، مامۆستا یا کرێکار یا هەر توێژێکی تر دەست نیشان دەکاو یەك پرسیاری نەگۆڕیان ئاراستە دەکاتو لەهەر یەکەیان وەڵامێك وەردەگرێت. ئەم رێگەیە تا رادەیەك لە راپرسی دەچێت چونکە رۆژنامەنووس کۆمەڵە بۆچوونێکی لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە لەلایەن توێژێکی دیاریکراو دەست دەکەوێت. بە زۆری ئەم شێوازە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان کاری پێدەکرێتو رۆژنامە لە کاتی گۆڕانکاری سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتیی چاوەڕوانکراودا سوودی لێ وەردەگرێت.

دووەمیان: ئەوەیە رۆژنامەنووس پرسیار لە کۆمەڵێك لە پسپۆڕانی بوارێکدا بکاتو پەیوەندیی بە کێشەکەیەوە هەبێت کە جێی بایەخی رۆژنامەو خوێنەریش بێتو بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێت، دواتریش هەموو رایەکان کۆدەکاتەوە. ئەم شێوازە دەخوازێ رۆژنامەنووس خاوەن



ئاستێکی باڵای رووناکبیری بێتو بەتوانا بێت لە تێگەیشتنو گونجان لەگەڵ پسپۆران تا دواتر بتوانێت بۆ خوێنەری بخاتەڕوو.

**٥-گفتوگۆی کۆنگرەکان:**

لەمجۆرەی گفتوگۆی رۆژنامەنووسیدا، زیاتر لە رۆژنامەنووسێك گفتوگۆ لە کەسایەتیەکی دیاریکراوەوە وەردەگرن، یا دەکرێ چەند رۆژنامەنووسێك گفتوگۆ لەگەڵ زیاتر لە کەسایەتیەك لەبارەی مەسەلەیەکی دیاریکراوەوە بکەنو پرسیاریان ئاراستە بکەن.

وەك کۆنگرەی رۆژنامەنووسی سەرۆکی وڵاتێك بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن، یا دوو سێ سەرۆك وڵات بەیەکەوە بۆ کۆمەڵێك کەناڵی راگەیاندن.

**٦-گفتوگۆی ئاوێتە:**

مەبەست لەگفتوگۆی ئاوێتە، ئەو گفتوگۆیانەیە کە لەیەك کاتدا چەند جۆرێك لەخۆ دەگرێت، وەك ئەوەی رۆژنامەنووسێك گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکی دیاریکراودا بکات بۆ دەستکەوتنی هەواڵێك، لە هەمان کاتدا راوبۆچوونیشی لەسەر تەوەری گفتوگۆکە وەردەگرێت. یان رەنگە یەك لەو دوو جۆرە گفتوگۆیە، یان هەردووکیان لەگەڵ جۆری کات بەسەربردن تێکەڵ ببێو چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی قسەکەریش ببێتە بەشێك لە تەوەری پرسیارەکان.

دەشکرێ، ئەوانە هەموویان بەیەکەوە لە گفتوگۆیەکی دیاریکراودا خۆیان ببیننەوەو هەروەها لە جۆرەکانی تریش، وەك گفتوگۆی بەکۆمەڵو کۆنگرەش.

## دوو شێوەی گفتوگۆ:

مەبەست لە شێوەکانی گفتوگۆ، ئەوەیە کە ئایا گفتوگۆکە چۆن لەگەڵ کەسی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت؟ راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ..

واتا بۆ هەموو جۆرەکانی گفتوگۆ جگە لە گفتوگۆی کۆنگرەکان نەبێت، دوو شێوەمان هەیە ئەوانیش راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ.

**١/ گفتوگۆی راستەوخۆ:**

رووبەڕوو لەگەڵ قسەکەر گفتوگۆ دەکرێت، هیچ ناوەندێك نییە بۆ گواستنەوەی گفتوگۆکە تەنها ئەو دووریە یەك دوو مەترە بۆشاییەی نێوان قسەکەرو رۆژنامەنووسەکە نەبێت.

**٢/ گفتوگۆی ناڕاستەوخۆ:**

رۆژنامەنووس و کەسی قسەکەر، نێوانیان دوورەو لە رێگەی هۆکارێکی پەیوەندییەوە گفتوگۆ ئەنجام دەدەن. وەك لە رێگەی تەلەفۆن، نامەی ئاسایی، ئینتەرنێت و فاکس.

هەردوو ئەو شێوە گفتوگۆیەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن، چ راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، دەشێ پێشتر بەرنامەیان بۆ دانرابێ و رۆژنامەنووس و قسەکەریش خۆیان بۆ ئامادەکردبێت. هەروەك دەشێ گفتوگۆکە لەناکاو ئەنجام بدرێ و کورت خایەن بێ و پێشتر هیچ ئامادەکارییەکی بۆ نەکرابێت، وەك ئەوەی لە پڕێك پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراو بێتە پێش یاخود لەپڕ رۆژنامەنووس کەسایەتییەکی ناودارو گرنگ لە بوارێکدا ببینێ و نەیەوێ ئەم هەلە لەدەست بدا بۆیە هەرچۆنێك بێت لێدوانێکی بەپەلەی لێ وەردەگرێت.

## رێگاکانی تۆمارکردنی گفتوگۆ

شتێکی ئاساییە کە تۆ وەك رۆژنامەنووسێك گفتوگۆیەکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ کەسایەتییەکی دیاریکراودا دەکەیت پێویستت بەوە هەیە دەقی گفتوگۆکە، یا هەر نەبێ پوختەیەکی گرنگی لێ تۆماربکەی. بۆ ئەم مەبەستەش چەند رێگایەك هەیە:



**١/ ئامێری تۆمارکەر:**

باشترین شێوازی تۆمارکردنی گفتوگۆیە، دەقی گفتوگۆکە بەقسەو رەفتارە لابەلاکانیشی وەك پێکەنین و گریان و تووڕەبوون و ورووژان و هەر شتێکی دیکە، وەك خۆی تۆماردەکا.

بەکارهێنانی ئامێری تۆمارکەر، تازەترین و بەربلاوترین شێوازی تۆمارکردنی گفتوگۆیە. لە کوردستاندا، لە کاتی چاوپێکەوتن و هەر گفتوگۆیەکی دیکەی رۆژنامەنووسیدا، لەبەر ئاسانی و باشیی ئەم رێگایە، زۆربەی رۆژنامەنووسان کاری پێدەکەن.. تەنانەت وای لێهاتووە ئەگەر بەبێ ئامێری تۆمارکەر بچیت بۆ کارێکی رۆژنامەنووسی بە تایبەتیش ئەگەر جۆرێك لە جۆرەکانی گفتوگۆی رۆژنامەنووسیی بێت ئەوا بەگومانەوە سەیری مەبەستەکەت دەکەن و تارادەیەکی زۆر بە ساردیی بەپیر کارەکەتەوە دێن.

باشییەکانی تۆمارکردنی گفتوگۆ بە ئامێری تۆمارکەر لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

أ-ئاسانیی کارەکە، چونکە تۆ ئامێرەکە ئیش پێدەکەیت و تەنها بە ئاڕاستەکردنی پرسیارو ئیدارەدانی گفتوگۆکە خەریك دەبیت و بێ خەم دەبیت لەلایەنی تۆمارکردنی گفتوگۆکەوە.

پ-کاتێکی باش بۆ رۆژنامەنووس پاشەکەوت دەکات.

ب- دەقی گفتوگۆکە بە دەنگی قسەکەرەکە خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر دەمینێتەوەو دەتوانرێ هەم بۆ ئەرشیف و هەم وەك بەڵگەش لە کاتی پێویستدا بەکاربهێنرێت.

ج- کەش و هەوای ئەو نێوەندەی گفتوگۆکەی تێدا ئەنجام دراوە، وەکو خۆی دەگوازێتەوە. واتا وەك شوێنەکەی کە رەنگە نزیك بە رووبارێك بێت، یا پێکەنین و تووڕەبوونی قسەکەرو ..تد.

**٢/پرسیارو وەڵامی نووسراو:**

دەکرێ ئەو گفتوگۆیەی رۆژنامەنووس لەگەڵ قسەکەردا دەیکا، لەسەر کاغەز بێت. هەندێ جار قسەکەر خۆی حەزدەکا پرسیارەکان لەسەر کاغەز بۆی ئامادەکرادبێت تا ئەویش بە نووسین وەڵامی بداتەوە.

ئەم رێگایەش، وەك ئەوەی پێشوو لای خۆمان بەرادەیەکی باش کاری پێدەکرێ بە جۆرێك کە لەلایەن رۆژنامەنووسەوە پرسیارەکان دەنووسرێنەوەو قسەکەریش بە هەمان شێوەو بەپێی پێویست وەڵامی دەداتەوە.

زۆر کەس پێی وایە ئەم رێگایە باشترین رێگایە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ، چونکە بە بۆچوونی ئەوان لەم حاڵەتەدا گفتوگۆکان چڕوپوخت دەبن و بە هەمان شێوە هەڵدەگیرێ و وەك بەڵگەش بۆ بڵاوکردنەوەی لە کاتی پێویست بەکاردێت، بەڵام سەرەڕای ئەوە، ئەم شێوازە کەموکوڕیی هەیە، چونکە بۆ هەموو جۆرە گفتوگۆیەك ناشێت و تەنها بۆ چاوپێکەوتن و هەندێ جاریش بۆ لێدوانێك سوودی لێ وەردەگیرێ. هەروەك سوودی لێ وەرناگیرێ بۆ دەستکەوتنی هەرچی زیاتری زانیاری و وردەکارییەکانی بابەتی تەوەری گفتوگۆکە چونکە قسەکەر کە لەم حاڵەتە رۆڵی نووسەر دەبینێ، تەنها ئەم شتانە دەخاتەڕوو کە خۆی بەگرنگی دەزانێ نەك رۆژنامەنووسەکە.

**٣/تۆمارکردن بە نووسینەوە:**

ئەمەیان بە شێوازی (اختزال) ناسراوە، واتا لەگەڵ قسەکردنی قسەکەردا، هاوکات تۆ قسەکان یا پوختەیەکی قسەکان لەسەر کاغەز بنووسیتەوە.

ئەگەرچی ئەم شێوازە هەموو رۆژنامەنووسێك ناتوانێ بەکاری بهێنێ چونکە پێویستیی بە خێرایی و شارەزایی هەیە لە نووسینەوە، بە هەمان شێوە رەنگە بەهەڵە هەندێ قسە تۆماربکرێ و هەندێکیش زیاد بکرێ. لە هەمان کاتدا رۆژنامەنووس کاتێك ئەم شێوازە پەیڕەو دەکات، تەنها خەمی



لای نووسینەوە دەبێت و بیری پرسیارکردن و تێگەیشتنی لە ناوەرۆکی گفتوگۆکەی نامێنێ.

ئەم رێگایە ئەگەرچی زۆرجار بۆ رۆژنامەنووس پێویستە بە تایبەتیش لەو کاتانەی ئامێری تۆمارکەری لانابێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەهەردوو رێگاکەی پێشوو کەمتر کاری پێدەکرێ چونکە بە راستی رۆژنامەنووس هیلاك و ماندوودەکات.

## ئامادەکردنی گفتوگۆی رۆژنامەنووسی

وەك لە زۆربەی رۆژنامەنووسە تازە خۆماڵییەکان تێبینی دەکرێ و لە ئەزموونیی سەرەتایی رۆژنامەنووسیی ئێمەشدا رەنگدانەوەی هەبووە، بەر لە ئەنجامدانی گفتوگۆ جا هەر شێوەو جۆرێکیان بێت، رۆژنامەنووس جۆرێك لە ترس و دڵەڕاوکێ دایدەگرێت تا دەکەوێتە ژێر بارەکەو گفتوگۆ ئەنجام دەدات. دوای ئەوەش رۆژنامەنووس کە دەگەڕێتەوە بۆ بارەگای رۆژنامەکەی هەمدیس لە رێگادا دڵەڕاوکێیەکی تا رادەیەك هەر هەیە بەرامبەر بە چۆنیەتی رێکخستنەوەو ئامادەکردنی تەوەرو لایەنەکانی ئەو گفتوگۆیەی کردوویەتی.

بەر لە هەموو شتێك، پێویستە رۆژنامەنووس کە دەگاتەوە سەر مێزەکەی، تەنها ئەو کەرەستەو بابەتانە لەسەر مێزەکەی بهێڵێتەوە کە پەیوەندییان بەو گفتوگۆیەوە هەیە کە ئەنجامی داوەو ئامادەی دەکا. بە هەمان شێوە نابێ رۆژنامەنووسەکە لەکاتی گفتوگۆدا بیروهۆشی پەرتەوازە بێ و لە ئەسڵی مەسەلەکە کە تەوەری گفتوگۆکەیە، دوور بکەوێتەوە.

واتا رۆژنامەنووس سەرەتا بە مێشکێکی ساف و روونەوە، خۆی ئامادە دەکات ئنجا دەچێتە سەر ئامادەکردنی گفتوگۆکە بە شێوەیەکی گونجاو تا بشێت بۆ بڵاوکردنەوەی.

ئامادەکردنی هەر گفتوگۆیەکیش چ لەلای خۆمان بێت یا لەهەر شوێنێکی دیکە، بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت کە واباشترە ڕۆژنامەنووس لەبەرچاوی بگرێو پەیڕەویی بکات چونکە ئاسانکاریی بەکارەکەی دەبەخشێت. ئەوانیش بریتین لە:

١/دیاریکردنی بابەتو دەستنیشانکردنی قسەکەر.

٢/پەیوەندیکردن بەقسەکەر بۆ دیاریکردنی کاتو شوێنی ئەنجامدانی گفتوگۆو تەوەرەکانیش.

٣/کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری لەسەر بابەتەکەو کەسایەتیی قسەکەر.

٤/ئامادەکردنی پرسیارو شێوازی دواندنی قسەکەر.

٥/بەڕێوەبردنی گفتوگۆ.

٦/پێداچوونەوەو نووسینەوەی گفتوگۆ.

## ١-دیاریکردنی بابەتو هەڵبژاردنی (دەست نیشانکردن) قسەکەر

لۆجیك نییە تۆ بەنیازی ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنووسی پەیوەندیی بەکەسێکەوە بکەی، کەچی نەزانیت لەسەر چیی قسەدەکەن. بەهەمان شێوە ناشکرێ تەوەری گفتوگۆو لایەنەکانیشت دیاریکردبێت کەچی کەسی قسەکەری گونجاوت دیاری نەکردبێت.

ئەم دوو خاڵە زۆر گرنگن، چونکە بنەمای دروست بوونو گەڵاڵەبوونی هەموو گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنووسین. مەرجیش نییە لەم دووانەیان کامیان لەپێشتر دەست نیشان بکرێن، چونکە زۆرجار مەسەلەیەکی گرنگو گەرماوگەرم هەیە، تۆ دەبێ بەدوای کەسێکدا (قسەکەر) بگەڕێیت کە شارەزاو بەتوانا بێت لەو لایەنەی کە گفتوگۆکە تاووتوێی دەکات.



واتا لێرەدا مەسەلەکەو تەوەرەکە سەرچاوەی دروست بوونی گفتوگۆکەو دیاریکردنی قسەکەریشە.

بەڵام هەندێجار، بە پێچەوانەوەیە، بۆ نموونە کەسایەتیەکی گەورەو دیار لە دەرەوەی کوردستان دەگەڕێتەوە نیشتمان، ئەو کەسایەتییەش کە خۆی لە بوارێکدا شارەزاو بە توانایە، دەهێنێ لەو بوارەی ئەو گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسیی لەگەڵدا بکرێو بایەخی خۆی هەیە چونکە گەلێ جار رابردوویەکی تایبەتیی هەیە، بۆیە لەسەر ئەساسی کەسایەتییەکە تەوەرو لایەنەکانی گفتوگۆ ڕۆژنامەنووسییەکە دیاری دەکرێت. لێرەشدا کەسایەتیی قسەکەر دەبێتە هۆی لەدایکبوونی گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسی نەك بابەتێکی گەرماوگەرمو گرنگ.

بەڵام بۆ ئەوەی وابکەین زیاتر گفتوگۆکە گرنگو جێگەی سەرنجو بایەخی خوێنەر بێت، واباشترە هەم مەسەلەکە گرنگو جێی سەرنج بێتو هەم ئەو کەسەش کە ڕۆڵی قسەکەر دەبینێو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرێت.

## ٢-پەیوەندی کردن بەقسەکەر بۆ دیاریکردنی کاتو شوێنی ئەنجامدانی گفتوگۆو تەوەرەکانیش

ئەگەری زۆرە کاتێك ڕۆژنامەنووس بێ وەرگرتنی مەوعیدێکی پێشوەختو ئاگادارکردنەوەی کەسی دەست نیشانکراو بەمەبەستی ئەنجامدانی گفتوگۆ، کە دەچێتە لای قسەکەر بواری نەبێ یا تەنانەت حەز بە ئەنجامدانی گفتوگۆکەش نەکات، کە ئەمەش جگەلەوەی ماندووبوونێکی بێ سوود دەبێت لە هەمان کاتدا حاڵەتێکی شکانەوەی دەروونی بۆ ڕۆژنامەنووس دروست دەکاتو هەندێ جار ڕەنگە پیشەکەشی لەبەرچاو سووك بێت. ڕەنگە زۆرجاریش کاتو شوێنەکەی لەکەسی دیاریکراو وەرگرتبێ، بەڵام ڕۆژنامەنووس بیری دەچێ تەوەرو بابەتی گفتوگۆکەی پێ

بلێ تا پێشتر قسەکەر خۆی ئامادە بکات، کە ئەمەشیان بێگومان کەموکورپیو لە هەمان کاتدا کێشەشە لەبەردەم ئەنجامدانی گفتوگۆ. بۆیە پێویستە دووەم قۆناغ لەجێبەجێکردنی گفتوگۆدا، پەیوەندیی بەقسەکەرەوە بکرێ بۆ بەجێهێنانی چەند ئامانجێك کە گرنگترینیان ئەمانەن:

أ-ئاشناکردنی قسەکەر بە تەوەرو بابەتی گفتوگۆ تا پێشتر ئامادەکاریی بۆ بکات.

پ-وەرگرتنی رەزامەندیی قسەکەر لەسەر گفتوگۆکە.

ب-دیاریکردنی کاتێکی گونجاو بۆ هەردوولا (قسەکەرو رۆژنامەنووس).

ج-هەروەها دەست نیشانکردنی شوێنێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆکە کە زۆرجار رەنگە ماڵی قسەکەر یا شوێنی کارەکەی یا بارەگای رۆژنامەکە یا شوێنێکی گشتیی وەك کافیتریاو..تد بێت.

## ٣-کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری لەسەر بابەتەکەو کەسایەتیی قسەکەریش

دوای دەست نیشانکردنی تەوەرو قسەکەر، کاتو شوێنی گفتوگۆو وەرگرتنی رەزامەندیی قسەکەر، رۆژنامەنووس دەبێت لە رووی زانیارییەوە خۆی ئامادەو پڕچەك بکات تا کاتێك لەگەڵ قسەکەردا دەکەوێتە قسە، ورياو بەئاگاو شارەزا دیاربێت لەسەر مەسەلەکەو ئاشنا بێت بە پێشینەو لایەنو پێشهاتەکانی بابەتی تەوەری گفتوگۆکە. چونکە لەم حاڵەتەدا رۆژنامەنووس دەتوانێ پرسیاری زیندوو بکاو دەشتوانێ سەرکەوتووانە گفتوگۆکە بەرێوەبەرێت. لە هەمان کاتدا ئەمە خاڵێکی ئیجابییە بۆ رۆژنامەنووسو لە کەسایەتییو هەیبەتی خۆی بەرامبەر قسەکەرو خوێنەریش زیاد دەکاتو هاوکات مایەی دڵخۆشیی قسەکەر دەبێت چونکە هەست دەکا



رۆژنامەنووسەکە خۆی بەمەسەلەکەوە ماندوو کردووەو بایەخی زۆری پێدەداتو تەنانەت قسەکەر وا هەست دەکات کە کارەکە زۆر جددییەو لە ئاستێکی باڵادایە.

پەیداکردنی زانیارییش، بێگومان ماندووبوونی دەوێت، چونکە کاری رۆژنامەنووسی خۆی لە بنەڕەتدا ماندووبوونە، خۆی گەڕانو بەدواداچوونو پرسیارکردنە، بۆیە دەبێ رۆژنامەنووس رووبکاتە ئەرشیفو کتێبخانەو پرسیارکردنیش لەو کەسانەی کە ئاگاداری رووداوەکەن یاخود نزیکن لە کەسی قسەکەرو ئاشنایەتیی لەگەڵدا هەیە ئەوەش بەمەبەستی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر هەردوولا قسەکەرو بابەتی گفتوگۆکەش. بەهەمان شێوە دەبێ بەدواداچوونی هەبێت لەسەرچاوەکانی هەواڵ کە رەنگە باسی لایەنێکی تازە بکات پەیوەندیی بە قسەکەر یا بابەتی گفتوگۆکە هەیە.

## ٤-ئامادەکردنی پرسیارو شێوازی دوواندنی قسەکەر

هەندێ رۆژنامەنووس کە خۆیان لە بوارەکەدا بەتوانا دادەنێنو لەخۆیان رادەبینن یا شارەزاو بە سەلیقەن، بێ ئامادەکردنی پێشوەختی پرسیارو نووسینەوەی سەرەقەڵەمی یا تەواوی پرسیارەکان لەسەر کاغەز بەرەو گفتوگۆکە دەچن. واتا تەنها لە هزریاندا پلانو نەخشەیەکیان بۆ پرسیارکردنو سەرتاپای گفتوگۆکەش داناوە.

بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکانداو بۆ ئەوەی هچ پرسیارێك لەبیر نەکرێ واباشترە هەرچۆنێك بێت رۆژنامەنووس وەك سەرەقەڵەم پرسیارەکان تۆماربکاو لەکاتی گفتوگۆکردندا ئاڕاستەی بکات. لە هەمان کاتیشدا زۆرجار وەك پەندە کوردییەکەش دەڵێت (قسە قسە رادەکێشێ)، لە کاتی پرسیارو وەڵامەکاندا، پرسیاری نوێ لای رۆژنامەنووس دروست دەبێت کە پێشتر تۆماری نەکردوون.

ئەمە سەبارەت بە پرسیارەکانەوە، خاڵێکی دیکەی گرنگ کە دەبێت رۆژنامەنووس رەچاوی بکات ئەوەیە کە چۆن دەست بە گفتوگۆ دەکات؟ واتا چۆن سەرە داوەکە دەدۆزێتەوەو قسەکەر رادەکێشێت بۆ قسەکردن؟

لە راستیدا ئەمە پێویستیی بە دیقەتو ورياييەكی زۆر هەیە، پێویستیی بەوە هەیە کە رۆژنامەنووس تا رادەیەکی باش ئاگادارو شارەزای کەسایەتیی قسەکەر بێت کە پێشتر دەبێ خۆی بۆ ئامادەکردبێت. رۆژنامەنووس دەبێ رێگە بدات بەر لەدەست پێکردنی گفتوگۆی جددی، لەگەڵ قسەکەردا هەندێ قسەی خۆش ئاڵوگۆڕ بکرێو ئاساییـیە لەبارەی هەندێ مەسەلەی لاوەکیش قسەبکرێ وەك ئەوەی قسەکەر باسی بەسەرهاتێك یا یادگارییەکی ژیانی خۆی بکات تا ئەو کاتەی قسەکەر بە تەواوی ئامادە دەبێت، ئنجا رۆژنامەنووس دەکرێ لە رێگەی دەرکردنی قەڵەمو ئامادەکردنی کاسێتو تەسجیلو کاغەز ئاماژەیەك بەقسەکەر بدا کە کاتی گفتوگۆی جددی هاتووەو کەشی کاری رەسمی خۆش بکات. بێگومان قسەکەریش ئەوەندە شارەزایی هەر هەیە تا تێبگات کە مەبەستی رۆژنامەنووس لەم جووڵە جووڵو کەوتنە خۆیە چیـیەو ئیتر کاری جددی دەست پێدەکات.. بۆ پرسیارەکانیش وا باشترە لەسادەوە بەرەو ئاڵۆزتر بێت نەك بە پێچەوانەوە.

## ٥-بەڕێوەبردنی گفتوگۆ

ئەم خاڵە، پێویستیی تەواوی بە سەلیقەو شارەزایی رۆژنامەنووس هەیەو بەندە بە لێهاتوویی‌و بە توانایی ئەو. جگە لە ئاڕاستەکردنی پرسیارەکان‌و شێوازی پرسیارکردن، چەند رەفتارو هەڵسوکەوتێکی تریش لەخۆدەگرێت، وەك گوێگرتن بە بایەخەوە بۆ قسەکەر تا وا هەست بکات زانیارییەکانی خۆی تازەو گرنگن، هەروەها سەرەڕای تۆمارکردنی گفتوگۆکە بەتەسجیل هەندێجار قەڵەمو کاغەزیشت بەکاربهێنە، ئەگەر درێژدادڕیی کردو لە



ئەسڵی مەسەلە لایدا، شارەزاییانە قسەی پێ ببڕەو بیهێنەرەوە سەر هێڵە سەرەکییەکەی مەسەلەکە، پەلەپەل نەکردن لە پرسیارو وەڵام وەرگرتنەوەشدا، روونیو دووبارەکردنەوەی پرسیارەکان ئەگەر پێویستی کرد، ئاگاداربوون لە ئامێری تەسجیلەکە نەبادا وەستابێت یا کاسێتەکەی تەواو بووبێتو هەروەها دەبێ رۆژنامەنووس لە هەموو رووەکانەوە کۆنترۆڵی گفتوگۆکە بکاو ئاگاداری کاتیش بێت.

ئەگەر رۆژنامەنووس توانی ئەم خاڵانە جێبەجێ بکاو تەواو کۆنترۆڵی کەشەکە بکات، ئەوا بێگومان ئەو ئامانجو مەبەستەی لە گفتوگۆکەی هەبووە، بۆی دەستەبەر دەبێت.

## ٦-پێداچوونەوەو نووسینەوەی گفتوگۆ

پێداچوونەوە دوای نووسینەوەی گفتوگۆکە دەبێت، سوودەکەشی ئەوەیە زۆرجار بە هۆی پێداچوونەوە، رەنگە شتێك کە لەبیرکرابێت لەئاکامدا بیرمان بکەوێتەوە یان هەڵەیەکی زمانەوانی دەست نیشان بکەین یاخود شێوازی نووسینەوەکە بۆ خوێنەر ئاسان نییە، ئاسانتری بکەیت، چونکە خۆت لە حاڵەتی پێداچوونەوەدا رۆڵی خوێنەر دەبینیتو ئیتر لە رووی ئاسانیو قورسیی زمانەکەو هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە، هەندێك راستیت بۆ دەردەکەوێت.

بۆ نووسینەوەی گفتوگۆیەکی رۆژنامەنووسی، دەکرێ پەنابەرینە بەر شێوازە زانستییەکانی نووسینەوەی ئەم هونەرە رۆژنامەنووسییە کە بەباشترین شێوە بەرهەمەکەمان دەخاتە بەردەستو پەیامەکە بە ئاسانی دەگات بە خوێنەر. بەڵام لە هەمان کاتدا، دەشکرێ بەو شێوازەی کە رۆژنامەنووس خۆی بەشیاوی دەزانی گفتوگۆکە دابڕێژێتەوە، مەرجیش نییە هەرچی پرسیارو وەڵامەکانیشە، وەکو خۆی دەقاو دەق بڵاوبکرێتەوە،

بەڵکو دەکرێ تەنها ئەو لایەنانەی کە خوێنەر یا قسەکەرەکە خۆی مەبەستییەتی، یا پوختەیەك لە گفتوگۆکە بەمەرجێ پێشتر قسەکەرەکەت لێ ئاگادارکردبێتەوە، بڵاوبکرێتەوە.

## نووسینەوەی گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسی

ڕێگا زانستییەکەی نووسینەوەی گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسی، خۆی لەچەند شێوازێکدا دەبینێتەوە، هەر ڕۆژنامەنووسێك کاتێکدا دەست دەکات بە نووسینەوەی ئەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ کەسایەتیی دیاریکراودا کردوویەتی، وا باشترە لەبەر چەند هۆکارێك پەنا بباتە بەر ئەم شێوازانە، هۆکارەکانیش ئەمانەن:

-ڕۆژنامەنووس دەتوانێ بە ئاسانی بەسەر نووسینەوەی گفتوگۆکەدا زاڵ بێت‌و تووشی بێسەروبەریی یان تێکەڵبوونی تەوەرەکان نەبێت.

-ئەگەر پێویست بکات، ڕۆژنامەنووس دەتوانێ بێ گرفت‌و بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە، گفتوگۆ پوخت بکاتەوە.

-دەرخستنی گرنگترین بڕگەو لایەنەکانی گفتوگۆ بۆ خوێنەر.

-بەهەمان شێوە، بۆ خوێنەریش ئاسانکاریی پێشکەش دەکات، چونکە تەوەرەکان جیاکراونەتەوەو سەر لە خوێنەر ناشێوێنێت.

بەشێوەیەکی گشتی نووسینەوەی گفتوگۆ، بەپشت بەستن بەم شێوازانە، سوودی زۆری بۆ خوێنەرو ڕۆژنامەنووس هەیەو ڕەوانی‌و ساکاریی بەهەردوولا دەبەخشێت.

گرنگترین ئەو شێوازانەش کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، لە ڕۆژنامەگەریی زیندوودا زیاتر کاری پێدەکرێت، دوو شێوازن کە بریتین لە :

**-شێوازی ڕاپۆرت ئامێز.**

**-شێوازی پرسیارو وەڵام.**



بەر لەدەستکردن بە نووسینەوەش، ڕۆژنامەنووس دەبێت لە دابینکردنی چەند ڕەگەزێکی وەك بەڵگە، وێنەو نەخشە، خشتەو ئامار دڵنیا بێت کە زۆرجار بوونیان پێویستە. بەهەمان شێوە دڵنیابوون لە ڕاستی‌و دروستیی ئەو زانیارییانەی کە لەگفتوگۆکەدا لەلایەن قسەکەرەکەوە دەستی کەوتووە، خاڵێکی دیکەی گرنگەو دەبێ لەبەرچاو بگیرێت.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە بە تەواوکەری نووسینەوەی گفتوگۆ دادەنرێ‌و وەك ناساندنێکی گفتوگۆکەیە بە خوێنەر، پێشەکییە. واتا ئەو پێشەکییەی ڕۆژنامەنووس بۆ گفتوگۆکەی دەنووسێت‌و دەروازەیەکە کە لێیەوە دەست بە گفتوگۆ بکرێت.

زۆرجار نووسینەوەی ئەم پێشەکییە دوای تەواوبوونی نووسینەوەی گفتوگۆ دەکرێ‌و هەندێ جاریش بەر لەدەستپێکردنی دەبێت، گرنگ لێرەدا ئەوەیە پێشەکییەکەی سەرکەوتوو بێت‌و بتوانێ بە تەواوی گفتوگۆکە بناسێنێت‌و پەیوەندیشی پێوە هەبێت.

**یەکەم/ شێوازی ڕاپۆرت ئامێز:**

مەبەست لەشێوازی ڕاپۆرت ئامێز لە نووسینەوەی گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسیدا، ئەوەیە کە پشت بەگێڕانەوەو وەرگرتن (اقتباس) ببەسترێت، واتا دەقی گفتوگۆکە وەکو خۆی دانەبەزێت.

بۆ نموونە ئەگەر گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ لەبارەی مەسەلەیەکی دیاریکراوەوە بکرێت، ئەوا بەمجۆرە دەبێت:

وەزیری ناوخۆ ئاشکرایکرد کە (زانیارییەکی گرنگ)

هەروەها لەمبارەیەوە وتی (بەشێك لەقسەکانی)

دووپاتی کردەوە کە (هەڵوێستێك)

لەبارەی فلانە مەسەلەشەوە، پێی وایە کە (بۆچوونێکی)

لەم شێوازەدا، پوختەی گفتوگۆکان بەجۆرێکی وا پێشکەش دەکرێن کە بەجیا زانیاری، بۆچوونو هەڵوێستو سەرنجەکانی قسەکەر دەخرێتەڕوو.

بەکارهێنانی ئەم شێوازە زۆر ئاسانو ساکارەو سەرکەوتووانەش مەبەست دەدات بەدەستەوە. بەزۆریش ئەم شێوازە بۆ لێدوانی کورتو خێراو هەروەها بۆ کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکان بەکاردێت.

نموونە:

وةزيرى ناوخؤ: بة توندى وةلآمى تيرؤريستان دةدةينةوة

لەبارەی دوا پێشهاتەکانی گۆڕەپانی کوردستان لەڕووی ئەمنیو چالاکیەکانی وەزارەتەکەی، لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەکەمان وەزیری ناوخۆ ئاشکرایکرد کە پلانێکی ئەمنیان بەدەستەوەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تیرۆریستانەی ئارامی هەرێمیان تێکداوە، لەمبارەیەوە وتی: "چیتر رێگە بە تیرۆریستان نادەین پیلانە گڵاوەکانیان بەدی بهێننو بە توندی وەڵامیان دەدەینەوە".

هەروەها لەوەڵامی پرسیارێک سەبارەت بەدوا چالاکیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەڕووی راوەدوونانی تیرۆریستان، وەزیری ناوخۆ دووپاتی کردەوە کە هێزەکانی ئاسایش لەهەموو شارو شارۆچکەکان چالاکیان هەیەو تەنها لەماوەی هەفتەی رابردوودا زیاتر لە ٢٠ تیرۆریستیان دەستگیرکردووە کە بە نیازی چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی بوون. هەروەک سووربوو لەسەر هەڵوێستی نەگۆڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەبڕکردنو ریشە هەڵکێشانی تیرۆریستان.

لەبەشێکی دیکەی دیدارەکەدا، ئەوەی ئاشکراکرد کە وەزارەتەکەی بەرنامەیەکی بەدەستەوەیە بۆ رێکخستنو زیاتر بەهێزکردنی هێزەکانی



ناوخۆ، لەمڕۆوە وتی:"بەنیازین لە ئایندەیەکی نزیکدا بڕێکی زۆر کەلوپەلو پێداویستییە گرنگەکانی وەک کەرەستەی خۆپارێزیو ئامێری پەیوەندیو هەندێ ئامێری تایبەتی ئاشکراکردنی تاوان لەدەرەوە دەهێنن".

لە کۆتاییدا وەزیری ناوخۆ ئومێدی خواست خەڵک زیاتر هاوکاری ناوەندەکانی ئاسایشو پۆلیس بکەن لەڕووی زانیاریو رێزگرتن لە یاسا بەمەبەستی دروستکردنی کۆمەڵێکی مۆدێرنو شارستانی.

**دووەم/ شێوازی پرسیارو وەڵام:**

لەدوای نووسینی پێشەکی بۆ گفتوگۆکە، راستەوخۆ دەقی گفتوگۆکە بە پرسیاری یەکەمی رۆژنامەنووسو وەڵامی قسەکەرو دواتریش پرسیارو وەڵامەکانی تر دەست پێدەکات.

ئەم شێوەیەی نووسینەوەی گفتوگۆ، هیچ هونەرێکی تێدا نییە، چونکە جگە لە پێشەکییەکە، دەقی گفتوگۆکە وەکو خۆی بێدەستکاری دادەنرێتو رەنگە هەندێ جاریش کەمێك کورت بکرێتەوە.

ئەم شێوەیە زیاتر لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا بۆ نووسینەوەی گفتوگۆ، بە تایبەتیش چاوپێکەوتن، کاری پێدەکرێتو ئاسانیشە، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازێکی کۆنەو زۆربەی رۆژنامەنووسانیش پشتی پێدەبەستن.

نموونە:

د. فةرهاد ثيربال:
لة (مولازم تةحسين) سليمانىو لة (مندالَبازيش)هةوليرم
بريندار كردووة!

هەمیشە کە پیاوێکی سمێڵ زلی رەنگ رۆژهەڵاتی.. پیاوێک کە جلوبەرگێکی سادەو نەعلێکی باتای لەپێدایەو بۆنی جگەرەکەشی هەرگیز

هەراسانت ناکات بەلاتدا گوزەر بکات بێشەک ئەوا (د.فەرهاد پیربال)ە... ئەم پیاوە چەندی قسەی لەگەڵ بکەیت بێزار نابیت.. ئەوەتا (ئاسۆ) لەدەرفەتێکدا بەر لەنانخواردنی ئێوارەیەک دیدارێکی کورتی لەگەڵ سازکردو پرسیاری لەبارەی نۆڤلێتی مولازم تەحسین‌و شتی‌ترو منداڵباز لێکردو ئەویش وەڵامەکانی بەدڵی (ئاسۆ) دایەوە:

***دکتۆر فەرهاد لەم دیدارە دەمانەوێ باس لەنۆڤلێتی مولازم تەحسین‌و شتی‌تریش‌و منداڵباز بکەین، بۆمولازم تەحسین لە سلێمانی‌و منداڵباز لەهەولێر؟ دەتەوێ هاوسەنگیەکە رابگریت دەنا بۆ دوای مولازم تەحسینـی سلێمانی، منداڵبازـی هەولێرت نووسی؟**

–دووحاڵەتی زۆرجیاواز بوو من واتێدەگەم ئەگەر مولازم تەحسین لەسلێمانی چاپ بوبێ گەیشتۆتە هەولێریش بەهەمان شێوە منداڵبازیش هەر لەسلێمانی چاپ بوو هەرگەیشتۆتەوە هەولێر، بەڵام جیاوازی ئەم دوو رۆمانە ئەوەیەکە مولازم تەحسین رووداوەکانی لە سلێمانی روودەدا ، بەڵام منداڵباز رووداوەکانی لە هەولێر ، یەعنی ئەمە شتێکە من ناتوانم تەفسیری بکەم‌و عادەتەن دەنگدانەوەی تێکستێک‌و لەسەر نووسینی، هەمیشە مەرج نییە دەقێکی باش بێت، بۆنموونە رۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا)کە لە دەزگای (ئاراس) چاپ بووە، بەرۆمانێکی زۆر زۆر مومتازی خۆم دەزانم لەبەرئەوەی رۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا) بابەتێکە بۆیەکەمین جار چارەسەری گرفتی جوانی دەکەم، جوانی کە کێشەیەکە لەهەموو ریوایەتی دونیا (تۆماس مان)لەگەڵ (ئۆسکار وایڵد) باسیان کردووە (تۆماس مان) لە رۆمانی (مردن لە ڤینیسیا)و (ئۆسکار وایڵد) لە رۆمانی (وێنەی دۆریاندگرای)، لە حاڵەتێک کە رۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا) هیچ مەقالێکی ئەوتۆی لەسەر نەنوسرا وەهیچ دەنگدانەوەیەکیشی نەبوو، بەڵام من لای خۆمەوە وەکو ئەزمونی



رۆماننوسین (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا) بەئەڵقەیەکی زۆر زۆر گرنگ دەزانم لە ئەزمونی رۆماننوسینی خۆم‌و تەنانەت لەهەموو رۆمانی کوردیش، کێشەی جوانی وەکو کێشەیەکی فەلسەفی ئێستاتیکی نەبۆتە خەم لای هیچ رۆماننوسێکی کورد هەتا ئەو لەحزەیەی من ئەوەم تێدا نووسیوە ئەمەش بەلامەوە گرنگ بوو، بەڵام هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبوو، کەواتە من واتێدەگەم دەنگدانەوەی یان دەنگنەدانەوەی رۆمانێک مەرجێک نییە بۆ ئەدەبی باش‌و ئەدەبی خراپ‌و هەروەها جەماوەریش هەمیشە پێوەرێک نییە، مەسەلەی مولازم تەحسین‌و شتی تریش من پێم وابوو مەسەلەیەک بوو زۆر دەچووە ناخ‌و کانگای مەسەلە سیاسییەکان پێشبینیم دەکرد گەر رووداوەکانی سلێمانی کە بۆخۆی لە سلێمانی روودەدا گەر لە هەولێر رووی دابا بەهەمان شێوە ئەو زەجەیەی دروست دەکرد لەتەرەف ئەو حزبەی کە لەهەولێر بۆ نموونە (پارتی دیموکراتی کوردستان) کە ئەو فەترەیە لە هەولێر حاکم بووە هەمان کێشەی دروست دەکرد واتە مەسەلەکەی مولازم تەحسین کە من هەرگیز فەخری پێوە ناکەم‌و شانازی پێوەناکەم مەسەلەیەکی زۆرتر سیاسی بوو کەچی کەسیان هیچ یەکێک لەو رەخنەگرانە باسی تەکنیکی چیرۆکەکەیان نەکرد، کەمن بۆخۆم شانازی پێوەدەکەم هونەری چیرۆکەکە هونەری مولازم تەحسین‌و شتی تریش لەلایەنە سیاسیەکەیدا نییە، کەمن شکاتم لێ کرا لەسەر لایەنی تەکنیکی نەبوو، کە شێوازێکی تازەیەو خۆم ناوی دەنێم واقعیەتی پیس، واقعیەتێکی پیسم تەعبیرکردوە هەتا لە رۆمانی (منداڵباز)یش واقعیەتێکی پیسم تەعبیرکردوە بەتەکنیکێکی تازە کەمن بەلامەوە تەکنیکەکە گرنگە، کەچی شەڕەکە لەسەر لایەنە سیاسیەکەیەتی.

*** واتا رووناكبیرانی سلێمانی  هەستیان كرد كە شارت برینـدار كـردووە، بەبەراورد  لەگەڵ منداڵباز لەهەولێر ئەو دەنگدانەوەیەی نەبوو ؟.**

–من لە هەولێریش لە رۆمانی منداڵباز هەولێرم بریندارکردووە، من بەئاشكرا دەڵێم  تەمەننا دەكەم بتوانم یا هەر هونەرمەندو نوسەرێكی دیكە بتوانێ هەولێر لەوەش زیاتر بریندار بكا لەوەش زیاتر حەیای هەولێر ببا لەوەش زیاتر رەخنە لەهەولێر بگرێ بیگەیەنێتە ئاستی تەكان، بیگەیەنێتە ئاستی داڕوخان، چونكە تۆ وەختێ لە دەقێكی ئەدەبی یا لەكارێكی هونەریدا شارێک وێران دەكەی وا لەوشارە دەكەی سەرلەنوێ لەناو خۆڵەمێشی خۆیدا زیندوو ببێتەوە، من وام مەبەست بوو، ئەوهاش نووسیومە.

رۆمانی منداڵباز لەبەرئەوەی رۆمانەكەم دابەشكردۆتە سەر دوو سەنگەر، سەنگەرێک هەموو منداڵن تەعەدایان لێ دەكرێ، سەنگەرێكی دیكە هەموو گەورەن تەعەدا دەكەن، من لە رۆمانی منداڵباز بەئاشكرا دەڵێم من ویستومە لە هەولێر بدەم كەشاری خۆمە پێویستە لەهەر شارێک بدرێ پێویستە لەهەرچی سیستەمێک هەیە بدرێ، ئەو وڵاتەی ئێمە ئەم كۆمەڵەی ئێمە پێویستی بەو تەكانە هەیە پێویستی بەو لێدانە هەیە من لە رۆمانی منداڵباز ئەوەم كرد، بەڵام دەنگدانەوەی هەبوو یان نەبوو ئەمە پەیوەندی بەمن نییە. ئەوەی لای من گرنگە  لە نوسینی مولازم تەحسین‌و منداڵبازیش چێژێكی ئەوەندە گەورەم وەرگرتییە كە بەقەد خۆشی ژن هێنانم گرنگ بوو.

***دكتۆر مەبەست لە دەنگدانەوە چییە؟ مەبەستت ئەوەیە شكاتت لێنەكرا لەهەولێر یاخود چی؟**

–ئێوە لێم دەپرسن لەمەسەلەی دەنگدانەوە، مەسەلەی دەنگدانەوە لای من گرنگ نییە ئەوەندەی كەمن هەمیشە ئەدەب دەشوبهێنم بە



چێژێكی زاتی، بەچێژێک كەئەدەب نووسین بەنیسبەت من هەوایەكە لە لەشم دەردێ (ترێكە)، هەزار جار گوتومە ئەدەبیات بەنیسبەت من چێژێكە لەناو عەقڵ‌و مەعریفەت‌و فكرو زەوقی خۆتەوە دەری دەبڕی، هەوایەكە لە رۆحت دێتەدەرەوە لە لەشیشت دێتە دەرەوە من وتومە داهێنان ترێكە دەیكەی بۆئەوەی رۆحت.. گیانت ئارام ببێتەوە لەوە زیاتر هیچی تر نییە، ئەم (ترە) هەندێک جار بۆنی خۆشە هەندێک جار بۆنی ناخۆشە هەندێ جار باشە هەندێ جار خراپە، ئێسقانێكە لوسی دەكەی، ئەدەبیات ئێسقانێكە فڕێی دەدەی ئەو ئێسقانەی فڕێی دەدەی، هەیە حەزی لێیە خڕخڕ دەیكرۆژێ‌و هەڵی دەمژێ‌و پێی خۆشەو دەیلێسێتەوە، هی واش هەیە دەڵێ ئەمە چێشتی قوڕە، ئەدەبیات بە تێگەیشتنی من ئەوەیە شتێكی تەواو خودییە، مولازم تەحسینیش ئەو ئێسقانە بوو، (منداڵباز)یشم ئەو ئێسقانەیە هەموو كارێكی دیكەی ئەدەبیاتی خۆم كە دەینووسم ئەو ئێسقانەیەو فڕێی دەدەم لەگیانی خۆمی دەكەمەوە، هەیە پێی خۆشە هەیە پێی ناخۆشە.

هونەرمەند كارێک بۆخۆی دەكا، ئەم كارە كە بۆخۆی دەكا چەند سوودی دەبێ دوای ئەوە بۆ كۆمەڵ‌و دەنگدانەوەی چەندە كاریگەری لەكێ دەكا چ دەگۆڕێ چ ناگۆڕێ ئەمەكارێكی دیكەیە، بەڵام هەمیشە هەموو هونەرمەندێک دەزانێ باسی چ دەكاو  بۆ دەیكاو كار دەكاتە سەر كێ‌و لەسەر كێ نا، من مولازم تەحسین‌و شتی تریشم نووسی بۆئەوە بوو شەخسێک بكوژم كەلەناوخۆمدا وجودی هەبوو شەخصێكی ئیزدیواجی رووناكبیر بوو دەمویست ئەو شەخسە بكوژم.. درۆزن بوو، لەلایەكەوە باوەڕی بە ئازادی ئافرەت‌و نازانم چی ئافرەت‌و مافی ئافرەت  هەبوو پێشمەرگەش بوو لەلایەكی دیكەش نەیدەتوانی ئەمە چاوپۆشی لێ بكات، بچێ باوەش بەو عەشقەی خۆیدا بكا كە (ئەختەر)بوو.

ئەمە پرسیارێکە دەشێ ئێوەش ئەم لەحزەیە ئەگەر توشی هەڵوێستی (جوامێر) ببن توشی هەمان دڵەڕاوکێو سەرگەردانی دەبن، ئایا پیاو پیاوی رۆژهەڵات پیاوی کورد، پیاوی خۆرئاوا چەند ئامادەیی هەیە ئافرەتێکی خۆش بوێ کە پێش پیاوەکە خۆی پیاوی دیکە لەگەڵی نوستبێ، ئەم پرسیارەیە من تەرحی دەکەم لە مولازم تەحسین‌و شتی تریش نەک ئەو پرسیارەی کە لە پشتئاشان‌و لەکێندەرێن‌و لەکێندەر چ کرایەو چ نەکرایەو کێ چ حزبێکە، جوامێر نموونەی هەر حزبێکە هەر حزبێک دەشێ جوامێرێکی ئاوهای هەبێت‌و دەشێ بکەوێتە ئەو دڵەڕاوکێو سەرگەردانیەی کە ئەو توشی بووە کە کۆتاییەکەی بەتراژیدیا دێت. من ویستومە ئەو پرسیارە فەلسەفیە بکەم ئەو پرسیارە ئەخلاقیە بکەم ئەو پرسیارە زۆر شەخصیە بکەم لەخۆم‌و لەجیلی خۆشم ئایا پیاو چەند ئامادەیی هەیە ژنێکی خۆش بووێ لەحاڵەتێک ژنێک بخوازێ کە پێشتر ئەو ژنە لەپەیوەندیەکی تردا بێت، من ئەم پرسیارەم وەڵام دایتەوە، مەسەلەیەکی تەواو ئەخلاقیە.

***کاك دکتۆر حەزناکەین پرسیار لەسەر مولازم تەحسین بکەینەوە، بەڵام ئێمە خۆمان لەناو ئەو مەسەلەیەین ئێمە ئاگادارین چۆن شکاتەکەت لێ کراو مەسەلەکە چۆن وروژێنرا هەندێك لەوانەی بەشداربوون لەوروژاندنی ئەوکەسانە بوون جگە لە کەسانی سیاسی، خەڵکانێکی تێدابوو کە ئەدیب‌و ئەدیب دۆست‌و ئەوشتانە بوون، بەڵام بەڕای تۆ جۆرێك نەبوو لەقبوڵ نەکردن یاخود چی بوو؟**

–شتێک لەحەسودی تێدابوو بەڕای من، چونکە زۆربەی ئەو چیرۆکنووسانەی کە لە پێش جیلی من چیرۆکیان نووسیوە لای من بایەخێکی ئەوتۆیان نییەو هونەری چیرۆکنووسین لە هیچ کەسێکیان فێر نەبوومەو زۆربەی ئەوانە بەچیرۆکنووسی هونەرمەند نازانم، نەک من



هەر گەنجێک بێت چیرۆکێک کە تەکنیکێکی تازەی هەبێ بەرامبەری دەکەونە پلار هاویشتن‌و حەسودی‌و تانەلێگرتن تەنانەت شکاندنەوەشی، من ئەوە یەکەمجارم نەبووە.

***ئەگەر منداڵباز دیمەنێکی ناوشاری سلێمانی بوایە هەربەو زمانەی کە ئێستا نوسیوتە ، ئایا بەزمێکی وەکو مولازم تەحسینت بۆدروست نەدەبوو؟**

–من ناتوانم تەخمینی ئەوەبکەم، بەڵام لەدڵی خۆم دەڵێم (بەڵێ) چونکە سلێمانی خەڵکەکەی‌و هەروەها بەرپرسانی گەورەشی کەمن زۆرم پێخۆشە، زۆر شاری خۆیان خۆشدەوێ زۆر بەرگری لەکلتوری خۆیان‌و لە سیفەتە تایبەتیەکانی خۆیان‌و لەکەلتووری خۆیان‌و لەشەقام‌و جادەی خۆیان‌و لەدوارۆژی خۆیان دەکەن، من وا تێدەگەم چ لە ئاستی بەرپرسەکانی خەڵکی سلێمانی کەشاری خۆیان خۆش دەوێ وەکو وتم من زۆر زۆرم پێخۆشەو بەلاشمەوە گرنگە، چونکە ئەگەر ئاوها نەبوایە سلێمانی ئەصڵەن دروست نەدەبوو، ئەصڵەن پێش نەدەکەوت کەواتە خەلەلەکە لەهەولێر دایە کە ساحێبی نییە، کە خەڵکەکەی لە ئاستێکی رۆشنبیریی‌و مێژوویی ئاوهادا ناژین شاری خۆیان خۆش بوێ، هەروەها لە ئاستی روناکبیرو بەرپرسەکانی ئەوێدایە کە نەیاتوانیوە بگەنە ئەو ئاستە رۆشنبیرە گەورەیەی شاری خۆیان خۆشی بوێ، من هەمیشە گوتومە بەدرێژایی مێژووی خۆی هەولێر تەنیا یەک پاشای دڵسۆزی هەبووە ئەویش (سەنحاریب پاشا)یە کە ئاشوری بووە لەسەردەمی ئاشوریەکان ئاوی راکێشاوە بۆ شاری هەولێر، لەسەنحاریبەوە تا ئەمڕۆ پاشایەکی دڵسۆز لە هەولێر رێک نەکەوتووە کە هەولێری بەقەدەر سەنحاریب خۆش بوێ‌و هەولێر بکاتە شارێک بۆیە تاکو ئێستا بێ ساحێبە. من واتێ دەگەم ئەگەر رووداوەکان لەناو شاری سلێمانی روویان دابا بەڵێ کێشەم دیسان بۆ دروست دەبوو کەمن لە (منداڵباز) نیوەی

هەولێرم بە منداڵباز دانایە، نیوەکەی دیکە بەو مندالآنەی لەلایەن منداڵبازەکانەوە تەعەدایان لیّ دەکریّ، ئەمەش روانینێکی هونەرییە، روانینێکی ئەدەبیە، هەرکەسێک حەقی خۆیەتی، مارکس دنیای تەقسیم کردووە بۆ سەر دوو لایەن یەکەم سەرمایەدار دووەم کرێکار منیش لەمارکس زۆر بەشەرەفترم لە مارکس خۆم زۆر بەپیاوتر دەزانم کۆمەڵگای کوردو هەولێرم دابەش کردۆتە سەر دوو سەنگەر، یەک منداڵباز دووش مندالّ، ئەمە بینینێکە هەموو کەسێک بۆی هەیە بیکات وکۆمەڵگا دابەش بکا بەسەر کافرو ئیماندار، یەکێکی دی چی وچی...

★ ★ ★

بەدەر لەم دوو شێوازەی کە باسمان کردن لەهەندێ سەرچاوەدا لەنووسینەوەی گفتوگۆی رۆژنامەنووسی، قاڵبی هونەری پشتی پێبەستراوەو چەند قاڵبێك دانراوە بۆ ئەم مەبەستە کە گرنگترینیان بریتین لە:

١-هەرەمی رێك.

٢-هەرەمی پەیژەیی رێك.

٣-هەرەمی سەرەو ژووری رێك.

٤-هەرەمی سەرەوژووری پەیژەیی.

ئەم قاڵبانەش تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو شێوازانەی باسمانکردن تێکدەکەونەوەو لە زۆر شتدا لەیەکترەوە نزیکن.



## پەراوێزی بەشی سێیەم

١-د. صلاح قبضایا_ تحریر واخراج الصحف_سەرچاوەیەکی پێشووە_ل٦٩

٢- سەرچاوەیەکی پێشووە_ ل٨٢

٣-د. عبدللطیف حمزة_ المدخل الی فن التحریر الصحفي_ سەرچاوەیەکی پێشووە_ل٦١

٤-رۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە ٤

# بەشی ضوارەم

## وتار

**ئایا باشترین هونەری رۆژنامەنووسیی سەردەمە؟**
**چۆن وتار دەنووسین**
**پێناسەو زمانی وتاری رۆژنامەنووسی**
**جۆرەکانی وتار**
**سەروتار**
**سەرچاوە بۆ نووسینی سەروتار**
**جۆرەکانی سەروتار**
**نووسینی سەروتار**
**ستوونی رۆژنامەنووسی**
**تایبەتمەندییەکانی ستوونی رۆژنامەنووسی**
**کێ ستوونی رۆژنامەنووسی دەنووسێت؟**
**جۆرەکانی ستوونی رۆژنامەنووسی**
**نووسینی ستوونی رۆژنامەنووسی**
**وتاری شیکاری**
**ئەرکەکانی وتاری شیکاری**
**نووسینی وتاری شیکاری**
**وتاری رەخنەیی**
**نووسینی وتاری رەخنەیی**

# وتار

## ئایا باشترین هونەری ڕۆژنامەنووسیی سەردەمە؟

ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەرەڕای درەنگ لەدایکبوونیو سادەیی لە کارەکەیدا، چ لەڕووی هونەری تەحریرەوە یا دەرهێنانەوە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە توانیویەتی سوود لە وتار وەربگریٚو بەشێکی گەورە بۆ ئەو هونەرە تەرخان بکات.

بێگومان مەبەستی سەرەکییش لە نووسینو بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانە وشیارکردنەوەو ڕاڤەکردنو هەواڵدانیش بووە. واتا ئامانجەکانی هەمان ئەو ئامانجانە بوون کە وتارێکی سەردەم لە پێناویدا دەنووسریٚ.

لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانەوە چ لێرە یا لەویٚ، تا دەیەی شەشەمی سەدەی ڕابردوو هونەری وتار بەگشتی لەسایەی ڕۆژنامەگەریی هەواڵو زانیاریی خێراو کورتو پوختدا پاشەکشەی دەکرد، بەڵام دوای ئەو ماوەیە، ئەو هونەرە بەتەواوی توانی شوێنی خۆی لە ڕۆژنامەگەریدا بگێڕێتەوەو کاری پیٚ بکریٚ[1].

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پەیوەندیو ئازادی بڵاوبوونەوەی هەواڵو بەهەمان شێوە بڵاوبوونەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی، خوێنەری ڕۆژنامە چاوی بڕییە شتی تری جیا لە هەواڵ کە ئەوسا ڕۆژنامەکانی پڕکردبۆوە، چونکە وای لێهات تەنها بە هەواڵێکی کورت ئیکتیفا نەکاو ئیتر پێویستی بەوە هەبوو کە شەرحێکی باشو بەدواداچوونێکی ورد لەسەر ڕووداوو هەواڵەکان بکریٚ.



بەکورتی خوێنەری ئەمڕۆی ڕۆژنامە، زیاتر پێویستی بە زانینی لایەنە شاراوەکانی پشت هەواڵو مەغزاو ماناکانیو کاریگەریشی هەیە تا ئەو لەلایەن خۆشییەوە بتوانێت جۆرێك لە بۆچوونی لا گەڵاڵەبێت، جا ئەگەر ڕۆژنامە ئەو شتە پێشکەش بە خوێنەرەکانی نەکات، ئەوا دوورکەوتنەوەیەکی فراوان لەنێوان ڕۆژنامەو خوێنەرانیدا پەیدا دەبێت، چونکە لەبری ئەوەی بۆ ڕۆژی دوایی چاوەڕێی زانینی هەواڵەکە لە ڕۆژنامە بکات، خوێنەر ڕۆژی پێشتر لە هۆکارە ئەلیکترۆنییەکانی ڕاگەیاندنی وەك ڕادیۆو تەلەڤزیۆنو ئینتەرنێت بەخێراترین شێوە هەواڵو زانیاریی پێویستی لەسەر هەر شتێك دەست دەکەوێت. هەرلەبەرئەوە واباشە ڕۆژنامە زیاتر پەنا بباتە بەر ڕاڤەکردنو خوێندنەوەی هەواڵەکانو دەستنیشانکردنی ئامانجو کاریگەریو تەنانەت پەیوەندیشی لەگەڵ ڕووداوەکانیتر.

بۆ نموونە هەواڵی سەرهەڵدانەوەی جەنگی نێوان ئیسرائیل لەگەڵ فەلەستینیەکانو گەمارۆدانی سەرۆکی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیی فەلەستینی لە بینایەکدا، ئەوە هەواڵێك بوو ماوەیەك ڕۆژانە لە هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکرایەوە، ئەو زانیارییانەش لەو بارەیەوە کە لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاودەکرایەوە، لە ئاست پێشهاتەکاندا، بۆ بەیانی کۆن دەبوونو سیفەتی هەواڵی نەدەما، چونکە ڕۆژی پێشتر زۆرترین کەناڵی ئاسمانیو ئەلیکترۆنی باسی لێدەکرد. بۆیە لێرەدا ئەرکی ڕۆژنامە، زیاتر ڕاڤەکردنو خوێندنەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جەنگەکەو کاریگەرییەکانو ئەنجامەکەیو هەروەها چۆنیەتی چارەسەرکردنییەتی. واتا بۆ خوێنەری ڕۆژنامە، ئەوە گرنگ نییە کە بەهۆی جەنگەکەوە چەند کەس کوژراوە یا چەند خانوو ڕووخاوەو چیی کراوەو نەکراوە، چونکە ڕۆژی پێشتر هەمووی لە کەناڵە ئەلیکترۆنییەکانەوە وەرگرتووە.

ئیتر لەبەر ئەم هۆیانەیە پاشەکشێیەکی بەرچاو بەدیدەکەین لە رەواجی هەواڵی ناو رۆژنامەکان، چونکە دواجار ئەو هەواڵانەی ناو رۆژنامە ناتوانن سەرجەم یا بەشی زۆری وردەکاریی رووداوەکەو پێشهاتەکانی بە خێرایی پێشکەش بکات.

کەواتە، باشترین هونەر لەسەردەمی ئێستادا کە هەم بتوانێ ئەرکی هەواڵدانەکەو هەم راڤەکردنو خوێندنەوەی لایەنەکانی پشت هەواڵەکە لەخۆبگرێ وتارە کە ئەویش وەڵامی هەردوو پرسیاری (بۆچیو چۆن) دەداتەوە.

لەبارەی سەرهەڵدانی وتاری رۆژنامەنووسیی هاوچەرخییشەوە، دائیرەی مەعاریفی بەریتانیا باس لەوە دەکات کە نووسەری فەرەنسایی میچێڵ دی مۆنتاین (michel de montaigne، ١٥٣٣-١٥٩٢) داهێنەری ئەمجۆرە وتارەیەو لە کۆتاییەکانی سەدەی شانزەدا هاتۆتە ئاراوە[2].

سەرچاوەکە باسی ئەوەش دەکات کە مۆنتاین ناوی لەم وتارانەی خۆی ناوە هەوڵ (essais)و تێیدا لایەنە خەفەکراوەکانی دەروونی خۆی خستۆتەڕوو و یادگارییەکانی سەردەمی منداڵیو لاوێتیو هەروەها ئەو رووداوە سەیرانەی کە لەسەردەمی بەساڵاچوونیدا پێیدا تێپەڕیوە، گێڕاویەتیەوە. زۆربەی ئەو وتارانەشی بەرگێکی شەخسیی پۆشیبوو.

دوای ئەوەش کاتێك ئەم هەوڵانەی مۆنتاین (وتار) وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی بەهەمان شێوە ناوی (هەوڵ)ی لێنراو لەسەر رێچکەی مۆنتاین بەردەوام بوو. زۆر لەئەدیبانی ئینگلیز کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو هەوڵانە (وتار)، لە پێشەوەی هەمووشیان فرانسیس بیکۆن sir francis becon(١٥٦١-١٦٢٦)، ئەبراهام کۆلی abraham cowley (١٦١٨-١٦٦٧)، جۆن دریدن john dryden(١٦٣١-١٧٠٠)، ولییەم تیمپڵ sir william timple (١٦٢٨-١٦٩٩)بوون[3].



زۆربەی لێکۆڵەرەوەو مێژوونووسان فرانسیس بیکۆن بەیەکەم وتارنووسی ئینگلیزیی دادەنێن کە رۆڵێکی مەزنی هەبووە لەم رووەوەو وتارەکانی بەپێزو دەوڵەمەندبووەو لە هەمان کاتدا وتارەکانی بابەتیانە بووە.

ئیتر دوای ئەوانە، ئەم وتارە سادەو ساکارانە لەسەردەستی هەردوو نووسەری بەریتانی دیگۆو ستیل لەسەدەی هەژدەمەوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیو گەیشتە ئەو شێوازە رۆژنامەنووسییەی ئێستای، چونکە هەردووکیان لەمانای وتار گەیشتبوون کە دەبێ لەگەڵ خەڵکی شەقامدا قسەی پێبکرێ بەمەبەستی رێنوێنیو ئامۆژگاریو پەروەردەکردنیو رۆشنبیریی کردنی.

لەم بارەیەوەش دیفۆ دەڵێ "شێوازی سەرکەوتوو ئەو شێوازەیە کە دەکرێ بۆ موخاتەبەکردنی پێنج هەزار کەسی جیا لە توانای مێشكو ئاستی زانستییان بەکاربێو هەمووشیان تێی بگەن"[4].

بەهەمان شێوە زۆربوونی ژمارەی رۆژنامەکانو فراوانبوونی بوارەکە، وایکرد رۆژانە یا هەفتانە ئەم جۆرە وتارانە بلاوبکرێنەوەو خوێنەرێکی زۆر لە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە بە جۆرێك کە لەهەر یەکێکیاندا مەیلو رێبازێکی تایبەت بەخۆی پەیرەو دەکرا.

سەرەڕای ئەوانە، هەرچەندە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا، رۆژنامەکانمان بە هۆی تەلەڤیزیۆنو رادیۆو ئینتەرنێتەوە لەبواری هەواڵ گەیاندنەوە پاشەکشەیان کردووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە رۆژنامە رۆڵی نامێنێت لە گەیاندنی هەواڵ، بە پێچەوانەوە دەکرێ رۆژنامە لە رێگەی سەرچاوەی تایبەتی خۆیەوە هەواڵی دەستکەوێت کە هیچ کەناڵێکیتر رەنگە دەستی نەکەوێت. ئێستاش زۆربەی رۆژنامە جیهانییەکانو تەنانەت رۆژنامە نێوخۆییەکانمان، هەوڵدەدەن لەرێگەی سەرچاوەی تایبەتی خۆیەوە کە بە زۆری پەیامنێرەکانیانن هەواڵی دەستکەوێت، ئەم هەوڵانەش تا

رادەیەكی باش سەركەوتنیان بەدەست هێناوەو وایكردووە گەلێ جار ئەم رۆژنامانە ببنە سەرچاوە بۆ كەناڵە ئەلیكترۆنییەكانیش، كە ئەم حاڵەتانەمان بە زۆری لە كاتی جەنگی دژ بە حكومەتی بەعس عیراق، تێبینیكرد.

ئەمەش شێوازێكە كە دەكرێت شان بەشانی وتار، رۆژنامەی پێ گەرموگوڕ بكرێتەوە، واتا كاتێك رۆژنامە پەنا دەباتە بەر هەواڵی تایبەتو لە هەواڵی گشتی _ئەوانەی كە لە زۆربەی كەناڵەكاندا بڵاودەكرێنەوە_ دووردەكەوێتەوە، ئەوا دەتوانێت تایبەتمەندێتییو پێگەو خوێنەرانی خۆی بپارێزێ.

## چۆن وتار دەنووسین؟

جیا لە هونەرەكانی دیكەی رۆژنامەنووسیی، وتار جیهانێكی فراوانتری هەیەو دەكرێ بەیەك وتار ، چەند ئامانجێك یا ئەركێك بەدیی بهێنرێت، كە گرنگترینینان ئەمانەن[٥]:

١- هەواڵدان، واتا لەبارەی رووداوێك، پێشهاتێك یا هەر مەسەلەیەكی دیكە زانیاری دەبەخشێت.

٢- دروستكردنی رای گشتی لەسەر بابەتێكی دیاریكراو.

٣- روونكردنەوەو راڤەكردنی هەواڵەكانو دەرخستنی لایەنە شاراوەكانیو پێشبینیكردن بۆ رووداوەكان.

٤- جۆشدانی جەماوەر بۆ مەبەستێكی دیاریكراو.

٥- رۆشنبیریكردنو وشیاركردنی خوێنەر لەرێگەی بڵاوكردنەوەی زانیاری لەسەرجەم بوارەكاندا.

٦- كات بەسەربردنو خۆشیی بەخشین بە خوێنەر بەمەبەستی سووككردنی باری قورسی بیروهۆشی مرۆڤ.



٧- داكۆكیكردنو راستكردنەوەو بەدرۆخستنەوەو زۆرجاریش چەواشەكردن.

٨- رێنماییو ئامۆژگاری، ئاڕاستەكردنی كۆمەڵ بەرەو ئامانجێكی پیرۆز.

٩- پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژیو سیاسی، واتا پڕوپاگەندەكردن بۆ سیاسەت یا لایەنێكی سیاسیی دیاریكراو یا ئایدیۆلۆژیایەكی دیاریكراو.

١٠- بڵاوكردنەوەی هۆشیاری سیاسی بەمەبەستی بەئاگابوون لە سیاسەتو بەرنامەكانی حكومەتو حزبەكان.

١١- جۆشكردنو ئامادەكردنی خەڵك بۆ راپەڕاندنی كارو ئەركێكی دیاریكراو.

ئەمانەی سەرەوە گرنگترین ئەركی وتارن، پێویستە ئەو كەسەش تەواو پێیان ئاشنا بێت كە دەیەوێ بینووسێت. سەرەتاش لەسەری پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لای خۆی یەكلابكاتەوە:

-بیرۆكەكەی چییە؟

-باسی چیی دەكات؟

-چەند زانیاریی لەسەر بابەتەكە هەیە؟

-ئامانجی لە نووسینەكە چییە، واتا بۆ هەواڵدانە یا راڤەكردن، كات بەسەربردن یا هەر شتێكی ترە؟

-سەرەنجام دەیەوێت چیی بگەیەنێت؟ واتا دەبێ ئەو پەیامەی لای خۆی گەڵاڵە كردبێت كە دەیەوێ بە خوێنەری بگەیەنێت.

جا ئەگەر نووسەر یا رۆژنامەنووس هەموو یا بەشێكی ئەم خاڵانەی لە خەیاڵدا ئاشكراو روون نەبوو، ئەوا واباشترە هەوڵی نووسینی نەدا، ئەگەرنا ئاستی وتارەكەی زۆر نزم دەبێت، چونكە بێسەرو بەریو نادیاریی لەپەیامەكەی پێوە دیارە.

تێڕامان بۆ هەموو نووسەرێك، بۆ كۆكردنەوەی بیرو هۆشیو وەبیرهاتنەوەی وردەكاری رووداوەكانو تەركیزكردن لەسەر لایەنێك، زۆر گرنگە، چونكە پەرتەوازەیی لەبیرو هۆشدا، هۆكارێكی دیكەی سەرنەكەوتنو نەهاتنە بەرهەمی وتاری شیاوە.

لە وتاردا، نووسەر بە شێوەیەكی سەرەكیی پشت بە تواناو بەهرەو باكگراوندی خۆی لە زانیاریی لەسەر بابەتەكە دەبەستێت، وتار وەك هونەرەكانی دیكەی رۆژنامەنووسی نییە ئەوەی دەیبینێیو دەیبیستێ بەشێوازێكی رۆژنامەنووسییانەی گونجاو بیخاتەڕوو، بەڵكو وتار ئەو شتە شاراوانە دەخاتەڕوو كە خوێنەرو خەڵكی ئاسایی بەلایدا ناچنو هیچ بیرۆكەیەكیان لەبارەوە نییە. وتار هەوڵدەدا هۆكارو چۆنیەتی روودانو باكگراوندێكی رووداوەكەو زانیاری نوێو راوبۆچوونی نوێ لەبارەیو هەروەها پێشبینیو ئەگەرەكانیش لەیەك كاتدا لەبارەیەوە بخاتەڕوو كە ئەمەش جیای دەكاتەوە لە هونەرەكانی دیكەی رۆژنامەنووسی.

هەر لەبەر ئەوەشە، وتار بە قورسترین هونەرەكانی رۆژنامەنووسیی دادەنرێت، چونكە لەیەك كاتداو رەنگە لە ستوونێكی رۆژنامەنووسیی ئاساییدا، سەرجەم ئەو ئەركو ئامانجانە بهێنێتەدی ئەگەرچی لەزۆربەی حاڵەتەكاندا كارێكی مەیدانیی نییەو لەپشت مێزەوە دەنووسرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە خوێندنەوەی پێشهاتەكانی ناو رووداوەكە كە بە زۆری لە كەناڵەكانی راگەیاندندا بڵاودەكرێنەوە، دەكرێ وتارێكی سەركەوتووی لێ بێتە بەرهەم.

زۆر لە پسپۆرانی بواری رۆژنامەنووسی، وای بۆ دەچن كە وتار نووسین بەهرەیەكەو لە هەموو كەسێكدا نییە، بە بۆچوونی ئەوان كاتێك تۆ بەردەوام لە رووداوو هەواڵەكانی ئاگاداربیتو لێیان دانەبڕێیتو هەر هەواڵێك حیسابی خۆی بۆ بكەیت، ئەوا تۆ بیرۆكەی وتارت لا گەڵاڵە دەبێتو



بە زانیارییەكی زۆرەوە، كە دڵنیای لەوەی دەتەوێت چیی بگەیەنیت، وتار دەنووسی. واتا هەر كە بیرۆكە هات، ئەوا ئەوی تریش ئاسان دەبێت.

بۆچوونێكیی تریش هەیە سەبارەت بە نووسینی وتار، ئەویش ئەوەیە كە دەڵێت بتەوێ لەسەر هەر شتێك بنووسیت، دەتوانی بەڵام بەمەرجێك زانیاریی تەواوی لەسەر كۆبكەیتەوە.

سەرباری ئەوانە، ئێستا لە رۆژنامەگەریی كوردیدا (رۆژنامەی حزبەكان بە تایبەتی)، دیاردەی ئەو سەرەقەڵەمانە بڵاون كە بەرپرسانی حزبی خاوەن رۆژنامەكە دەینێرن بۆ رۆژنامەو چەند نووسەرێكی رۆژنامەنووسیی رادەسپێرن كە لە چوارچێوەی ئەو سەرەقەڵەمانەدا كە بۆیان دیاریكراوە، پەیامەكەی چییەو چیی نییە، لەسەر هەندێ مەسەلە بنووسن، كە ئەویش بێگومان مەبەستی دیاریكراوی خۆی لەپشتەوە هەیەو لە زۆربەی حاڵەتەكانیشدا ئەمجۆرە وتارانە، ناوەرۆكێكی لاوازیان هەیەو ئەگەر بە بەربڵاوی لە رۆژنامەدا كاری پێبكرێت، ئەوا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی رۆژنامەكەش.

بەڵام هەر چۆنێك بێت ئەمانە هەر وتارنو ئامانجیان زیاتر وشیاركردنەوەی سیاسیو چەواشەكردنو بەدرۆخستنەوەو روونكردنەوەی هەندێ مەسەلەو شتی لەم بابەتە لەخۆدەگرن.

لەلایەكی دیكەشەوە هەر بەتەنها بە نووسینی ئەو بابەتەی (وتار)كە خۆت دەتەوێ، ئەركەكەت تەواو نابێت ئەگەرچی رەنگە بارێكی قورس لەسەر شانی نووسەرەكەی نەهێڵێ، بەڵكو بە پێچەوانەوە تەواوبوون لە نووسینی وتار، تەواوبوونە لەنیوەی كارەكە، نیوەكەی دیكەشی خاڵێكی زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە لە كوێ بڵاوی دەیكەتەوە؟

گرنگە نووسەری وتار، تەنانەت ئەگەر رۆژنامەنووسیش نەبێت، تارادەیەك ئاشنا بێت بە نەفەسو رێبازو ئاڕاستەی رۆژنامەكان، یاخود هەر

هیچ نەبێت ئەو رۆژنامەی ئەو بەنیازە تێیدا بڵاوبکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت ئایا بابەتەکەی ئەو تا چەند لەگەڵ رۆژنامەکەو سیاسەتەکەی یەکدەگرێتەوە؟ ئایا بەلای ئەوان (بەرپرسانی رۆژنامە) قابیلو شیاوی بڵاوکردنەوەیە یا نا؟

بە کورتی، وەك چۆن بۆ وتار نووسین دەبیٚ نووسەر یا رۆژنامەنووس خۆی یەکلایی بکاتەوە لەوەی دەیەویٚ چیی بنووسێتو چیی بگەیەنێت، وا باشترە ئاوەهاش خۆی ساغ بکاتەوە لەوەی بۆ کام رۆژنامە یان کام سایتی ئینتەرنێت دەینێرێت.

بۆ نووسینی وتاری سەرکەوتووش، زۆر گرنگە نووسەرەکە ئاشنا بێت بەو کێشەو رووداوانەی لەناو کۆمەڵەکەیدا هەیەو بزانیٚ چیی بەلای ئەوانەوە گرنگە، هەروەك دەبیٚ ئەو شتەی کە لەسەری دەنووسێت، بەردەوامیی هەبیٚو بەسەرنەچووبێتو هەروەها دەبیٚ وتارەکە بە ئاسانی لەلایەن خوێنەرەوە هەرس بکرێت، واتا بڕگەو بابەتی ئاڵۆز نەبێت کە وا لە خوێنەر بکات لێی دوور بکەوێتەوە.

## پێناسەو زمانی وتاری رۆژنامەنووسی

وتار، پێناسەیەکی وردی نییە، ئەگەرچی لە هەمان کاتیشدا چەند پێناسەیەکی بۆ کراوە، بەلاّم جیا لە هونەرەکانی دیکەی رۆژنامەنووسیی وەك هەواڵو ریپۆرتاژو گفتوگۆ، وتار زیاتر پەیوەندیی هەیە بەئەزموونو تێڕوانینی نووسەرەکە بۆ دەوروبەر، یاخود چۆنیەتی خوێندنەوەو هەوڵدان بۆ راڤەکردنو شیکردنەوەی مەسەلەیەکی دیاریکراو یا دەربڕینی بۆچوونێك، هەمدیس جیا لە هونەرەکانی دیکە کە رەنگە سەرجەم لایەنەکانی رووداوێکی دیاریکراو لەخۆبگرن، وتار ناتوانیٚ وابێت، واتا راڤەکردنێکی تەواو یا خوێندنەوەو شیکردنەوەیەکی تەواو بۆ مەسەلەو



رووداوێك بکات، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، هەندیٚ جاریش وتار خۆی لە خۆیدا بریتی‌یە لە هەوڵدان بۆ گەیاندنی پەیامێك کە رەنگە ئەم پەیامە دەبڕینی بۆچوونو تێروانین یا خستنەڕووی هەندیٚ زانیاری یا راڤەکردنو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی هەر شتێکی دیکە بێت.

لەبنەڕەتیشدا، وەك لەسەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێدا، وتار لەسەرهەڵدانیدا لەئینگلتەڕاو فەڕەنسا بەهەوڵ (ESSAY) یا (محاولە) ناوبراوە. بەلاّم وتاری رۆژنامەنووسیی ئەمڕۆ، بەگوێرەی سەردەمەکە پێشکەوتنی بەخۆوە دیوەو بەڕادەیەکی زۆر گەشەی کردووە، یەکێك لە پێناسە دیارو گونجاوەکانی کە بۆ وتاری رۆژنامەنووسی کراوە، پێناسەکەی (جەلالەدین حەمامصی)ی نووسەرو رۆژنامەنووسی عەرەبە کە دەڵیٚ: "وتاری رۆژنامەنووسی ئەو پارچە نووسینەیە کە رۆژنامە بلاّوی دەکاتەوە بەمەبەستی رووماڵکردنی بایەخو پرسیارە ئانییەکان کە خەسڵەتی تازەییەو پەیوەندیداریشە بەڕووداوو کێشە یا ئەو مەسەلانەی بەلای خوێنەرەوە گرنگن"[٦]

دائیرەی مەعاریفی بەریتانیا، لە پێناسەی وتاردا دەڵیٚ: "داڕشتنێکی درێژی مامناوەندە، بۆ بلاّوکردنەوە لە رۆژنامەدا دەنووسریٚو بەڕێگەیەکی ئاسانو کورت لەبارەی مەسەلەیەکی دیاریکراوەوە دەدویٚو نووسەرەکەشی پابەند دەبێت بە سنووری بابەتەکەی".

فەرهەنگی LITRE لە پێناسەی وتاردا، پێی‌وایە کە نووسینێکە نووسەرەکەی بابەتێك تاوتویٚ دەکات بیٚ ئەوەی وا خۆی دەربخات کە بیروبۆچوونێکی کۆتایی لەبارەوە دەدات.

بەلای ئێمەشەوە، وتاری رۆژنامەنووسی ئەو نووسینە کورتە یا مامناوەندیەیە کە چەند لایەنێکی ژیانی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێتو لەروانگەی نووسەرەکەی خوێندنەوەو پێشبینی بۆ دەکرێتو هەروەك

زانیاریی لەبارەوە دەخرێتەڕوو، بەمەرجێك لەرۆژنامە یا بڵاوكراوەیەكی دەوریدا بڵاوبكرێتەوە.

لەكاتێكدا كە بەشی زۆری رۆژنامەكان بۆ زۆرینەی خەڵك دەردەچنو خوێنەرەكانی لەسەرجەم توێژەكانی كۆمەڵن، كەواتە دەبێت وتار بە زمانێكی وا بنووسرێت لانی كەم زۆربەی خوێنەرەكانی تێی بگەن.

خوویەكی باو لەنێو رۆژنامەنووسیی خۆماندا بڵاوبۆتەوە كە تەواو پێچەوانەی ئەم مەرجەی وتارن، واتا سادەو ساكاری لە نووسیندا، ئەم خوویەش بە تایبەتی لەلای ئەو كەسانە هەیە كە تازە هاتوونەتە ناو بوارەكەو بۆ دەرخستنی تواناكانیان پەنا دەبەنە بەر زمانێكی ئاڵۆزی وا كە زۆرجار خۆیان نازانن چیی دەڵێنو سەریان لە مەبەستی نووسینەكەدا دەشێوێت، ئەوان وشەو رستەی قورس كە رەنگە زۆرجار بەسەقەتییش بێت، بۆ خەڵكی عامە بەكاردەهێنن. لەكاتێكیشدا وتار خۆی ئەركەكانی بریتین لە راڤەكردنو شیكردنەوەو رۆشنبیركردنو دروستكردنی رای گشتیو ..تد، ئەوا ئەوانە بەبێ بەكارهێنانی زمانێكی سادەو پاراو هەرگیز نایەتەدی.

رەنگە لە هەندێ رۆژنامەو گۆڤاری تایبەتمەنددا، بە تایبەتی ئەگەر زانستی یا فیكری بن، كە ئەمجۆرانەش خوێنەری تایبەتی خۆیان هەیە، گرنگ نەبێت پەنا ببرێتە بەر زمانی عامەی خەڵك، چونكە دواجار ئەمجۆرە بڵاوكراوە تایبەتمەندانە بۆ سەرجەمی خەڵك دەرناچن، بەڵكو بۆ نوخبەیەكی دیاریكراون، واتا پێچەوانەی رۆژنامەی گشتی.

ئەگەر تێبینی بكەین، دەبینین بە درێژایی مێژووی رۆژنامەگەریی كوردی، زمانی نەك هەر تەنها وتارو بابەتە بڵاوكراوەكانی نێو رۆژنامە، بەڵكو سەرتاپای زمانی كوردی بەردەوام لەپێشكەوتنو گەشەكردندا بوو، بەردەوام لەداهێنانو نوێبوونەوەو دەرهاویشتنی زاراوە بیانییەكاندا بووە، زمانی رۆژنامەنووسیی كوردی لە رۆژنامە بەراییەكاندا جیاوازیی زۆری



هەیە لەگەڵ هی ئێستا، ئەو كاتە جگە لە بەكارهێنانی زاراوەو وشەی فارسیو عەرەبیو عوسمانی، لەڕووی زمانەوانیو بەكارهێنانی ئامرازو كەرەستەكانی رێزمان، زمانی كوردی زۆر لەدواوە بووە.

## جۆرەكانی وتار

لەسەرەتای سەرهەڵدانی وتار لەنیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەم، بەتایبەتیش لەسەردەستی نووسەری ئینگلیزی فرانسیس بیكۆن becon و نوسەری فەڕەنسایی میچێل مۆنتێن michel de montaigne وتار بە دوو شێواز نووسراوە، شێوازێكیان زاتی "خودی" بوو كە مۆنتێن بەكاری دەهێناو ئەوی تریشیان بێكۆن پشتی پێدەبەست كە وتاری بابەتی بوون، هەر لەبەر ئەوەش لەكۆنەوە وتار كراوەتەوە دوو بەش:

١-وتاری خودی "زاتی": كە لەسەر تێڕامانی قووڵو ئەزموونی شەخصی بنیات دەنرێتو تاڕادەیەك رەگەزی جوانكاریشی لەخۆگرتووە، ئەمجۆرە وتارانە بە وتاری درێژ ناسراون، زیاتر لەبارەی نووسەرەكەیەوە دەدوێ لەڕووی ئەزموونو هەستو سۆزەكانی.

٢-وتاری بابەتی: ئەمەش لەسەر بنەمای بایەخدان بە ناوەڕۆكو بابەتەكەی بنیات دەنرێت. كورتترە لە وتاری زاتی، لەبارەی بابەتێكی دیاریكراوەوە دەدوێت.

بەڵام لەڕووی زمانی نووسینو جۆرەوە، بەشێوەیەكی گشتی وتار بۆ سێ جۆر دابەشدەكرێت[٧]:

-وتاری زانستی
-وتاری ئەدەبی
-وتاری رۆژنامەنووسی

یەكەم/ وتاری زانستی:

ئەو نووسینانەیە کە لەبارەی بابەتێکی زانستییەوە دەدوێن، رەنگە لەبارەی تاقیکردنەوەیەکی زانستی یا بیردۆزەیەك یا هەر رووداوێکی زانستییەوە بێت. برگەو زاراوەی زانستیی دیاریکراوی تێدا بەکاردێت. ئەمجۆرە پسپۆرو شارەزاو زانای بوارێکی زانستیی تایبەتو دیاریکراو دەینووسێت.

دووەم/ وتاری ئەدەبی:

لەچوارچێوەی نووسینێکی جوانکاریی تێکەڵاو بە خەیاڵو سۆزی نووسەرەکەوە دەخولێتەوە، نووسەرەکەی لەرێگەی ئەم وتارەیەوە لەهەستو سۆزو ئەزموونە شەخصییەکانی خۆی دەردەبڕێت کە ئەدیبە.

سێیەم/ وتاری رۆژنامەنووسیی:

بەرهەمی رۆژنامەنووسە پێشکەشی خوێنەرانی دەکات لەچوارچێوەی زمانێکی سادەو ساکارو رەوان بێ پەنابردنە بەر بەکارهێنانی رستەو زاراوەی قورس تا خوێنەر بەجیاوازیی ئاستەکەی، لێی تێبگات.

وتاری رۆژنامەنووسی، بەهەناسەو شێوازێك دەنووسرێت کە زۆر جیاوازە لەوانیتر، لەمەیاندا رۆژنامەنووس هەموو توانایەکی دەخاتەگەڕ بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بەئاسانترین شێوە نەك بەجوانترین یاخود زانستی ترین شێوە.

لە رۆژنامەگەریی سەردەمی ئەمڕۆماندا، وتاری رۆژنامەنووسی یەکێکە لە گرنگترین ئەو کەرەستانەی رۆژنامەکان پشتی پێدەبەستن، بە تایبەتی لە بواری رۆژنامەگەریی راوبۆچووندا، چونکە وەك باسمان کرد رۆژنامەگەریی بە هۆی ئەو پێشکەوتنە مەزنانەی تەلەفزیۆنو ئینتەرنێت بەخۆوەی بینیوە لە گواستنەوەی هەواڵو راپۆرتەکاندا، وایکردووە تارادەیەك لەم بوارەدا واتا لە بواری گواستنەوەی هەواڵدا رۆژنامە پاشەکشەبکاتو نەتوانێ بەخێرایی ئەوان ئەم ئەرکە بەجێبگەیەنێت، جا لەبەرئەوە جگەلەوەی



رۆژنامەکان دەبێ پشت بەسەرچاوەی تایبەت ببەستن بۆ هەواڵ، لە هەمان کاتدا دەبێ بەڕادەی زیاتر پشت بە وتاری رۆژنامەنووسی ببەستن، ئەو وتارانەی کە جگەلە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی هەواڵو زانیاری گەیاندنو بەئاگاکردنی خەڵكو.. هتد، ئەرکی دیکە لەشێوەی وشیارکردنەوەی خەڵك، دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی رووداوو مەسەلەیەك، دەربڕینی بیروبۆچوون لەسەری‌و چەندینیتر کە لەپێشتردا باسمان کردن، بەجێ دەهێنێ.

لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا ئەگەر تێبینی بکەین لەسەرەتاکانی کاری رۆژنامەنووسی‌و لە رۆژنامە بەراییەکانماندا، شتێك نەبووە ناوی وتاری رۆژنامەنووسیی بێت، بەڵکو بەمانا گشتییەکەی "وتار" بوون، چونکە ئەدیبو شاعیرەکانمان کە جێپەنجەیان زۆر دیارە لە پێشخستنی رۆژنامەگەری کوردیدا، ئەو وتارانەی کە دەیاننووسی‌و لە رۆژنامەکاندا بڵاویان دەکردەوە، ئەگەرچی مەبەستێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیشی لەپشت بووبێت، بەڵام بەشێوەیەکی ئەدەبیانەی جوانکاری‌و بە زمانێکی قورسی تێکەڵ بە دەیانو سەدان وشەی بیانیی ئەو سەردەمە دەنووسرانو بێ پشت بەستن بە هیچ ئسلوبێکی دیاریکراو لە نووسینی وتاردا نووسراون، بەشێوەیەکی گشتی وتار هەر وانووسراوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە لە نرخو بایەخیان کەم بکەینەوە، بە پێچەوانەوە ئەو وتارانەی کە بەمشێوەیە دەنووسران لەسەردەمێکدا بوون کە گەلی کورد گەلێك پێویستی پێبوون، خۆزگە دەیان ساڵ بەر لە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، کورد رۆژنامەی هەبووایەو با بەمشێوەیە وتاریان بنووسیبایە، خۆ ئەگەر هەر هیچ نەبووبێت نوخبەیەك لێی سوودمەند بوونو هەستی نەتەوایەتیان پێ جولاوە. هەروەك ئەمجۆرە وتارانە سەرەتایەکیش بوون بۆ پێشکەوتنی زمانی کوردی‌و هاتنە کایەی شێوازێکی دیاریکراو لە نووسینی رۆژنامەدا.

جا ئەستەمە لەرووی جۆرو شێوازەوە وتاری نێو رۆژنامەکانمان بەشێوەیەکی گشتی لەپێش نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو هەڵبسەنگێنین‌و پۆلینیان بکەین. ئەوەی ئێستا لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لە رۆژنامەگەری کوردی بەدیی دەکرێت لە رووی وتاری رۆژنامەنووسی‌یەوە، ئەوەیە کە هەمان ئەو شێوازو جۆرەیە لە زۆربەی رۆژنامەکانی جیهاندا دەنووسرێن‌و بڵاودەکرێنەوە بەڵام بەجیاوازی بابەت‌و ئاستی سانسۆرو توانای خودی نووسەرەکانیش.

وتاری رۆژنامەنووسیی ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی سیاسیی مەزنی لە ئەستۆدایەو بەردەوام هەوڵ دەدا بەجێی بگەیەنێت، ئەرکەکەی هەمە لایەنەیەو تەنها بوارێك یا دوو بواری سیاسەت‌و کۆمەڵایەتیی ناگرێتەوە، بەڵکو ئەگەر ئازادییەکی رەها یاخود بەرفراوان هەبێت، ئەوا وتاریش لە هەموو بابەت‌و مەسەلەیەکدا خۆی دەبینێتەوەو هەوڵی تاووتوێکردنی دەدات، بەڵام لە کاتێکدا کە ئازادی فەراهەم کراو بۆ رۆژنامەگەریی رێژەییەو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی‌تر دەگۆڕێت، ئەوا دەتوانین بڵێین بەپێی رێژەی ئازادییە فەراهەم کراوەکە، وتاریش بەو ڕادەیە مەسەلە هەمە لایەنەکان لە خۆدەگرێت‌و ژیانی رۆژانەمان تاووتوێ دەکات.

ئەگەرچی بە بۆچوونی ئێمە هێشتا لە نێوەندی رۆژنامەگەری کوردیدا شتێك نییە بەناوی رۆژنامەگەریی بیروڕا کە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لە وتاری رۆژنامەنووسیدا دەبینێتەوە، بەڵام وەنەبی ئەو شتە بەیەکجار بوونی نەبێت، بەپێچەوانەوە پێشکەوتنێکی زۆرباش لەم لایەنەدا بەدیی دەکرێت، وتاری رۆژنامەنووسی بە هەموو جۆرەکانیەوە بەشێوەیەکی وا فراوان بووە کە کاریگەریی بەرچاویان هەیە لە کۆمەڵگەدا بە تایبەتیش لە رۆژنامە ئەهلیەکاندا نەك حزبیەکان، چونکە لەم رۆژنامە ئەهلیانەدا سانسۆر زۆر کەمترە لەسەر بابەتەکانی کە بڵاودەکرێنەوە، ئەگەر هەشبێت لەلایەن



کەسێکەوە یان دووان سانسۆر دەکرێت، بەڵام لەوەی حزبیەکەدا هەرچی بەرپرسیی حزبیی هەیە لە خۆیدا سانسۆرێکەو رۆژنامەنووس هەست دەکات وا بەسەرییەوە وەستاون، هەست دەکات چاوی سانسۆری حزب هەمیشە لەسەر کارەکانی ئەودا هەیە، بۆیە وای لێهاتووە نووسەرو رۆژنامەنووسی رۆژنامە حزبیەکان، سانسۆرێکی خودی لەنێو دەروونیاندا دروست بێت، وتاری ئەمجۆرە رۆژنامەنووسانەش کە لە رۆژنامە حزبیەکاندا بڵاودەبنەوە، بەشێوەیەکی گشتی زۆربەیان شتێکی ئەوتۆ نین چونکە بە بۆچوونی ئێمە هەر تەنها بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکانی رۆژنامەن‌و هیچی‌تر، بەڵام لە هەمان رۆژنامەدا ئازادییەکی زۆر بەرفراوان بۆ بەرپرسانی حزب هەیە کە شت دەنووسن، ئەمەش زۆرجار رۆژنامەنووسی سادە دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە سەرۆك یا سکرتێری حزبی خاوەن رۆژنامەکە، خۆی راستەوخۆ کاری سەرنووسەری رۆژنامەکەشی دەکات.

زۆربەی ئەو وتارانەی لە رۆژنامەکانماندا بڵاودەکرێنەوە، بەداخەوە دەڵێم کە بەشێوەیەکی سەرپێیی دەنووسرێن‌و نووسەرەکەی خۆی پێوە ماندوو ناکات، بە بۆچوونی ئێمە وتاری رۆژنامەنووسی کوردی لە قۆناغی ئەمڕۆماندا واتا ئەوانەی لە رۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم خاڵانەی تێدا تێبینیی دەکرێت:

١-بوونی هەڵەی زمانەوانی‌و رێزمانی تێیاندا، کە ئەمەش وەك کارەسات وایە بۆ رۆژنامەگەریی‌و زۆر لەسەر رۆژنامەکەو نووسەرەکەش دەکەوێت.

٢-هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لەخۆناگرن کە ببێتە مایەی سوود گەیاندن بە خوێنەر.

٣-بابەت‌و تەوەری وتارەکان بەلای زۆرینەی خەڵك‌و خوێنەرانەوە گرنگ نین.

٤-وشەو زاراوەی ئاڵۆزو قورس لە خۆدەگرنو سادەیی تێدا بەدیی ناکرێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نووسەرەکانیان هەوڵی دەرخستنی تواناکانیان دەدەنو وەك مامۆستایەك خۆیان بە خوێنەر نیشان دەدەن کە لە راستیدا وانین.

٥-خوێندنەوەکەیانو شیکردنەوەکانیان بۆ بابەتو مەسەلەکان زۆریان کەموکوڕیان تێدایەو لێکدانەوەی بێ بنەماو لاوازن.

کەموکوریی دیکەش هەیە لە وتاری رۆژنامەنووسیی ئەمڕۆماندا کە لەگەڵ ئەوانەی ئاماژەمان پێدان، لە ئاستی وتاری نێو رۆژنامەکانیان دابەزاندووەو وای لێهاتووە خوێنەر بەچاوێکی نزمو سووك سەیریان بکات. بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم کەموکوڕییانەش نووسەرو رۆژنامەنووسی بەتواناشمان هەیە کە بە تواناو ئیمکانیاتی بەرزەوەو بە باکگراوندێکی زانیاریو سیاسیو کۆمەڵایەتیی، سەرکەوتووانە وتار بۆ رۆژنامە دەنووسن.

سەبارەت بە جۆرو شێوەی وتارەکانی رۆژنامەگەریش، سەرچاوەکان بەپێی بۆچوونو لێکدانەوەی پسپۆرو شارەزاکانی رۆژنامەگەریی دابەشیان کردوون، هەموو دابەشکردنەکانیش ئەگەرچی تا رادەیەك لەیەکتریش جیاوازن، بەڵام هەموویان راستنو یەکتری تەواو دەکەنو جۆرەکانی وتاری رۆژنامەنووسیی ئەمڕۆمان بۆ دەردەخەن.

د. ئیسماعیل ئیبراهیم لە کتێبی (فن المقال الصحفی)دا، پێی وایە وتاری رۆژنامەنووسی بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبن وەك[٨]:

١-سەروتار

٢-ستوونی رۆژنامەنووسی

٣-وتاری شیکاری

٤-رۆژانەی رۆژنامەنووس



سەرچاوەی تریش، وتاری بەشێوەیەکی گشتی بۆ چەند جۆرێك دابەشکردووە کە گرنگترینیان ئەمانەن: وتاری رۆژنامەنووسی، وتاری ئەدەبی، وتاری زانستی، وتاری چیرۆك ئامێز، وتاری دانپیانان، سەروتار، وتاری کاریکاتێریو شیکاریو رەخنەیی و تێڕامان[٩].

ئەگەر سەیری رۆژنامەگەریی‌خۆشمان بکەین، دەبینین چەند جۆرێکی وتاری رۆژنامەنووسی باون و کاریان پێدەکرێت، وەك:

١- سەروتار

٢-وتاری شیکاریو پێشبینی‌کردن.

٣-وتاری ڕەخنەئامێز.

٤- ستوونی رۆژنامەنووسی

## سەروتار

سەروتار کە بەمانای وتاری سەرەکی رۆژنامە دێت، دەربڕی راوبۆچوونی ستافی نووسینی رۆژنامەکە یا هی خانەوەنەکەیی‌و ئەو دامەزراو و ڕێکخراوەیە کە دەری دەکات.

سەروتار گرنگییەکی زۆری هەیە چونکە خۆی لەخۆیدا سیاسەت‌و هەڵوێست دەردەخات، بۆیە دەبێ ئەو کەسەی کە دەینوسێت، یا سەرنوسەر یا یەکێك لەنووسەرە دیارو بەتواناکانی رۆژنامەکە بێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە زانیاریان لەسەر بابەتەکە زۆرەو دەتوانن پێشینەیەکی مێژوویيشی باس بکەن و لایەنە جیاوازەکانی بخەنەڕوو. هەندێ جاریش لە دەرەوەی رۆژنامەکە ئەگەر حیزبی بێت، بەرپرسێکی حیزبی وتارەکە دەنێرێت کە هەڵوێستی حیزبی تێدایە لەبارەی مەسەلەیەکەوەو وەك سەروتار دادەنرێت.

سەروتار تایبەتە بە ڕووداوو مەسەلە گەرم و گوڕو تازەو گرنگەکان، دەبێ گرنگترین بابەت لەخۆبگرێت کەبەلای کۆمەڵانی خەڵکەوە گرنگە.

بەشێوەیەکی گشتی سەروتار لەلاپەرەی یەکەمدا بڵاودەکرێتەوە بەڵام هەندێجار دەچێتە لاپەڕەکانی ناوەوەش، هەروەها لەشێوەی ستوندا دەبێت و هەندێکجار ناونیشانی جێگیری هەیە وەك ستونێکی جێگیر، هەندێکجاریش تەنها ناونیشانێکی بۆ دادەنرێت کە لەناو وتارەکەوە وەردەگیردرێت. ئەگەر ناونیشانێکی جێگیری هەبوو ئەوا مەرج نییە وشەی (سەروتار) بێت بەڵکو ڕەنگە رۆژنامەکان بۆئەوەی تایبەتمەندییەك بۆخۆی دروست بکەن، شتی‌تری بۆدابنێت، بۆ نمونە: هەڵوێست، وێستگە، ڕێبازمان و...هتد.

رۆژنامە ئەگەر رۆژانە سەروتاری تێدانەبێ، ئەوا لەماوەیەکی زەمەنی کەمدا دەیبێت، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی پەیوەستە بەڕووداوە گرنگ و



گەرمەکان، لەوکاتانەشدا سەروتار رۆژانە دەبێت ئەگەر بێتو کۆمەڵێك ڕووداوی گرنگ لەماوەیەکی کەمدا ڕووبدەن کەبەلای خەڵکەوە یاخود هەرهیچ نەبێت لەڕوانگەی ستافی رۆژنامەکەوە گرنگ بن.

کەواتە بۆ پێناسەی سەروتار دەکرێ بڵێین ئەو وتارەیە کە تایبەتە بەگرنگترین ئەو هەواڵ و ڕووداوەی بەلای زۆربەی خەڵکەوە گرنگەو لەرۆژنامە بڵاودەکرێتەوەو لەلایەن ئەندامێکی ستافی رۆژنامە یاخود خاوەنانی رۆژنامەکە دەنوسرێت و جگە لەناونیشانی جێگری خۆی وەك ستونێك ناونیشانی ناوەرۆکی بابەتەکەشی دەبێت و گوزارشت لە هەڵوێست و ئاراستەو بۆچوونی رۆژنامەکە دەکات بێ‌ئەوەی ناو یاخود ئیمزای نوسەرەکەی بەسەرەوەبێت.

سەروتار وەك هەروتارێکی دیکەی رۆژنامەنووسی دەبێ بەشێوازێك بنوسرێ کە ئامانجەکەی بپێکێت. کۆمەڵێك تایبەتمەندیش هەیە دەبێ ئەو کەسەی دەینوسێ هەردەم لەبەرچاوی بگرێت[10]:

١- دەبێ بیروبۆچوونی رۆژنامەکە دەربخات ئەگەر بێتو رۆژنامەکە سەربەخۆ بێت، ئەگەریش حیزبی یاخود حکومی یا سەربە دامەزراوەیەك بوو، ئەوا دەبێ بیروبۆچوون و ئاراستەی فکری ئەو حیزبە یا دامەزراوەیە یا حکومەت دەربخات.

٢-توانای قەناعەتپێهێنانی خوێنەری بەو مەسەلەیەو بیروبۆچوونە هەبێت کە دەیخاتەڕوو.

٣-زمانێکی زۆر سادەو ساکار، شێوازێکی ئاسان‌و گونجاو تا خوێنەر بە ئاسانی‌و بێ ماندووبوون تێی بگات.

٤-تایبەت بێت بەو بابەتەی بەلای زۆرینەی خەڵکەوە گرنگە، هەروەها دەبێ بابەتەکە نوێ‌و گەرموگوڕ بێت، بۆ ئەوەش پێویستە تەوەرەکەی

لەسەر بابەتێکی نێوخۆیی (لۆکاڵ)بێت، یا ئەو بابەتە نێودەوڵەتیو ئیقلیمیانەی کە پەیوەندییان بە وڵاتەوە هەیە.

لەرووی ئەرکیشەوە سەروتار بەگوێرەی جۆری رۆژنامەکە ئەرکەکانی تاڕادەیەك دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەگەر رۆژنامەکە سەربەخۆ بێت، ئەوا رەنگە سەروتارەکە تەنها گوزارشت لە بیروبۆچوونی سەرنووسەر یا خاوەنی رۆژنامەکەو ستافی رۆژنامەکە بکات، بەڵام ئەگەر رۆژنامەکە سەر بە دامەزراوەیەك بێت ئەوا سەروتارەکە بەپێی تێڕوانینی بەرپرسانی دامەزروەکە بۆ مەسەلەکان دەبێت، بەهەمان شێوە ئەگەر سەروتارەکە حیزبی یا حکومی بێت، ئەوا دەبێ سەروتار کۆك بێت لەگەڵ سیاسەتو رێبازی حزب یا حکومەت.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەروتار ئەم چەند ئەرکە بەجێدەهێنێت:

-ئاڕاستەکردنی خەڵك بەپێی ئامانجی رۆژنامەکە لەرێگەی وروژاندنو دروستکردنی رای گشتی.

-وردکردنەوەو راڤەکردنی لایەنە جیاوازەکانی بابەتو دیاردە گرنگو هەستیارەکان ئەوانەی کە مێشكو دڵو دەروونی خەڵکی خەریك کردووە.

-شیکردنەوەو خستنەڕوو و ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی بابەتە جیاجیاکان.

-دەرختنی هەڵوێستی حیزب یا حکومەت لەسەر مەسەلەیەکی هەنووکەییو گەرماوگەرم.

-گەورەکردنو بچووکردنەوەی قەبارەو ئاستی گرنگیی مەسەلەکان بەپێی بەرژەوەندی رۆژنامە.



## سەرچاوە بۆ نووسینی سەروتار

لە نووسینی سەروتاردا نووسەرو رۆژنامەنووسی بە توانا دەتوانن لەزۆر سەرچاوەدا ئیلهام بۆ نووسینی سەروتارو هەروەها زانیارییش بۆ دەوڵەمەندکردنو زیاتر راڤەکردنی لایەنەجیاوازەکانی بابەتەکە وەربگرێت، گرنگترینیان:

١-هەواڵە ناوخۆییو ئیقلیمیو نێودەوڵەتیيەکان کە رۆژنامەکە خۆی یا رۆژنامەو ئاژانسو کەناڵەکانی دیکەی راگەیاندن بڵاوی دەکەنەوە.

٢-ئەو زانیاریو سەرەقەڵەمانەی کە لەلایەن بەرپرسانی حزبیی یا حکومی دەنێردرێت بۆ رۆژنامە(ئەگەر رۆژنامەکە حزبیی یا حکومی بێت).

٣-دیاردەو گۆڕانکارییو پێشکەوتنو چالاکیيە هەمەجۆرەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیەی کە رۆژنامەکەی لێ دەردەچێت.

٤-ئەو بۆچوونو هەڵویستو راستیانەی کە لە رۆژنامەو بڵاوکراوەی دیکەو کتێبەکاندا بڵاودەکرێنەوە.

٥-گفتوگۆو لێدوانو کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکانو ئەو زانیاریو ئامارانەی کە بڵاودەکرێنەوە.

## جۆرەکانی سەروتار

د. ئیسماعیل ئیبراهیم لە کتێبی (فن المقال الصحفی)دا سەروتاری بەگوێرەی چەند پێوەرێك دابەش کردووە بەمجۆرە:

١-بەپێی ئامانجەکە: بەگوێرەی ئەم پێوەرە سەروتار دەبێتە سێ جۆر:

أ/سەروتاری راڤەکردن: هەوڵی راڤەکردنی هەواڵو رووداوەکان دەداو هیچ بیروبۆچوونێك لەخۆناگرێت.

پ/جۆرێکی دیکەی سەروتار کە شێوەی پێشکەشکردنی وتەو گوتار لەخۆدەگرێتو نووسەرەکەی وا لە خوێنەر دەکات بەتەنها بیروبۆچوونەکەی ئەو وەربگرێت.

ب/سەروتاری پێشبینی: ئەمجۆرەیان پێشبینی دەکات بۆ ئایندە، واتا بۆ ئەنجامی رووداوو هەواڵەکان.

٢-پێوەری جوگرافیی:

مەبەست لێی شوێنی رووداوو هەواڵەکەیە کە سەروتار دەیکاتە بابەتی خۆی:

أ/ناوخۆیی (لۆکاڵ): کێشەو دیاردەو هەواڵەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیەی رۆژنامەکەی لێ دەردەچێت لەخۆدەگرێت.

پ/ئیقلیمی: تایبەتە بە رووداوەکانی پەیوەندیدار بە وڵاتانی دراوسێ.

ب/نێودەوڵەتی: تایبەتە بە رووداوو هەواڵو بابەتە نێودەوڵەتی‌یەکان.

٣-پێوەری جۆری بابەتەکە:

واتا ناوەرۆکی بابەتەکە لەسەر کام لەم بوارانەیە:

-سیاسی

-ئابووری

-کۆمەڵایەتی

-سەربازی

-ئایینی

-هونەری

-زانستی

-ئەدەبی

٤-پێوەری ئامرازی گەیاندن:



واتا بۆ کام هۆکارو ئامرازی راگەیاندن دەنووسرێتو بڵاودەکرێتەوە، ئایا بۆ رۆژنامە، رادیۆ یا تەلەفزیۆنە.

## نووسینی سەروتار

بەپێچەوانەی هەواڵ، وتار لە شێوەی هەرەمی رێك (ئاسایی) دەنووسرێت[11]. واتا لە کاتێکدا کە سەرەتاو دەروازەی هەواڵ بە گرنگترینو نوێترین زانیاریو رەگەزەکان دەست پێدەکات، ئەوا سەروتار وانی‌یەو بەپێچەوانەوە بە رەگەزێکی ئاساییو کەم بایەخو زانراو دەست پێدەکات تا دەگاتە کۆتایی کە گرنگترین رەگەزەکانی لەخۆگرتووە لە زانیاریو هەڵوێستو بیروبۆچوون. ئەمەش خاسیەتی نووسینە لەسەر بنەمای زانستی قالبی هەرەمی ئاسایی.

بەپێی ئەم بنەمایەش، هەر سەروتارێك ، دەکرێتە سێ بەش[12]:

بەشی یەکەم/ پێشەکی (سەرەتا)

بەشی دووەم/ناوەرۆك (جەستە)

بەشی سێیەم/ کۆتایی

**یەکەم/ پێشەکی یا سەرەتا:**

دەروازەی چوونە نێو بابەتی سەروتارە، رەنگە ئەم شتانە لە خۆ بگرێت:

أ-خستنەڕوویەکی کورتی تەوەری بابەتەکە

پ-خستنەڕووی پێشنیاز یا بیرۆکەیەك

ب-دەرخستنی هەواڵو رووداوێکی گرنگ بەلای خەڵك

ج-وەسفکردنی کێشە یا دیاردەیەکی پەیوەستدار بە خەڵکەوە

پێشەکی لە سەروتاردا ئەم ئەرکانە بەجێدەهێنێت:

١-ئاگاداركردنو ئاشناکردنی خوێنەر بە تەوەری بابەتی سەروتارو ئامادەکردنی پێشوەختی بیروهۆشی خوێنەر بۆ سەروتارەکە.

٢-سـەرنج راكێشـانی خوێنـەر بـۆ خوێندنـەوەی سـەروتارەكە ئـەویش لەڕێگەی نووسینی پێشەكییەكی زۆرباش كە مایەی سەرنج بێت.

٣-سەرلەنوێ بەیادخستنەوەی خوێنەر بە هـەواڵ، رووداو یـا هەڵوێستێكی پێشوو كە پەیوەندیی بە بابەتی سەروتارەكە هەبێت.

٤-باسـكردنی بیرۆكەیـەكی سـەرنج راكـێش‌و گـرنگ یـا وەسـفكردنی دیاردەیەكی گرنگ بەلای خەڵكەوە.

**دووەم/ ناوەرۆك (جەستە):**

ئەم شتانە لەخۆدەگرێت:

أ-بەڵگـەو بیانووەكـان بـۆ بـەهێزكردنی هەڵوێسـت‌و بیروبۆچـوونی نـاو سەرووتار.

پ-زانیاری‌و ئامارو هەندێ راستیی واقیعیی بابەتەكە.

ب-باكگراوندێكی مێژوویی بابەتەكە.

ج-رەهەندو دوورایی‌و مانا هەمەلایەنەكانی بابەتەكە.

**سێیەم/كۆتایی:**

كۆتاییەكەی سەروتار ئەم شتانە لە خۆدەگرێت:

أ-پوختەی بیروبۆچوون‌و هەڵوێستی رۆژنامەكە.

ب-بانگهێشكردنی خوێنـەر بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ كێشـە یـا دیـاردە خراوەڕووەكە.

پ-هانـدانی خوێنـەر بـۆ وەرگرتنـی هەڵوێسـت لەبەرامبـەر بابـەتێكی دیاریكراو (بابەتی سەروتارەكە).






نموونە:

## روناهی[12]

گێـژاوی توندوتیـژی لـە عیراقـدا بەردەوامـە، بـەڵام ئـەوەی لـە مـاوەی دوو هەفتـەی رابـردوودا بـووە مایـەی تێڕامـان، جۆرێكـە لـە كوشـتارو توندوتیـژی دەمارگیرانـە كـە ئەگـەر بەوپـەڕی حـەزم‌و حیكمەتـەوەو لەبازنـە تەسـكـو سـەرەتاییەكەیدا كـۆنتڕۆڵ نـەكرێ‌و گـەمارۆ نـەدرێ، بـۆنی سـەرەتاكانی سەرهەڵدانی شەڕی ئەهلی‌و پێكدادانی مەزهەبی لێدێت.

كوشتن‌و تـەرم شێواندنی شـەش گـەنجی شیعە لـە فەلوجـە، كـوژرانی سێ گەنجی سوننەی فەلوجەیی لە تۆڵە ئەواندا، هەڕەشەو لێكدی سووربوونەوەی حـەوزەی نەجـەفـو هەیئـەی عولـەمای سـوننە لـە بەغـدا، خۆپیشـاندانی دژ

بەیەک، خۆ بۆ یەکدی حازرکردنی عەشیرەتی رەبیعەو عەشایەری فەلوجەو رومادی، ورووژاندنی مەشاعیرو هەستو دەمارگیری مەزهەبی دژ بەیەک لەشەقامی عەرەبی عیراقیدا.

ئەمانەو رووداوگەلی دیکەی لەوجۆرە ناکرێ وەک رووداوگەلێکی ئاسایی‌و وەک رووداوەکانی دیکەی توندو تیژی تەماشابکرێن‌و گوزەربکەن.

ئەم چەشنە، ئەم جۆرە کوشتنە (لەسەر ناسنامە) توندوتیژییەکی جیاوازەو زەنگی مەترسیی شەڕی ئەهلیە لە ولاتێکدا کە فرەیی مەزهەبی‌و کلتوری باروکەڵەکەبووی توندڕۆیی‌و دەمارگیری‌و تۆڵەخوازی ناسنامەیەتی.

گومان لەوەدا نییە دوژمنانی عیراقی نوێ، ئەوانەی هەر لەسەرەتاوە گرەویان لەسەر شەڕی ئەهلی‌و تائیفی کردو زۆریان کرد بۆ هەڵایسانی، ئێستاش هەر ئەوان لەپشت ئەو ئاشووبەوە بن‌و سەروبەندی (گواستنەوەی دەسەڵات)بە دەرفەتێکی لەباری تەشەنەپێدانی پیلانەکەیان بزانن.

بەرنامە ئاشکرابووەکەی زەرقاوی کە کە دەوروبەر ئاسانکاری ئیعلامی‌و لۆجیستی‌و ماددی بۆ پیادەبوونی دەکەن، نانەوەی شەڕی ئەهلی بەئەرکی هەرە سەرەکی خۆی دەزانێت، بەڵام گرەو لەسەر خەڵکی عیراقە کە ئایا تا چەند تێوە دەگلێن‌و تا چەندی هەڵدەخلیسکێنە ئەو بازنە ترسناکەوە کە نەک هیچ لایەنێکی تێدا سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو هەمووان پێکەوە تێیدا دەسووتێن.

ئەمە سەختترین قۆناغی شەڕفرۆشتنە بە تەجروبەی نوێی عیراق، بۆیە دەبێ بەوپەڕی دان بەخۆداگرتن‌و دووربینی‌و دەمارهێورییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەرکی لایەنەکان‌و مەرجەعەکانە جڵەوگیری مەشاعیری مەزهەبی خەڵک بن‌و رێ لە هەڵچوون‌و وروژان بگرن‌و سەرەتاکانی ئەو مەترسییە لەتەسکترین بازنەدا کۆنترۆڵ‌و خامۆش بکرێنەوە.



هەوڵێکی زۆرو تەقەللایەکی وروژێنەرو ئیستیفزازی فراوان لە ئارادایە تا کورد لەو مەترسییەوە بگلێنن، ئیعلامی شۆڤینی عەرەب درۆی زۆری دەربارەی بەشداربوونی پێشمەرگە لەشەڕەکانی فەلوجەو نەجەفدا هەڵبەست، ئێستاش بەردەوامەو بەئاشکرا دەیەوێت هەستی نەتەوەیی عەرەب لەدژی کورد بورووژێنێت‌و زۆرانیشی بەو درۆ هەڵبەستنە لەخشتەبردووە، تیرۆریست‌و شۆڤینێزمی تەعریبی لە کەرکوک‌و بەسود وەرگرتن لە سیاسەتی تەمومژاوی ئەمریکاییەکان‌و لەسایەی مانەوەیان لە کەرکوک بە بەرنامە دەست لە کادیرانی کورد لەو شارە دەوەشێنن‌و تا ئێستا چەندین بەرپرسی کوردیان کوشتووە.

بەر لەماوەیەک پێنج کوردی کەرکوکی لە سامەڕا بەدەستی شۆڤێنیستانی عەرەب پارچە پارچەکران‌و چەندین کردەوەی دیکەی ئیستیفزازی بە دژی کورد دەکرێت تا لەو شەڕە شومەی بگلێنن‌و بازنەکە فراوانتر بێت.

کورد ئەگەرچی نابێ لە خوێنی رۆڵەکانی بێدەنگ بێت، ئەوەی لە کەرکوک‌و لە سایەی بەردەوامی مانەوەی تەعریبدا دەڕژێت‌و دەبێ بیکاتە هاندەرێکی دیکە بۆ هەرچی زووتر سڕینەوەی ئاسەوارەکانی تەعریب لەو شارە کوردستانییەدا، لە هەمان کاتدا دەبێت وەک هەمیشە مامەڵەیەکی عەقلانی لەگەڵ ئەو پیلانە بکات‌و رێ لە تێوەگلان بگرێت، نەک هەر هێندە رۆڵێکی نیشتمانی شایستەش لەرێگرتن لەو مەترسییەدا ببینێ کە ئەگەر رووبدات‌و تەشەنە بسێنێ هەموو ریسەکەی عیراقی نوێ دەکاتەوە بە خوری.

## ستوونی رۆژنامەنووسی

ستوونی رۆژنامەنووسی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا زیاتر بە گۆشە (گۆشەی رۆژنامەنووسی) ناودەبرێت.

ستوونی رۆژنامەنووسی، پێچەوانەی سەروتار، بیروبۆچوونی نووسەرەکە خۆیەتیو بەناوو ئیمزای نووسەرو بە ناونیشانێکی جێگیرەوە بڵاودەکرێتەوە، هەروەك رەنگە هەندێجار جگە لە ناونیشانی جێگیری ستوونەکە (گۆشە)، ناونیشانێکی تری بۆ دابنرێت کە دەلالەت لە ناوەرۆکەکە بکات، جگەلەوە ستوون (مەبەست گۆشەیە) بەزۆری لەلاپەڕەکانی ناوەوە بڵاودەکرێتەوە لەکاتێکدا سەروتار لەلاپەڕە یەکدا بڵاودەکرێتەوە. هەروەها مەرجیش نییە گۆشە وەك سەروتار تەنها باس لە کێشەو دیاردە هەنووکەییو گەورەکانی کۆمەڵ بکات، بەڵکو ئاساییە نووسەری گۆشە دابەزێتە وردەکاریی لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵ کە رەنگە زۆرجار کەس خەیاڵیشی بۆی نەچێو بیریان نەبێ. واتا بابەتی گۆشەی جێگیر، سنووری دیاریکراوی نییەو بۆی هەیە هەموو مەسەلەیەك لەخۆبگرێت کە بەلای خوێنەرەوە بایەخێکی هەبێت.

نووسەری گۆشە جیا لە هەواڵساز یا راپۆرت نووس ئازادە لە دەربڕینی راوبۆچوونی، ئەو بۆچوونەی کە خۆی هەیەتی لەناو وتارەکەیدا، ئازادە لەوەی وتارەکە تەواو رەنگدانەوەی هەڵوێستو مەیلەکانی خۆی بێت، بۆیە لەبەرامبەر ئەوەشدا کە دەینووسێ بەرپرسەو ئاکامەکان لەئەستۆ دەگرێت[13].

مەرج نییە ستوونی رۆژنامەنووسی (گۆشە) بەبەردەوامی تەنها لەلایەن یەك نووسەرەوە بنووسرێت، بەڵکو زۆرجار هەندێ گۆشەی جێگیر هەن



بەڵام هەرجارەی نووسەرێك تێیدا دەنووسێت وەك گۆشەکانی پڕۆفایل لە خەبات، دواستوون لە کوردستانی نوێ، هەناسە لە هاووڵاتیو ..هتد.

لەڕووی رووبەریشەوە، ستوونی رۆژنامەنووسی بچوکترین جۆرەکانی وتارەو لە هەموویان کەمتر رووبەر داگیر دەکات، هەر لەبەر ئەوەش پێی دەووترێت ستوون چونکە لەیەك ستوون تێپەڕ ناکات، بەڵام ئەوەش مانای وانیە ستوونەکە بەتەواوی بگرێت، بەڵکو رەنگە نیوەی ستوونەکە یا چارەکی یا تەنانەت چەند دێرێك بگرێت لە ستوونەکە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ستوونی کورت هەلی خوێندنەوەشی زیاترە وەك لە هی درێژ. جگەلەوانە ناونیشانێکی جێگیری هەیە، بەڵام دەشکرێ ناونیشانی تریشی بۆ دابنرێت کە بەپێی جۆری بابەتەکە دەگۆڕێت.

ستوونی رۆژنامەنووسی گەلێك پێناسەی بۆ کراوە، کە هەریەکەیان ئەگەر هەموو لایەنێکیشی لەخۆنەگرێت، ئەوا لایەنێکی دەخاتەڕوو. لەوانە:

-ستوونی رۆژنامەنووسی ئەو بابەتە رۆژنامەنووسییەیە کە هەردەم جێپەنجەی نووسەرەکەی پێوە دیارە لە شێوازی بیرکردنەوەو شێوازی دەربڕینیش، رووبەرەکەشی لە ستوونێك تێپەڕ ناکاتو شوێنو کاتی بڵاوکردنەوەی جێگیرەو هەروەها ناونیشانی جێگیریشی هەیەو ئیمزایەکی نەگۆڕیشی هەیە کە ئیمزای نووسەرەکەیەتی[14].

-ستوونی رۆژنامەنووسی بریتییە لە دەربڕینی بیرۆکەیەك یا بۆچوونێك یا چارەسەرکردنی کێشەیەك لە ستوونێکدا یا لەبەشێکی ستوونێکدا بڵاودەکرێتەوە، بە زۆری نووسەرەکەی ناگۆڕێ، لە ستوونەکەدا خەسڵەتو هەستی رۆژنامەنووسی نووسەرەکە لای خوێنەر دەردەکەوێت[15].

-ستوونی رۆژنامەنووسی بیرۆکەیەکی بچوکە پەیوەستە بە کێشەیەکی خوێنەران یان کێشەیەکی تایبەت بە خودی نووسەرەکە، چونکە ستوونی

ڕۆژنامەنووسی لە بنەڕەتدا وا بنیات دەنرێت کە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ خوێنەر وەك هاوڕێیەك[١٦].

-گفتوگۆیەکی شەخسیی ڕۆژانە یا هەفتانەی نووسەرێکی دیاریکراوەو بەناوی خۆی لەژێر ناونیشانێکی نەگۆڕدا بڵاوی دەکاتەوە، بریتیشە لە بیرۆکە یا بۆچوونێك یا یاداشتێکی نووسەرەکە لەسەر ڕووداوێك یا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی یا ڕووناکبیری، ئامانجیش لەمجۆرە وتارە بەستنەوەی خوێنەرە بە نووسەرەکەی و بە ڕۆژنامەکەش[١٧].

ستوونی ڕۆژنامەنووسی تەواو پەیوەستە بە خاوەنەکەیەوە، جۆری ناوەڕۆك و چۆنیەتی دەربڕینی بۆچوون و هەڵوێستەکان لە دەست خۆیدایە، واتا زمانحاڵی ڕۆژنامەکە نییە، بەڵام مەرجیش نییە دژی سیاسەتی بێت.

## تایبەتمەندییەکانی ستوونی ڕۆژنامەنووسی:

ستوونی ڕۆژنامەنووسی بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت دەبێ ئەم تایبەتمەندیانە یا بەشێکی لەخۆبگرێت[١٨]:

١-پابەندبوونی تەواو بە کاتی بڵاوکردنەوەی ستوونەکە کە دەبێتە مایەی پەیداکردنی متمانەی خوێنەر.

٢-پابەندبوونی تەواو بە شوێن و شکڵ و شێوەی ستوونەکەو پێویستیشە لەلاپەڕەیەك دابنرێت کە لەڕووی مادەکانییەوە لەگەڵ بابەتی ستوونە ڕۆژنامەنووسییەکە بگونجێت.

٣-ناونیشانی جێگیری هەبێت و تا بشکرێت کورت بێت، هەروەها سەرنج ڕاکێش بێت، واباشترە لە وشەیەك یا دووان پێکبێت.



٤-بەپێی توانا کورت بێت، بەکەمترین وشە زۆرترین ماناو زانیاری ببەخشێت.

٥-زمانی سادەو ئاسان و ڕوونی ڕۆژنامەنووسی تێکەڵ بە جوانیی زمانی ئەدەبیی بێت.

٦-بەردەوام بابەتەکەی نوێ بێت و شتێکی نوێی تێدا بێت.

٧-ئەزموونی شەخسیی نووسەرەکە دەربخات.

## کێ ستوونی ڕۆژنامەنووسی دەنووسێت؟

لە ڕۆژنامەکاندا بەتایبەتیش لە ڕۆژنامە سەنگین و خاوەن پێگە دیارەکاندا، تەنها ئەو کەسانە ستوونی ڕۆژنامەنووسی دەنووسن کە ئەم خەسڵەتانەی خوارەوەیان تێدا بێت[١٩]:

١-ئاگاداری تەواوی ڕووداوەکان و ئەو شتانە بێت کە لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن. هەروەك بە ویست و چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵك و ئاستی ڕووناکبیریان ئاشنابێت.

٢-شارەزایی تەواوی هەبێت لە کاری ڕۆژنامەنووسی و نووسیندا، بەشێوازێکی دیاریکراوی خۆی بنووسێت.

٣-توانای گەیشتنی بەسەرچاوەکانی زانیاری هەبێت بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی ستوونەکە.

٤-بەتواناو شارەزا بێت لەو زمانەی پێی دەنووسێت.

٥-توانای نوێکردنەوەو دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانی هەبێت لەڕێگەی خوێندنەوەو پەیداکردنی سەرچاوەی نوێ و گەشتی ڕۆژنامەنووسیی.

٦- لەگەڵ خۆی و خوێنەر ڕاستگۆ بێت.

## جۆرەكانی ستوونی رۆژنامەنووسی

جۆرەكانی ستوونی رۆژنامەنووسی بەپێی بابەتەكانی دەگۆڕێت، بابەتەكانی ئەمجۆرە وتارەش زۆر فراوانن‌و لەگەڵیٚ بواردا خۆی دەبینێتەوە، گرنگترینیان ئەمانەن[٢٠]:

١-ستوونی بابەت‌و مەسەلە گشتی‌یەكان، نووسەرەكەی بایەخ بەو بابەتە گشتیانە دەدات كە رۆژانە وەك دیاردەیەك لە ئارادان‌و تەنها بە گۆڕانی رۆژگار جۆرو شێوەیان دەگۆڕێت، وەك بابەتی سیاسی، ئابووری، سۆزداری‌و كێشە كۆمەڵایەتییەكان‌و ئەدەب‌و هونەر كە بەلای خوێنەرەوە گرنگ‌و سەرنج راكێشن.

هەڵبژاردنی بابەتێكی گشتی بۆ ئەوەی ستوونی رۆژنامەنووسی بۆ تەرخان بكرێت‌و بەلای خەڵكەوە گرنگ بێت، لەسەر ئاستی بلیمەتی‌و توانای نووسەرەكە دەوەستیٚ.

٢- ستوونی بابەتی تایبەتی‌و خودیی نووسەری ستوون، ئەویش ئەو ئەزموون‌و رووداوانەیە كە خۆی (نووسەرەكە) پێیاندا تێپەڕیوەو كاریگەرییان لەسەری هەبووە.

٣-كات بەسەربردن: شێوازی سەرنج راكێش‌و رەگەزەكانی گاڵتەوگەپ‌و نوكتەو شێوازی دیكەی خۆشباریی تێدا بەكاردێت، لەسەر ئاستی توانای نووسەرەكە لەم بوارەدا وەستاوە.

٤-بابەتی رەخنەی كۆمەڵایەتی: نووسینەكە بەشێوازێكی كۆمیدی ئامێز دەخرێتەڕوو، رەخنەی توند لە دیاردە سلبیەكانی ناو كۆمەڵ دەگرێت.

٥-بابەتی باكگراوندی رووناكبیریی نووسەر: پەیوەستە بە ئاستی رووناكبیریی نووسەرو لێهاتوویی لە خوێندنەوەی مەسەلەكان‌و خستنەڕووی بیروبۆچوونی لەسەریان.



٦-رووداوە هەنووكەییەكان: بایەخ بەو رووداوە ناوخۆو دەرەكیانە دەدات كە رۆژانە روودەدەن‌و بەلای خەڵكەوە گرنگن، خوێندنەوەو راڤەیەكی وردی بۆ دەكرێت لەلایەن ستوون نووسەكەوە.

٧-ئەو ستوونانەی وەڵامی نامەو نووسین‌و پرسیاری خوێنەر كە بۆ نووسەری ستوون دەنێردێت، لەخۆدەگرن.

٨-ستوونی تایبەتمەند: لەمجۆرەیان نووسەرەكە بابەتێك هەڵدەبژێرێت كە تایبەتمەندیی پێوە دیاربێت، واتا لە بوارێكی دیاریكراودا بێت، وەك بابەتی هونەرو ئەدەب، زانست، وەرزش، ئایین، ئافرەت، تەندروستی، پیشەسازی، بازرگانی‌و ..هتد. بەشێوەیەكی گشتی ئەمجۆرە ستوونە تایبەتمەندانە لە لاپەڕەی تایبەتمەندیش بڵاودەكرێنەوە.

٩-ستوون لەشێوەی دیالۆگ‌و پرسیارو وەڵام.

## نووسینی ستوونی رۆژنامەنووسی

ستوونی رۆژنامەنووسی، بەشێوازی نووسینی سەروتار دەنووسرێت بە گۆڕانی هەندێك لە رەگەزەكانی پێكهاتەی ستوونەكە، واتا لەبەشەكانی سەرەتا(پێشەكی)، ناوەرۆك (جەستە)و هەروەها كۆتایی.

رۆژنامەنووس پێشەكیی گۆشەكەی (ستوونی رۆژنامەنووسی) وەك دەروازەیەك (دەرگایەك) بەكاردەهێنیٚ بۆ چوونە نێو بابەتەكەو دەستپێكردنی تەوەری ستوونەكە، بۆیە دەبیٚ پێشەكی‌یەكی بەهێزو بەپێزو سەرنج راكێش‌و بایەخداریش بێت بەلای خوێنەر.

ئەم دەروازەیەش رەنگە یەكێك لەم شتانە لەخۆبگرێت[٢١]:

١-هـەواڵی ڕووداوێکـی گـرنگ بەمـەرجێك نووسـەرەکە بایـەخ بەلایـەنێکی دیاریکراوی ڕووداوەکە بـدات کـە کاریگـەریی هـەبێت لەسـەر خـۆیو لەسـەر خوێنەریش.

٢-پەنـــدێکی میللـــی یـــا وتـــەی بیرمەنـــدو فەیلەســـوفێك یـــا لێـــدوانی سەرچاوەیەکی بەرپرس لەمەر ڕووداوێك.

٣-خسـتنەڕووی کێشـەیەك یـا ڕووداو یـا دیاردەیـەك کـە بـە بۆچـوونی نووسەر کاریگەری لەسەر بەرژەوەندی خەڵك هەیەو جێی سەرنجیانە.

٤-بیرۆکە یا یادەوەرییەك یا بۆچونێك کە پێویستی بەراڤەکردن هەیە.

ناوەڕۆکی (جەستە) ستوونەکەش، کرۆکی بابەتەکەیە، ئـەو تەوەرەیـە کـە نووسەر لەسەری دەدوێو ئەم لایەنانە لەخۆدەگرێت:

١- پاساوو بەڵگەو بیانووەکان کە بۆچوونی نووسەر بەهێز دەکەن.

٢-وردەکـاریی ڕووداوەکـە یاوێنەیـەکی زینـدوو، چـیرۆکێك، کێشـە یـان مەسەلەیەك کە نووسەرەکە دەیخاتەڕوو.

٣-وەڵامدانـەوەی پرسـیاری خوێنـەران لەلایـەن نووسـەرەکە ئەگـەر بێتـوو ستوونەکە تایبەت بێت بەخوێنەرانو نامەو پرسیارەکانیان.

٤-زانیاری نوێو پێشینەیەکی.

دوابەشـیش (کۆتـایی)یـە، پوختـەی بۆچـوونی نووسـەرەکەو ئـەو ئامانجـە لـەخۆدەگرێت کـە دەیـەوێ بەخوێنـەرانی بگەیـەنێت، ئـەویش ئـەم لایەنانـە لەخۆدەگرێت:

١-پوختەی بۆچوونی نووسەر لەسەر ڕووداوو دیاردە، کێشە یا مەسـەلەکە کە لەسەری دەدوێ.

٢-ئامۆژگـاری یـا پێشـنیازی شـێوازێکی چارەسـەرکردن بـۆ گرفـت، کێشـە دیاردەیەکی سلبی کە پێشکەشی خوێنەری دەکات.

٣-ئەو پەندو ئامۆژگارییانەی نووسەر پێی دەگات.



٤-داواکردنو بانگهێشتکردنی خوێنەر بۆ هەڵوێستێك.



## وتاری شیکاری

ئەو وتارانەی کە بۆشیکردنەوەی دیاردەیەك، رووداوێك یا مەسەلەیەك تەرخان دەکرێن، واتا لەسەر بنەمای شیکردنەوەیەکی قووڵی ئەم بوارانەی ئاماژەمان پێدان بنیات دەنرێن، هەریەك لەم بوارانەو هی تریش بەوردی دیراسە دەکاو لێی دەکۆڵێتەوە تا دەگاتە ئاکامێك کە دواجار بیروبۆچوونی نووسەرەکەیە.

هیچ سنوورێکی دیاریکراو بۆ وتاری شیکاری نیە، رەنگە هەندێجار ستوونێك بێتو دووریش نیە لاپەڕەیەکی تەواو بگرێت، بەهەمان شێوە ئەمجۆرە وتارە پەیوەندی بە سیاسەتو رێبازی رۆژنامەکەوە نیە، مەبەست ئەوەیە مەرج نیە تەعبیر لە سیاسەتی رۆژنامەکە بکات ئەگەرچی گومانی تێدانیە کە لە رۆژنامەی حزبیدا نابێ ناکۆکیش بێت لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەکە، جگە لەوانەش ناونیشانو شوێنی جێگرو نەگۆڕیشی نیە.

وتاری شیکاری کاریگەرییەکی گەورەی هەیە چونکە ئەو بابەتو دیاردانە دەخاتە بەرلێکۆڵینەوە کە بیروهۆشی خەڵکی پێوەخەریکە، ئەم دیاردەو بابەتانەش رەنگە هەنووکەیی بن یا روویاندابێت، یاخود لە داهاتوودا روودەدەنو نووسەر رووداوەکانی ئایندەو رابردووش بەیەکەوە گرێ دەدات. ئەمجۆرە وتارە جیایە لە ستوونی رۆژنامەنووسیو سەروتار، لەبەرئەوەی پێویستی زیاتری بەزانیاریو دیراسەکردنەوە هەیە، بۆیە ئەستەمە نووسەر بتوانێ رۆژانە بینووسێ، بەڵکو رەنگە هەفتەی جارێك یان دووان بینووسێ، چونکە ئەگەر وانەبێت بابەتەکە دوورنییە لاواز دەربچێت.

وتاری شیکاری بریتییە لە دیارترین هونەرەکانی وتاری رۆژنامەنووسی کە زۆرترین کاریگەری هەیە، لەسەر شیکردنەوەی



قووڵی رووداوو دیاردەکان کە جێی بایەخی خەڵکن، بنیات دەنرێت. وردەکاری بابەتەکان لەخۆدەگرێتو لەگەڵ ئەو رووداوانە دەیانبەستێتەوە کە پەیوەندیان بەیەکترەوە هەیەو دواجاریش راوبۆچونەکان لەسەری دەخاتەڕوو.

پێناسەیەکی دیکەش بۆ وتاری شیکاری هەیەو دەڵێ:"ئەم وتارەیە کە نووسەرێکی پسپۆر لە بوارێکی دیاریکراو دەینووسێو سەرجەم لایەنەکانی بابەتەکە تاوتوێ دەکات، هەروەك هەموو رەگەزەکانی بابەتەکانی نووسین لەخۆدەگرێت، هەواڵ، گفتوگۆ، لێکۆڵینەوەو هەروەها سەرجەم زانیارییەکان کە پەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە، دواجاریش نووسەرەکە لەبەر رۆشنایی ئەم لایەنانە، راوبۆچوونی خۆی رادەگەیەنێتو تێڕوانینی خۆی لەسەر بابەتەکە ئاشکرا دەکات".

نووسەری وتاری شیکاری زۆر بواری لەبەردەمدا هەیەو، ئەو دەتوانێ بابەتی وتارەکەی سیاسی، سەربازی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو رووناکبیریو.. هتد بێت، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی لایەنە سیاسیەکە باڵی بەسەر وتاری شیکاریدا کێشاوە ئینجا بوارەکانی دیکە.

## ئەرکەکانی وتاری شیکاری:

ئامانج لە وتاری شیکاری بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئەرکە کە بریتین لە[٢٢]:

١-شیکردنەوەو راڤەکردنو خستنەڕووی رووداوو کێشەو دیاردەکانو ئاشکراکردنی مەغزاو هۆکاری سەرهەڵدانیو دوورایییەکانیتری.

٢-تاوتوێکردنو خستنەڕووی ئەو مەسەلەو دیاردانەی رای گشتی پێوە خەریکە بەمەبەستی پێگەیاندنی خوێنەر.

٣-شیکردنەوەی رووداوو هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکانو دەرخستنی پێشینەیو ئاکامو کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی خەڵك.

٤-شیکردنەوەی ئاڕاستە سیاسییەکانی هێزو لایەنە سیاسییە جیاوازەکانو راڤەکردنی.

٥-خستنەڕووی سیاسەتو ئاڕاستە باوو بڵاوەکانی نێوکۆمەڵ.

## نووسینی وتاری شیکاری:

وەك جۆرەکانی دیکەی وتار، ئەمیش (وتاری شیکاری) بەشێوازی قاڵبی هەرەمی ئاسایی دەنووسرێتو لەسێ بەشیش پێکدێت (سەیری هەرەمەکە بکە)

**بەشی یەکەم/ لەم رەگەزانە پێکدێت:**

١-دەرخستنی رووداوێکی گرنگ کە تەوەری بابەتەکەیە.

٢-خستنەڕووی بابەتێکی گرنگ بەلای رای گشتیو بەرژەوەندی خەڵکەوە.

٣-خستنەڕووی پێشنیازێکی نوێ کە سەرنجی خوێنەر راکێشێ.

**بەشی دووەم/ ناوەڕۆك (جەستە):**

ئەمیش لەم رەگەزانە پێکدێت:

١-دوورایيو مەغزاکانی بابەتەکە.

٢-زانیارییە شاراوەکانی بابەتەکە.

٣-خستنەڕووی بەڵگەو پاساوەکان بۆ بەهێزکردنی بۆچوونی نووسەر.

٤-خستنەڕووی ئەو راوبۆچوونانەی پشتگیری یا دژی بۆچوونی نووسەرن.



**بەشی سێیەم/ کۆتایی:**

رەگەزەکانی بریتین لە:

١-پوختەی راوبۆچوونی نووسەر لەسەر ئەو بابەتەی نووسیویەتی ئەویش بەپشت بەستن بەو بەڵگەو پاساوانەی ئاماژەی پێداون.

٢-وروژاندنی هزرو مێشکی خوێنەرو هاندانی بەمەبەستی وەرگرتنی هەڵوێست لەسەر بابەتەکە.

٣-دروستکردنی گفتوگۆیەك لەسەر بابەتەکە لەنێوان نووسەرو خوێنەر لەلایەكو نووسەرو نووسەرانی دیکە لەلایەکی ترەوە.



## وتاری ڕەخنەیی

وتاری ڕەخنەیی بریتییە لەو وتارەی کە لەسەر بنەمای خستنەڕوو و ڕاڤەکردنو هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی زانستی، ئەدەبیو هونەری بنیات دەنرێت بەمەبەستی وشیارکردنەوەی خوێنەر بە گرنگیی ئەو بەرهەمەو یارمەتیدانی لەهەڵبژاردنی ئەو شتەی کە دەیبینێ یا دەیبیستێ لەنێو ئەو بڕە زۆرەی بەرهەمی هونەریو ئەدەبیو زانستییەی کە ڕۆژانە چ لە ئاستی نێوخۆیی یا نێودەوڵەتی ڕوو لە خەڵك دەکەن[٢٣].

لەسەردەمی ئەمڕۆی جیهانگیریو پێشکەوتنی زانستەکانو شارستانییەتی مرۆڤایەتی، وتاری ڕەخنەیی ڕۆڵێکی گرنگو کاریگەری هەیە بۆ ئاسانکردنی یا هاریکاریکردنی خوێنەر لە هەڵبژاردنو بەدواداچوونی ئەو بابەتانەی سوودیان بۆی هەیەو ئەوە دەهێنێ بەدوایدا بچن، بە تایبەتیش لەبەرئەوەی هەر بوارێکی ژیانی مرۆڤ پێشکەوتنی مەزنی بەخۆوە بینیوەو زۆر فراوان بووەو بە ئاسانیش لەڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە دەگوازرێتەوە.

لە وتاری ڕەخنەییدا، نووسەر دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکات کە وتارەکەی زیاتر بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتێکی هونەری، زانستی یا ئەدەبییە، بۆیە دەبێ کاتێك بابەتەکەی لەسەر بوارێکی ئەدەبییە، بە زمانێکی ئەدەبیانەو لەهەمان کاتدا ئاسانو دوور لە ئاڵۆزی بنووسێت، کە بابەتەکەی لەسەر بوارێکی زانستیش بوو، ئەوا بێگومان دەبێ پشت بە تیۆرو یاساو بنەما زانستییەکان ببەستێتو بەهەمان شێوەش ئەگەر لەسەر بوارێکی هونەریدا بنووسێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی لەسەر هەر یەکێك لەم بوارانە دەنووسێت، هەقوایە خۆی لە بوارەکە کاربکاتو جێپەنجەی تێدا دیار بێت، چونکە ئەو تێبینیو ڕەخنەو هەڵسەنگاندنانەی لە وتارەکەدا دەیخاتەڕوو، زیاتر کاریگەریی لەسەر خوێنەر دەبێت.

لە هەر سێ ئەم بوارەشدا، بە تایبەتی لە بواری هونەرو ئەدەبییەکەدا نووسەر بەپلە یەك پشت بە ڕاوبۆچوونو سەرنجەکانی خۆیو هی خەڵکیش دەبەستێ بۆ هەڵسەنگاندنی بوارەکە.

## نووسینی وتاری ڕەخنەیی

ئەمجۆرە وتارە دەکرێ بەدوو جۆر یا شێواز بنووسرێت، یەکێکیان قاڵبی هەرەمی ئاساییە، ئەویتریش قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوەیە.

لەقاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوەدا نووسەر ڕاوبۆچوون یا هەڵسەنگاندنەکانی بۆ بەرهەمێك دەخاتە سەرەتای وتارەکە(پێشەکی)، ئنجا لە ناوەڕۆکدا بەڵگەو بیانووەکان دەخاتەڕوو کە بۆچوونەکەی ئەو بەهێزو پشتڕاست دەکەنەوە، بەڵام لەمجۆرەیاندا لە وتارەکەدا(کۆتایی) نییە، چونکە نووسەرەکە ئامانجو مەبەستەکەی لەپێشەکیدا خستۆتەڕوو، ئەگەریش کۆتایی هەبێ ئەوا تەنها بۆ ئەوەیە جارێکیتر ئەوەی کەلە پێشەکیدا ڕایگەیاندووە جارێکیتر تەئکیدی بکاتەوە.

بەڵام لە قالبی هەرەمی ئاساییدا، وەك جۆرەکانی دیکەی وتار (سەروتار، ستوونی ڕۆژنامەنووسی، وتاری شیکاری)، وتاری ڕەخنەییش لەسێ بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم/ پێشەکی یا سەرەتا کە لەم ڕەگەزانە پێکدێت:

١-کێشە یا ئەو بیرۆکە گرنگەی کارە زانستی، هونەری یا ئەدەبیە کە دەیهێنێتەئارا.

٢-ڕەگەزی نوێ لەبەرهەمە نوێکەدا.

٣-ڕادەی هەڵکردنی جەماوەر لەگەڵ بەرهەمەکەدا.

بەشی دووەم/ ناوەرۆك یا جەستە

١-خستنەڕووی بابەتی کارە هونەری، زانستی یا ئەدەبیەکە.

٢-پێشکەشکردنی زانیاری زیاتری لایەنە شاراوەکان یا زانیاری مێژوویی کارەکەو بەشداربووانیش.

٣-راڤەکردنو شیکردنەوەی دوورابیەکانی کارەکە (بابەتەکە).

٤-بەراوردکردن لەنێوان ئەم کارە (بەرهەم)و کاری دیکەی لەمجۆرە.

بەشی سێیەم/

١-دوا هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە.

٢-بانگهێشتکردنی خوێنەر بۆ بەدواداچوونو بینینو بیستنی بەرهەمەکە یا دوورکەوتنەوە لێی.



## پەراوێزی بەشی چوارەم

١- د. اسماعيل ابراهيم_فن المقال الصحفي: الاسس النظرية والتطبيقات العملية_دار الفجر للنشر_القاهرة_الطبعة الاولى_٢٠٠١- ل٣٠

٢-The new encyclopedia britania_london_1974_ل٦٣

٣- الفنون الصحفية- د. قيس الياسرى، د.سؤدد القادرى، يونس الشكرجى - دار الحكمة للطباعةو النشر-بغداد_ ل٦٠

٤-د. صلاح قبضايا- تحرير و اخراج الصحف- سەرچاوەیەکی پێشووە ل٦٠،

٥- د. اسماعيل ابراهيم_فن المقال الصحفي_سەرچاوەیەکی پێشووە_ل٦٥

٦-جلال الدين الحمامصي_ الصحيفة المثالية_ دار المعارف_ القاهرة_١٩٧٢_ل٢٠٣

٧-د. صلاح قبضايا_تحرير واخراج الصحف_سەرچاوەیەکی پێشووە_ل١٦٦

٨_ د. اسماعيل ابراهيم_فن المقال الصحفي_ سەرچاوەیەکی پێشووە_ل٣٠

٩- د. قيس الياسرى، سؤدد القادري، يونيس الشكرجي_ الفنون الصحفية_ سەرچاوەیەکی پێشووە_ بغداد_ل٦٠

١٠- د. اسماعيل ابراهيم_فن المقال الصحفي_ سەرچاوەیەکی پێشووە_ل٨١

١١- د. صلاح قبضايا_تحرير واخراج الصحف_سەرچاوەیەکی پێشووە_ل١٧١

١٢-رۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٤٧٦

١٣- د. صلاح قبضايا_تحرير واخراج الصحف_سەرچاوەیەکی پێشووە_ل١٨٢

١٤-د.عبداللطيف حمزة_ المدخل الى فن التحرير الصحفي_سەرچاوەیەکی پێشووە_ل٣٠٨

١٥-د.محمود فهمي_فن تحرير الصحف الكبرى_القاهرة_١٩٨٢_ل٢٠٢

١٦-د.محمود شريف_فن المقالة الادبية والموضوعية والصحفية_دار العروبة_الكويت_ل١٥٩

١٧-جلال الدين الحمامصي_ الصحيفة المثالية_سەرچاوەیەکی پێشووە_ل٢١٦

١٨- د. اسماعيل ابراهيم_فن المقال الصحفي_ سەرچاوەیەکی پێشووە_ل١٤٥

١٩-هەمان سەرچاوەی پێشوو_ل١٤٤

٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو_ل١٥٦

٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو_ل١٥٢

٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو_ل١٩٩

## هەندێ خەسڵەتی  ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو

گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە مایەی سەرکەوتنی ڕۆژنامەنووس لەکاری ڕۆژانەی و ئەو پیشە سەرەڕۆییەی هەڵیبژاردووە، بریتی یە لە خەسڵەتەکانی خۆی لە ڕووی دەروونی، شێوەی، ڕەفتاری و تەنانەت پەیوەندی و ئاکارە گشتیەکانیشی. ئەگەر ڕۆژنامەنووس ڕەچاوی هەریەك لەو خاڵانە بکات کە پەیوەندیی بە خۆیەوە هەیە، ئەوا بێگومان کەسایەتیەکی شایستە بەو پیشەیەی کە مومارەسەی دەکات، بۆ خۆی دابین دەکات و لەلایەنێکی هەرە گەورەی پیشەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت. لێرەدا هەندێك لەو خەسڵەت و ئامۆژگارییانە دەخەینەڕوو کە ڕۆژنامەنووس بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لە دەرکردنی ڕۆژنامەدا لەڕووی نووسین و داڕشتن و پەیامنێریدا بەشداری دەکەن، پێویستی پێیەتی بۆ سەرکەوتن لەکارەکەیدا.

–سەربەخۆیی و بێلایەنی لەکارەکەیداو نەکەوێتە ژێرباری مەسەلەی دەستکەوتی دارایی و مەعنەویش.

–ئاگاداربوون لە هەواڵ و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژانە.

–خوێندنەوەی بەردەوامی ئەو بابەت و مەسەلانەی گرنگن یاخود خۆی بە گرنگیان دەزانێت.

– بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لە کارەکەیدا هەوڵی بۆ دەدا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.

–پابەندبوون بەڕاستی و سەرجەم لایەنە ئەخلاقیەکانی پیشەکەی.

–خوێنەر بەئاسانی لە کارو بەرهەمەکانی بگات، ئەمەش لەڕێگەی زمانی سادەو ڕەوانەوە دێتەدی.

–دەرخستنی ئەو مەسەلانەی کە زیاتر بەلای خوێنەرەوە گرنگن. لەوەشدا وردو جددی بێت.



–بەلای کەمەوە زمانێکی زیندووی بیانی بزانێت.

–نابێ ڕۆژنامەنووس هەرگیز بە ئاستێکی نزم سەیری خۆی بکات، بە تایبەتیش لەبەرامبەر لێپرسراواندا. لە هەمان کاتدا ناشبێ خۆی لەکەس بە گەورەتر بزانێت، بەڵکو دەبێت پیشەکەی بە گرنگترینیان دابنێت.

–بایەخدان بە جل و بەرگ و پاك و خاوێنی و ڕێکوپێکیی خۆی.

–پێشتر شارەزایی ئەتەکێتی ئەو شوێنانەی هەبێت کە دەیەوێت بۆ هەر مەبەستێك بێت سەردانی بکات.

–شارەزایی تەواوی لەداب و نەریت و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکەی هەبێت.

–شارەزا بێت لە یاساو ڕێساکانی پیشەکەی و مافی بڵاوکردنەوەو مەسەلە یاساییەکانی دیکەی تایبەت بە ڕۆژنامەگەری.

–بابەتیانە بڕوانێتە مەسەلەکان.

–دووبارەبوونەوەی پێوە دیارنەبێت لە کارەکانیدا.

–بەدوای شتی نوێدا بگەڕێت.

–توانای خۆگونجاندنی هەبێت لەگەڵ ئاستە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان، بە هەمان شێوە لەگەڵ بارودۆخەکانیش و لەکاتی کارەکەیدا خۆی بخاتە شوێنی خوێنەریش.

–کاری ڕۆژنامەنووسی کارێکی هەرەوەزی و بە کۆمەڵە بۆیە دەبێ ڕۆژنامەنووس ڕۆحیەتی کاری بە کۆمەڵی هەبێت.

–ڕێکوپێکی لە کارەکانیداو خۆی لە بێ سەروبەری و بەربەڕەڵلایی بەدوور بگرێت.

–خۆ دوور خستن لەهەموو ئەو دەربڕین و هەڵسوکەوتانەی کە خۆدەرخستن و خۆ هەڵکێشانی پێوەدیارە.

## سەرچاوەکان


- جون ماكسويل، جورج أ.كريمسكى_ صناعة الخبر في كواليس الصحف الامريكية_ ، ترجمة احمد محمود_ دار الشروق_٢٠٠٠
- عبدالعزيز شريف_التفسير الاعلامي لادب المقالة_ دار المناهل للطباعة.
- فلاديمير هوديتس_ المرشد في علم الصحافة- منظمة الصحفيين العالمية_١٩٨٧
- صلاح الدين حافظ_احزان حرية الصحافة_مركز الاهرام_ الطبعة الاولى_١٩٩٣_ قليوب_مصر
- عزيز السيد جاسم_مبادىء الصحافة في عالم المتغيرات_ ١٩٨٥_بغداد
- د. قيس الياسرى، سؤدد القادري، يونس الشكرجي_ الفنون الصحفية_ دار الحكمة للطباعة والنشر_ بغداد
- طلعت همام_ مائة سؤال عن التحرير الصحفي_ دار الفران_عمان_١٩٨٤
- خليل صابات_الصحافة رسالة واستعدادوفن وعلم_ القاهرة_دار المعارف
-د. اسماعيل ابراهيم_فن المقال الصحفي: الاسس النظرية والتطبيقات العملية_دار الفجر للنشر_القاهرة_الطبعة الاولى_٢٠٠١
-د. فاروق ابوزيد_فن الكتابة الصحفية_دار المأمون للطباعة والنشر_القاهرة_١٩٨١
-د. عبدالستار جواد_ فن كتابة الاخبار_دار مجدلاوي للنشر_عمان_١٩٩٩
- الدكتور عبداللطيف حمزة _ المدخل في فن التحرير الصحفي – القاهرة
- د.صلاح قبضايا- تحرير واخراج الصحف- القاهرة-١٩٨٥
-فاروق علي عمر_ مفاتيح السلطة الرابعة: كيف تصبح صحفيا في عالم متحول_ بغداد_ ٢٠٠٣





-جاك لول_دليل الصحفي في العالم الثالث_ترجمة كمال رؤوف_القاهرة_١٩٨٨
-د.محمود فهمي_فن تحرير الصحف الكبرى_القاهرة_١٩٨٢
-جلال الدين الحمامصي_ الصحيفة المثالية_ دار المعارف_ القاهرة_١٩٧٢
-د.محمود شريف_فن المقالة الادبية والموضوعية والصحفية_دار العروبة_الكويت

# دوو قسەی پێویست



**کاروان عەلی**

ئەمڕۆ میدیای کوردی زۆر فراوان بووەو تا رادەیەکی باشیش پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە چ لە ئاستی تەکنیک و چ لە ئاستی توانای مرۆییەوە.

پێشکەوتنی میدیای کوردییش بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکێکیان مواکەبەکردنی پێشکەوتنی میدیای جیهانیە، ئەوی تریشیان وشیارتربوونی کوردە کە وای لێکردووە زیاتر هەوڵی خۆگونجاندن بدات لە ئاست پێداویستییەکانی قۆناغەکە.

زۆربەی هەوڵەکان لەم بوارەدا، تەنها بە ئاڕاستەی بەشداریکردنێکی رووکەشیانە بووە، واتا تەنها مەبەست لە هاتنە نێو کاری ڕاگەیاندنەوە بەلای زۆربەمان، ئەوەبووە کە ئامانجەکانی هزرو ناخمان بهێنینە دی کە ڕەنگە ئامانجێکی مادی یا مەعنەوی یا گەیاندنی پەیامێک بووبێت، ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە وەک سەرجەم بوارەکانی گرنگەکانی دیکە، بواری ڕۆژنامەنووسیش بێ ڕێبازێکی زانستیانە گەیشتۆتە ئەمڕۆ، واتا ڕۆژنامەگەریی کوردی بنەمایەکی زانستی نییەو تەنها وەک وەسیلەیەکی سادەو ساکار سەیرکراوەو بەکارهێنراوە بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەست.

لە بواری ڕۆژنامەنووسیشدا بەرهەمی زانستی، کە وەک ڕێبەرێک بەکاربهێنرێت بۆ ئەو کەسانەی ئارەزووی کاری ڕۆژنامەنووسیی دەکەن زۆر کەمە چ وەک ئامادەکردن و نووسین یا تەنانەت وەرگێڕانیش، ئەمەش بەرای ئێمە وایکردووە بەرهەمی



ڕۆژنامەنووسیی نێو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی گەلێک لەو کەسانەی کە دێنە ناو بوارەکەوە یا تەنانەت هەندێک لەوانەش کە دەمێکە لەناو بوارەکەدان، لەڕووی زمان و شێوازی گەیاندنی پەیامەکە بە خوێنەر، کرچ و کاڵیو لاوازی پێوە دیاربێت.

ئەم کتێبەی لەبەر دەستدایە، لە ٢٠٠١/٢/١٠ەوە واتا نزیکەی سێ ساڵە دەستم داوەتێ، ئەگەرچی بەردەوام کارم تێدا نەکردووە بە هۆی سەرقاڵیم بە تایبەتی لە کاتی جەنگی ڕزگارکردنی عیراق کە ئەو کاتە سەرپەرشتیی تیمی ڕاگەیاندنی جەنگیم دەکرد لە ناوچەکانی هەولێرو موسڵ، بەڵام سووربوونم لەسەر ئەوەی هەرچۆنێک بێت کارەکە بە ناوەڕۆکێکی باشەوە تەواو بکەم، وایکرد دواجار بەرهەمەکە بکەوێتە بەردەستەوە بێ ئەوەی پەلەپەلیشی پێوە دیار بێت.

لەم کتێبەدا هەوڵم داوە سەرچاوەی زۆر بەکاربهێنم، سەرچاوەی کۆن و هی نوێش لە بارەی ڕۆژنامەگەرییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی فراوان پشتم بە ئەزموونی ڕۆژنامەنووسیی چەندین ساڵەی خۆم لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەو هی تریشدا بەستووەو وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی بۆ نووسینی ئەم بەرهەمەم بەکارهێناوە، ئەمەشیان بێگومان خاڵێکی گرنگە بۆ زیاتر مەیدانی کردنی ئەم کتێبە.

دواجار دەڵێین هیچ کەس لە هەڵەو کەموکوڕیی بەدوور نییە، ڕەنگە ئەو بەرهەمەش هەڵەو کەموکوڕی تێدا بێت، هەروەک ڕەنگە هەندێ کەس لە نێوەندی ڕۆژنامەنووسیی لەگەڵ هەندێ بۆچوون و تێڕوانینی شەخسیشمدا نەبن کە لە هەندێ بڕگەو بابەتەکانی ئەم بەرهەمە ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام دواجار ئامانجەکەی تەنها دەوڵەمەندکردنی باسەکەیەو هیچی تر.

**٢٠٠٤/٩/٩**

سلێمانی

نرخی (٢٠٠٠) دیناره